خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5643) پێنج شەممە 29ی تشرینی دووەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار

خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان ئومێدیان بە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی هەیە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خانەقین ڕایدەگەیەنێت، خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵوحاڵی خۆیان، ئومێدیان لەسەر سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا هەڵچنیوە.

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی پارتی لە خانەقین بە خەباتی ڕاگەیاند ئومێدێکی زۆر لەسەر سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا هەڵچندراوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، نەک تەنیا کوردەکان، بەڵکو عەرەبە نیشتەجێکانی سنوورەکەش پێبانخۆشە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە و کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی ماددەی 140ی دەستووری عێراق. ئەو بەرپرسەی پارتی نەیشاردەوە کە ئێستا بە پشتیوانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کۆمەڵێک جوتیاری عەرەب دەیانەوێ جارێکی دیکە ئەرز و ئاوی جوتیارە کوردەکان داگیر بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێک چەکدار بە ناوی داعشەوە لە ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە و زوڵم لە خەڵکی سنوورەکە و بەتایبەت کوردەکان دەکەن.

سەرۆک بارزانی ئەجێندای سەردانەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسان خستەڕوو

سەرۆک بارزانی: هیچ هەنگاوێک و هەڵوێستێکی ئێمە لەسەر حیسابی پرەنسیپ و ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستان نابێت

ئێستا پێمانوایە دەرفەتێکی تازە هاتووەتە پێش بۆ هەموو عێراق و کوردستان



دوێنێ چوارشەممە /2018 11/28 سەرۆک مەسعود بارزانی لە پریس کۆنفرانسێکدا ئەنجامی دیدار و سەردانەکانی بۆ بەغدا، نەجەف، ئیمارات و کوێت خستەڕوو. سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: ویستمان بەو سەردانە جارێکی دیکە نییەتی باشی خۆمان دەربڕین، هەروەها هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆمان دووبارە بکەینەوە، چونکە هەمیشە ڕای ئێمە وابووە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی ڕابردوویش لە هەموو قۆناغەکاندا هەمیشە داکۆکیمان لەسەر ئەوە کردووە کە هەموو گرفتەکان لەگەڵ بەغدا دەبێت بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێز لە یەکتری گرتن چارەسەر بکرێن. ئەوە ئێمە نەبووین کە ڕێگەی دیکەمان هەڵبژاردبێت، ئەوە بەغدابوو کە پێشتر هەموو دەرگاکانیان داخستبوو و ڕێگەی دیکەیان هەڵبژارد.

لەبارەی قۆناخی نوێی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، سەرۆک بارزانی ڕای گەیاند: ئێستاش پێمانوایە دەرفەتێکی تازە هاتووەتە پێش بۆ هەموو عێراق و بۆ کوردستان، جەنابی بەڕێز سەید عادل عەبدولمەهدی دۆستێکی دێرینی ئێمەیە، مرۆڤێکە لە کێشەی کورد و کوردستان تێدەگات، لە کوردستان ژیاوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئومێدمان زۆرە بتوانین لەگەڵ ئەو بگەینە چارەسەری زۆرباش بۆ هەموو کێشەکان، پێشمگوت کە ئێمە بەهەموو توانایەکمانەوە پشتیوانیت لێ دەکەین، ئومێدمان وایە لەگەڵ ئەو بگەینە تەفاهوماتێکی باش.

سەرۆک بارزانی ڕاشیگەیاند: لە بەغدا لەگەڵ هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازی کۆبوونەوە، ئەوانەی دۆستی ئێمە بوون، ئەوانەی لە خراپترین قۆناخەکاندا دۆستایەتی خۆیان پاراست و ئەوانەشی هەرچی پێیان کرا دژی ئێمە کردیان، لەگەڵ هەموویان دانیشتین، بەڵام دەمەوێت لێرەدا داکۆکی لەسەر خاڵێک بکەم، هیچ هەنگاوێک و هەڵوێستێکی ئێمە لەسەر حیسابی پرەنسیب و ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستان نابێت.

سەبارەت بە تەوەری گفتوگۆکانی لە بەغدا، بارزانی ڕوونی کردەوە: باسی هەموو گرفتەکانمان کرد، بەتایبەتی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئێمە گەیشتووینە تەفاهوماتێکی باش کە بە دیالۆگ و بەپێی دەستوور و مادەی 140 ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، بەڵام هێشتا حکوومەت بە تەواوەتی دانەمەزراوە، ئەمە پرسێکیش نییە من نامەوێت تەوەقوعاتی خەڵکی کوردستان زۆر بەرز بکەمەوە بڵێم هەموو شتێک تەواو دەبێت، ڕەنگە کاتی بوێت، منیش لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکە چاوەڕوانی ئەوەین، پێویستە بە کردار ئەنجامەکەی ببینین. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە پێیەوە پابەندە دەبین، کە بە هەموو شێوەیەک هاوکار دەبین بۆ چارەسەری گرفتەکان. پێمواییە لە بەغداش هەموو لایەنەکان دوای ئەو ئەزموونە گەورەیەی کە بەسەر هەموو لایەکدا هات، تێگەیشتوون کە جگە لە دیالۆگ ناتوانن هیچ کێشەیەکی دیکە چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوە تارادەیەک گەشبینم، مرۆڤیش هەمیشە گەشبین بێت باشترە لەوەی ڕەشبین بێت، بەڵام دیسان جارێکی دیکەش من نامەوێت هیچ بەڵێنێک بدەم یان تەوەقوعاتی خەڵکی خۆمان بەرز بکەمەوە، بەڵام بەجیدی هەوڵی جیدی دەدەین بۆ ئەوەی لەڕووی ئابووریی و سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە چارەسەری کێشەکان بکەین، ئومێدەوارین بەشێوەیەک بێت کە خێری هەموو لایەکی تێدابێت.

دەقەکەی لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

خەسرۆ گۆران: بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ئامادەین

دوای ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردووەدا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە کارا کرایەوە، بڕیارە کار بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکات. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتییش دەڵێت، ئامادەین بۆ هەڵبژاردنەکە و لەگەڵ ئەوەداین پرۆسەکە لە ساڵی نوێدا بەڕێوە بچێت. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، ڕایگەیاند: پارتی لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدایە ئەگەر لە ساڵی داهاتوودا بەڕێوەبچێت، بەڵام هێشتا پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەبارەی ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە نەداوە، کە بۆچوونێک هەیە لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، ئێمەیش پێشبینی دەکەین هەڵبژاردنەکە بۆ کاتێکی دیکە دوا بخرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا کورسیی بەرچاوی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووەدا بە دەستهێناوە و ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکات لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا کورسیی زیاتر بەدەست بێنێت.

لەوبارەیەوە، خەسرۆ گۆران بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەرچەندە دەنگدەری ئێمە لە ماوەکانی ڕابردووەدا بەشداریی لە سێ پرۆسەی هەڵبژاردندا کردووە و هەندێک ماندووە، چونکە ریفراندۆمی سەربەخۆیی و هەڵبژاردنی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق و 30ی ئەیلوولی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ هەڵبژاردنی دیکە ئامادەین.



پەیوەست بە شاری کەرکووکیش، خەسرۆ گۆران ڕوونیکردەوە: لە ساڵی 2005 بە دواوە هیچ هەڵبژاردنێک بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجام نەدراوە، بەڵام بەو داگیرکارییەی ئێستا، ڕەوشی کەرکووک بە هیچ شێوەیەک لەبار نییە بۆ هەڵبژاردن، چونکە دوای 16ی ئۆکتۆبەر گۆڕانکاری ڕوویداوە لە پارێزگای کەرکووک، لەبەر ئەوە پێویستە سەرەتا ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا هەڵبژاردن تێیدا ئەنجامبدرێت

هێزەر ناوێرت: ئەمەریکا پشتگیریی لە گفتوگۆی بنیاتنەرانەی هەولێر و بەغدا دەکات



هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ڕایگەیاند، ئەوان هەمیشە لەگەڵ ئەوەن کە هەولێر و بەغدا بەردەوام کۆبنەوە و گفتوگۆی بنیاتنەرانە ئەنجامبدەن.

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کەرکووکیش لە ڕێگای کوردستانەوە، ناوێرت بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاندووە: بەو ڕێگایە عێراق دەتوانێ ببێتە یاریزانێکی گرنگتری بازاڕی نەوتی جیهان. هێزەر ناوێرت گوتیشی: بەپێی زانیارییەکانم ئێمە ڕوڵمان نەبوو لەو گفتوگۆیانە، بەڵام ئێمە هەمیشە هانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق دەدەین بۆ ئەوەی کۆبنەوە و گفتوگۆ بکەن و داوایان لێدەکەین گفتوگۆی بنیاتنەرانە ئەنجامبدەن. جەختیکردەوە: لە ڕاستیدا پێمانوایە کە عێراق دەتوانێ ببێتە یاریزانێکی گرنگتر لە بازاڕی نەوتی جیهانی و ئەمەش خاڵێکە ئێمە چاودێری دەکەین، سەبارەت بە داتا و ئاستی هەناردەکردنیش، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و پەیوەندی بە حکوومەتی عێراقەوە هەیە.

نەجمەدین کەریم: کەس نازانێ ئێستا کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات



2

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات، بارودۆخی کەرکووک لە خراپترین ئاستدایە و کەس نازانێت کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات، دەشڵێت: لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پرۆسەی تەعریبکردن دەستیپێکردووەتەوە و ژمارەیەکی زۆر عەرەب هێندراونەتە کەرکووک و نیشتەجێکراون. ڕێژەی تاوان لە کەرکووک زیادیان کردووە و شانە نووستووەکانی داعشیش چالاک بوونەتەوە.

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە: ڕەوشی کەرکووک زۆر خراپە، لە ڕاستیدا ئێستا ڕەوشی کەرکووک لە خراپترین ئاستدایە لە دوای ساڵی 2003 لەبەر ئەوەی سەرەوەری یاسا نییە. لەبارەی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک و فراوانبوونی هەڕەشەی ئەو گرووپە لەسەر شارەکە، پارێزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، کە بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکانی حەویجە و باشووری کەرکووک لەگەڵ داعشدا بوون و ئاشکراشی دەکات لە هەندێ لەو ناوچانە داعش بە شەو ئەو ناوچانە کۆنترۆڵکردووە.

لەوبارەوە نەجمەدین کەریم گوتی: هۆکارەکە ئەوەیە کە کەس نازانێت کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات، حەشدی شەعبی کۆکراوەی هەموو هێزە جیاوازەکانە، بەڵام لەنێو ئەو هێزە چەندین هێزی جیاواز هەن و هەر یەکەشیان بە ئاڕەزووی خۆیان دەجوڵێنەوە و گوێ لە کەس ناگرن و ڕێژەی تاوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بێجگە لەوەش چالاکبوونەوەی داعشە لەو ناوچەیە، بە هۆی ئەوەیە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ داعش بوون و شانەی نووستوو بوون و ئێستا چالاکبوونەتەوە، بە شەوانیش هەندێ لەو ناوچانە وەکو داقوق و دوبس لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.

زیاتر لە لاپەڕە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی لیستی برایەتی: باشترین چارەسەر بۆ دۆخی کەرکووک گەڕانەوەی پێشمەرگەیە

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی چین کۆبۆوە



2

فازڵ نەبی: حکوومەتی عێراق چەندین گۆڕانکاری لە پرۆژەیاسای بوودجەدا کردووە



2

نەجمەدین کەریم: کەس نازانێ ئێستا کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات

بە شەوان داقوق و دوبس لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان




نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات، بارودۆخی کەرکووک لە خراپترین ئاستدایە و کەس نازانێت کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات، دەشڵێت: لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە پرۆسەی تەعریبکردن دەستپێکردووەتەوە و ژمارەیەکی زۆر عەرەب هێندراونەتە کەرکووک و نیشتەجێکراون. ڕێژەی تاوان لە کەرکووک زیادیان کردووە و شانە نوستووەکانی داعشیش چالاک بوونەتەوە.

نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە: ڕەوشی کەرکووک زۆر خراپە، لە ڕاستیدا نێستا ڕەوشی کەرکووک لە خراپترین ئاستدایە لە دوای ساڵی 2003 لەبەر ئەوەی سەرەوەری یاسا نییە. لەبارەی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک و فراوانبوونی هەڕەشەی ئەو گرووپە لەسەر شارەکە، پارێزگاری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، کە بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکانی حەویجە و باشووری کەرکووک لەگەڵ داعشدا بوون و ئاشکراشی دەکات لە هەندێ لەو ناوچانەی داعش بە شەو ئەو ناوچانە کۆنترۆڵکردووە.

لەوبارەوە نەجمەدین کەریم گوتی: هۆکارەکە ئەوەیە کە کەس نازانێت کێ کەرکووک بەڕێوەدەبات، حەشدی شەعبی کۆنترۆڵی هەموو هێزە جیاوازەکانە، بەڵام لەنێو ئەو هێزە چەندین هێزی جیاواز هەن و هەر یەکەشیان بە ئاڕەزووی خۆیان دەجوڵێنەوە و گوێ لە کەس ناگرن و ڕێژەی تاوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بێجگە لەوەش چالاکبوونەوەی داعشە لەو ناوچەیە، بە هۆی ئەوەیە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ داعش بوون و شانەی نوستوو بوون و نێستا چالاکبوونەتەوە، بە شەوانیش هەندێ لەو ناوچانە وەکو داقوق و دوبس لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.

نەجمەدین کەریم سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک بە بۆڕی کوردستان بۆ تورکیا و ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، گوتی: گرنگە کەرکووکییەکان بۆچوونیان هەبێت لەسەر ئەوەی کێ کار لە نەوتەکەیان دەکات و بەشێک لە داهاتەکەشی بگاتە دەست کەرکووک کە لە ساڵی 2013وە بەغدا هیچ شتێکی لە داهاتی نەوتی نەداوەتە کەرکووک. ئەو بەرهەمە کەمەشی کە ئێستا باسی لێوە دەکرێت لە ڕاستیدا تەنیا لە 20%ی توانای ڕاستەقینەی نەوتی کەرکووکە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی بەغدا نایەوێت کەرکووک بەرهەمی تەواوی خۆی هەناردە بکات لەبەر ئەوەی بۆربیە نەوتییەکان لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە دروستکراون. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووشەوە کە هەناردەی نەوتی کەرکووک ڕاگیرا، حکوومەتی عێراق 8 ملیار دۆلار زیانی پێگەیشتووە.



فوئاد حوسێن لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆمیتۆمۆ بۆریشن کۆبۆوە

دوێنێ چوارشەمە د.فوئاد حوسێن جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا، پێشوازی لە تاکیشی ئۆکۆماتۆ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای سۆمیتۆمۆ بۆریشن و شینسۆکی فۆجیمۆتۆ بەڕێوەبەری جێبەجێکار وئۆپەراسیۆنی کۆمپانیا کرد.

لەم دیدارەدا شاندی میوان کورتە باسێکی لە بارەی سرووشتی کاری کۆمپانیاکەیان پێشکەشکرد کە لە ساڵی 1960ەوە دەستیبەکار کردووە و چەندین بەرهەمی گرنگی خستووەتە نێو بازاڕی عێراق بەتایبەتی لە ڕووی بەرهەمی کانزایی و هۆکارەکانی گواستنەوە و بینا و ژێرخان و کەلوپەل و ئامێرەکانی وزە، ئەمە جگە لە پاڵپشتیکردنی کەرتی تەندروستی و ژینگە و فێرکردن.

د.فوئاد دووپاتیکردەوە کە هاوواڵاتیبانی عێراق هەمیشە متمانەیان بە بەرهەمی ژاپۆن هەیە بەتایبەتی لە بواری دروستکردنی ئۆتۆمبێل و مەکینە و ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد حکوومەت هەوڵی دیراسەتکردنی ئۆفەرەکانی ئەم کۆمپانیایە دەکات و کار بۆ ڕەخساندنی هاوکاری دەکات لە نێوان ئەو کۆمپانیایە و هەموو وەزارەتەکانی عێراق.

سەرۆکی لیستی برایەتی: باشترین چارەسەر بۆ دۆخی کەرکووک گەڕانەوەی پێشمەرگەیە



سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە پێکهاتەکانی کەرکووک ناتوانن پارێزگاری لە کەرکووک بکەن و باشترین چارەسەر بۆ دۆخی کەرکووک گەڕانەوەی پێشمەرگەیە.

محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند ئەگەر هێزێک لە پێکهاتەکانی کەرکووک بۆ کەرکووک دروست بکرێت، پێم وا نییە ئەو هێزە بتوانێت پارێزگاری لە کەرکووک بکات، چونکە هەر هێزێک دروست بکرێت، ئەوا دەبێت هەموو ئامرازێکی سەربازی بۆ فەراهەم بکرێت و پڕ چەک بکرێ و ڕاهێنانی پێ بکرێت و کۆمەڵێک پێداویستیی دیکە هەیە بۆ یەکەکانی سەربازی کە ئەگەر نەیبێت، سەرکەوتوو نابێت، ئەم قۆناخە باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە پێشمەرگە و سوپای عێراق هاوشێوەی ساڵی2014 بگەڕێنەوە سنووری کەرکووک و لەناو شاریش دۆسیەیەی ئەمنی ڕادەستی پۆلیسی خۆجێیی و ئاسایش بکرێتەوە.

ئاماژەی بەوەش کرد هاوشێوەی پێش 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، ئەمەیان باشترین چارەسەرە، پاشان دەکرێ لە پاڵ ئەوەوە هێزێک لە پێکهاتەکان پێکبهێنرێت و دەکرێ لەناو پێشمەرگە یاخود سوپای عێراقیش هێزێکی لەو چەشنە پێکبهێنرێت و پێشمەرگەی کوردستانیش بەشێکی زۆری خەڵکی کەرکووکی تێدایە و دەتواندرێت تورکمان و عەرەبی زیاتریش بکرێنە پێشمەرگە .محەمەد کەمال ڕاشیگەیاند لەم قۆناخەدا، پێکهێنانی هەر هێزێک بێ گەڕانەوەی پێشمەرگە دۆخی ئەمنی باش ناکات و لەسەرووی ئەمانەشەوە پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و ئەمەیان گرنگە، ئەوکاتە دەتوانرێ دۆخی ئەمنیش بەرەو باشی ببرێت.

لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2014 ڕابردووەوە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار کرد و لەو کاتەوە بارودۆخی ئەمنی لە سنووری پارێزگاکە تێکچووە و ئێستاش پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش بۆ پێکهاتەکان وەک پێشنیار خراوەتەڕوو، بەڵام وەک چاودێرانی دۆخی کەرکووک ئاماژەی بۆ دەکەن کە پێکهێنانی ئەو هێزە خراپیی دۆخی ئەمنی کەرکووک چارەسەر ناکات و تاکە چارەسەر بۆ دۆخی ئەمنیی کەرکووک گەڕانەوەی پێشمەرگە و ئاسایشە بۆ شارەکە، هەروەها دۆسیەیەی ئەمنی کەرکووک ڕادەستی پۆلیسی خۆجێیی شارەکە بکرێت.

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی چین کۆبۆوە

پێداچوونەوە بە شێوازی پێدانی قیزای چین بۆ هاووڵاتیبانی کوردستان و عێراق دەکرێت



شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ (لیجۆن) جێگری وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی چینی کۆبۆوە. سەرلەبەیانی دوێنێ /2018 11/28 لە شاری پەکینی پایتەختی وڵاتی چین شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتی هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە یاوەری شاندی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، سەردانی بارەگای سەرەکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی چینی کرد.

لە لایەن جانغ جیانوی، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقیا لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی چینی پێشوازیان لێکرا. لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا جانغ جیانوی تیشکی خستەسەر پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی چین و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی عێراق. دواتر شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی هیوا ئەحمەد مستەفا، سەرۆکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، تیشکی خستەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و حزبی شیوعی چین و سوپاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی چین و وەزارەتی دەرەوەی کرد بۆ پێشوازیکردن و گرینگیدان بە پەیوەندی نێوان هەردوولا و داوای لە جێگری وەزیری دەرەوەی حزبی شیوعی چینی کرد ئاستی پەیوەندییەکانی پارتی و حزبی شیوعی چین بۆ ئاستی بەرزتر هەنگاو بنێت، بانگهێشتنامەیەکی فەرمیشی ئاڕاستەی لیجۆن کرد، بۆ سەردانیکردنی هەرێمی کوردستان، جێگری وەزیری دەرەوەش بەڵێنیدا لە ساڵی داهاتوو ئەم داواکارییە جێبەجێبکات.

جێگای ئاماژەپێدانە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلە 2018/11/21 بە فەرمی بە سەرۆکایەتی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمی حزبی چینی ،سەردانی وڵاتی چین یان کرد و بەشداری کۆنگرەی (أصلاح و النفتاح) کەرد، ڕۆڵی مێژوویی پەیوەندییەکانی هەردوولای بەرزنرخاند. هاوکات هیواشی خواست ئاستی وەبەرهێنان لە بواره جیاجیاکان پەرەی پێبدرێت و پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی چین و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق بەهێزتر بێت. لە تەوەرێکی تردا لەسەر پێشنیاری شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لیجۆن بەڵێنیدا پێداچوونەوە بەشێوازی پێدانی قیزا بۆ هاووڵاتیبانی کوردستان و عێراق بکرێت.

لە وتەیەکدا هیوا ئەحمەد یاوەری شاندی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە لایەن لیجۆن، جێگری وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی شیوعی پێشوازیان لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە پەیوەندییە دووقۆلییەکانی نێوان وڵاتی چین و عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، تیشکی خستە سەر دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان لە جیهان بە گشتی، عێراق بەتایبەتی. پیرۆزبایی پێکهێنانی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی بەرێکاری پێشووی وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق لە دەڵێت، وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق بە پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا چووەتەوە و چەندین گۆڕانکاری تێدا کردوون کە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانن.

پێدانی مووچەی پێشمەرگە و پرچەککردن و دابینکردنی پێداویستیی سەربازی و نەهێشتنی نەفەقاتی زیادەی سیادی و هەندێک نەفەقاتی دیکە و گۆڕینی پارێزگاکان بۆ ناوی هەرێمی کوردستان و ئێستا تەنها لەسەر ڕێژەی پشکی هەرێم ماوە بگەنە ڕێککەوتن. د.فازڵ نەبی، بەرێکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتوبەتی: لە پرۆژەیاسای بودجەدا هاتووە کە پێویستە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، لە ماددەیەکی دیکەشدا باس لەوە دەکرێت هەموو داهاتەکە ڕادەستی بەغدا بکرێت، بەڵام هێشتا ڕێککەوتنی لەسەر نەکراوە و ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە، ئەوەی ڕوونە هەرێم پێویستە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات. وەک د. فازل نەبی باسی دەکات، وەزارەتی دارایی حکوومەتی عێراق چەندین گۆڕانکاری لە ڕەشنووسی بودجەدا کردووە کە پێشتر حکوومەتی عێراق ئامادەی کردووە و لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندان، ئەوانیش نەهێشتنی نەفەقاتی زیادەی سیادی و هەندێک نەفەقاتی دیکە هەڵگیراون و ناوی پاریزگاکانی هەرێم بۆ هەرێم گۆڕدراوە و بۆ پێشمەرگەش لە جیاتی تەنها مووچە، باسی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی سەربازیشی بۆ زیادکراوە، گوتیشی: ئەوەی ماوە تەنها ڕێژەی 17%یە لەسەری بگەنە ڕێککەوتن، ئەمەش وەزارەتی دارایی خۆی ئەنجامی داوە، چونکە خاڵی نایاسایی بوون لە بودجەدا. فازڵ نەبی پێیوایە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو ڕێگای لەبەردەمدا هەیە بە بەژداری نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداریان کرد ، لە ڕۆژانی ئاسایی شاری شەنگەهای بە بەشداری ئاستبەرزی دیبلۆماسی وڵاتی چین، کۆنگرەکە بەڕێوەچوو، لە بەلاغی کۆتایی کۆنگرەکە تیشک خراوەتە سەر پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی چینی و لایەنە بەشداربووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دواتر لە ڕۆژانیەی مانگ لە شاری شەنگەهای درێژە بە کۆبوونەوەکان درا و شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانیش چەندین کۆبوونەوەی دووقۆلی لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکان بەتایبەتی حزبی شیوعی چینی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕووی چەسپاندنی ئاشتی و دیموکراسی و یاسا تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکان بوون لە ئێستاشدا شانەکە بەردەوامە لە دیدار و کۆبوونەوەکانی.

فازڵ نەبی: حکوومەتی عێراق چەندین گۆڕانکاری لە پڕۆژەیاسای بوودجەدا کردووە



سەبارەت بە بودجە، ئەوانیش هەرێمی کوردستان لەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و بەوشێوەیە بەردەوام بێت، یاخود ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکات بەو مەرجەی پشکی هەرێمی کوردستان بکرێتە 17%، لەبەر ئەوەی ئەگەر کەمتر بێت، سوودی بۆ هەرێم نابێت و ئەگەرنا ناتوانێت مووچە و دانەوەی قەرز و کاروباری هەرێمی پێ جێبەجێبکات.

لە بازگەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی داوای گۆڕینی ئایین لە ئافرەتانی مەسیحی دەکرێت

پەرلەمانتاریکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایکرد ئافرەتانی مەسیحی لە بازگەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سووکایەتییان پێدەکرێت و داوای گۆڕینی ئایینیان لێ دەکرێت. وەحیدە یاقۆ، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئافرەتانی مەسیحی کاتێک لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە دەچن بۆ پارێزگای نەینەوا و دەشتی نەینەوا، لە لایەن حەشدی شەعبییەوە بە هۆی سەروسیما و جلوبەرگیانەوە دەناسرێنەوە و داوای ناسنامەیان لێدەکرێت. گوتیشی: ئەو ئافرەتە مەسیحییانە سووکایەتییان پێدەکرێت و ڕەفتاری ناشایستەیان بەرانبەر ئەنجامدەدرێت. ڕوونیشیکردەوە کە بەشێک لەو ئافرەتانەی سووکایەتییان پێکراوە، پێیان ڕاگەیاندوون کە بە هۆی بازگەکانی حەشدی شەعبییەوە ڕووبەڕووی زەحمەتییەکی زۆر دەبنەوە و تەنانەت لەو بازگانە داوای گۆڕینی ئایینیشیان لێ دەکرێت. وەحیدە یاقۆ داوای کرد کە بازگەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەکە نەمێنێت و پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەرجەم ناوچەکانی مەسیحینشین لە دەشتی نەینەوا بگەڕێتەوە، چونکە ئێستا تەلسقۆف لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دایە و ئافرەتانی مەسیحیش هەم دڵخۆش و هەم ڕێزلێگیراون، تەنانەت لەبەر بەرقەراربوونی ئاسایش لە تەلسقۆف، شارەکە بووەتە بنکەیەکی گرنگی مەسیحییەکانی ناوچەکە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/29 ژمارە (5643)
خەبات

سەرۆک بارزانی ئەجێندای سەردانەکەی بۆ رۆژنامەنووسان خستەڕوو

سەرۆک بارزانی: سازش لەسەر کوردستانییوونی کەرکووک ناکەین

چووم بۆ بەغدا تا نیەتباشی و هەڵوێستی باشی خۆمان نیشان بدەین

هەمیشە داوامانکردووە کێشەکان لەگەڵ بەغدا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت

لەم چوار ساڵەی داهاتوودا دەبێ دەستوور تەواو ببێت و ببین بە خاوەنی دەستووریکی ڕێک

داعش تەواو نەبووە و بە ئاسانیش تەواو نابێت

نامەوێ هیچ بەڵێنێک بدەم، بەڵام هەوڵی جددی دەدەین بۆ ئەوەی گرفتەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە چارەسەر بکرێن





دوێنێ چوارشەممە 2018/11/28 سەرۆک مەسعود بارزانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئەنجامی دیدار و سەردانەکانی بۆ بەغدا، نەجەف، ئیمارات و کوێت خستەڕوو. سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: ویستمان بەو سەردانە جارێکی دیکە نییەتی باشی خۆمان دەربڕین، هەروەها هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆمان دووبارە بکەینەوە، چونکە هەمیشە ڕای ئێمە وابووە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی ڕابردوویش لە هەموو قۆناغەکاندا هەمیشە داکۆکیمان لەسەر ئەوە کردووە کە هەموو گرفتەکان لەگەڵ بەغدا دەبێت بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێز لە یەکتری گرتن چارەسەر بکرێن. ئەوە ئێمە نەبووین کە ڕێگەی دیکەمان هەڵبژاردبێت، ئەوە بەغدابوو کە پێشتر هەموو دەرگاکانیان داخستبوو و ڕێگەی دیکەیان هەڵبژارد.

دەقی وتەکانی سەرۆک بارزانی:

سەرۆک بارزانی: لەبارەی سەردانەکەمان بۆ بەغدا، ئێمە هەمیشە داوامانکردووە کێشەکان لەگەڵ بەغدا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، پێشتریش بەغدا بوو کە لە قۆناغەکانی رابردوو هەموو دەرگاکانیان داخستبوو و بڕاردەی دیکەیان هەڵبژارد.

پێمانوایە دەرفەتێکی تازە هاتووەتە پێش بۆ هەموو عێراق و کوردستان. بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دۆستی دێرینی ئێمەیە و لە کێشەی کورد و کوردستان تێدەگات، لە کوردستان ژیاوە. بۆیە ئومێدمان زۆرە لەگەڵ ئەودا بگەینە چارەسەری زۆر باش بۆ هەموو کێشەکان. پێم گوت بە هەموو توانایەکەوە پشتیوانیت لێ دەکەین. ئومێدمان وایە لەگەڵ ئەو بگەینە لێکتێگەیشتنێکی باش.

چووم بۆ بەغدا تا نیەتباشی و هەڵوێستی باشی خۆمان نیشان بدەین. لەگەڵ هەموو لایەنەکە کۆبوونەوە ئەوانەی کە دۆستمان بوون و ئەوانەی لە خراپترین خاڵیشدا لەگەڵماندا مانەوە، ئەوانەشی کە هەرچی پێیان کرا لەگەڵماندا کردیان.

بۆیە من لێرە دەمەوێ داکۆکیی لە خاڵێک بکەم، هیچ هەنگاو و هەڵوێستێکی ئێمە، لەسەر حیسابی مەبادئ و ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستان نابێت. باسی هەموو گرفتەکانمان کرد، بەتایبەتی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. گەیشتوویتە لێکتێگەیشتنێکی باش کە بە دیالۆگ و دەستوور و ماددەی 140 ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، بەڵام هێشتا حکوومەت بە تەواوی دانەمەزراوە. من نامەوێ پێشبینیی خەڵکی کوردستان زۆر بەرز بکەوە و بڵێم هەموو شتێک چارەسەر دەبێت، ڕەنگە کاتی بوێت، منیش لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکە چاوەڕوانی ئەوەین و پێویستە بە کردار ئەوە ببینین، ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هەموو شێوەیەک هاوکار دەبین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

دوای ئەو ئەزموونە گەورەی بەسەر هەموو لایەکدا هات، لە بەغداش تێگەیشتن کە دەبێ بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێت.

بۆیە تارادەیەک من گەیشبینم، مرۆژ بەردەوام گەشبین بێت باشترە لەوەی ڕەشبین بێت، بەڵام نامەوێ هیچ بەڵێنێک بدەم، بەڵام هەوڵی جددی دەدەین بۆ ئەوەی گرفتەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە چارەسەر بکرێن.

لە دوای بەغدا، چوومە نەجەف و سەید موقتەدام بینی، ئەویش زۆر کراوە و ئیجابی بوو، پاشان چووین بۆ ئیمارات و کوێت، لەوێ ئەو سەفەرەی ئێمەیان بۆ بەغدا زۆر پێ خۆش بوو، ئامادەیی خۆیان پیشان دا کە دەورێکی ئەرێنییان دەبێ بۆ هاوکاریی هەموو عێراق و کوردستان، بۆ ئاوەدانکردنەوە و چارەسەری کێشەکان. پەیوەندییەکی دێرینمان هەیە لەگەڵ کوێت و ئیمارات و وڵاتانی دیکە، بەڵام ئەمجارە هەر ئەوەندە دەرفەت هەبوو کە سەردانی ئەم وڵاتانە بکەین.

وەڵامی سەرۆک بارزانی بۆ پرسیاری ڕۆژنامەنووسان:

لەبارەی دەستوور ڕاستە ئەمە نەقسێکی گەورەیە و نەقسێکی گەورە بوو کە کاتی خۆی نەخرایە بەردەم دەنگدان، هەڵەیەکی گەورە کرا. بە دڵنیاییەوە لەم چوار ساڵەی داهاتوو دەبێت دەستوور تەواو ببێت و ببین بە خاوەنی دەستووریکی ڕێک. دەبێ کەرکووک ببێتە نموونەی پێکەوەژیان، بەڵام لەسەر ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکووک موساوەمە ناکەین.

ناوچەکانی دیکەش بەپێی ماددەی 140 قۆناغەکانی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسییە، هەر ئالیەتێک بدۆزرێتەوە کە حەقیقەتی دۆخەکە بپارێزرێت و مافی خەڵکەکە پارێزراو بێت، ئێمە دژی نابین. لەگەڵ سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی دیکە و نوێنەرانی ناوچە ئازادکراوەکان لە ژێردەستی داعش لە پەرلەمان گفتوگۆیەکی درێژ کرا. چەندین هۆکار هەبوون، نەبوونی خزمەتگوزاری، ڕەوشی ئەمنی هێشتا سەقامگیر نییە. کوردستان کراوەیە، بەڵام چارەسەر ئەوەیە کە دەبێ بگەڕێنەوە ناوچەکانیان. ئێمە هاوکار دەبین لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی تاوەکوو بە زووترین کات بگەڕێنەوە.

چوونی من بۆ بەغدا بۆ ئەوە بوو کە ئەو دیوارە دەروونییەی دروست بووە، بشکێنین. دۆخێکی ناخۆش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبوو، ئێمە دەمانەویست جەخت بکەینەوە کە ئاشتیخوازین و بە نیازێکی پاک هاتووین و بابەتی دیالۆگ چارەسەر بکەین. ئێمە تونەوتیژیمان هەڵنەبژارد، بەڵکوو بەرگریمان لە خۆمان کردبوو.

بە سوپاسەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێمان کرد و ئیستجابەیەکی زۆر هەبوو، کاتێک نییەتی جددی هەبێت، هیچ کێشەیەک نییە چارەسەر نەبێت. ئێمە ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندمان لە دوای 2003وە هەیە و چارەسەر هەر ئەوەیە کە بە لێکتێگەیشتن کێشەکان چارەسەر بکەین. کێشەکان زۆرن و من نامەوێ پێشبینیی خەڵکی خۆمان بڵند بکەم، بەڵام دەبێ تەماشا بکەین و من ئەو نییەتەم بینی کە دەکرێ کێشەکان زۆر چارەسەر بکەین.

بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم گفتوگۆ بەردەوامن و کەی کەسێک ڕاسپێردرا، ئەوکاتە دەزانن.

ئەو باسە کراوە کە دەستپێشخەرییەک بکەین، دیراسەی دەکەین و ئەگەر بزانم سەرکەوتوو دەبێ و ئەنجامی دەبێ، لاریم لێی نییە و تا دڵنیا نەبم کە سەردەکەوێت، لە ڕووی کردارییەوە هیچ هەنگاوێک نانێم.

قەت پێشبینی ناکەم کە عەبدولمەهدی بڕیارێکی هاوشێوەی ئەوانەی پێش خۆی بدات، وەک بودجە بڕین و داخستنی فرۆکەخانەکان، ئەگەر شتێکی وا ڕووبدا، مانای وایە کە کۆتایی بە هەموو شتێک دێت، هیوادارم دووبارە نەبێتەوە چونکە ئەویش سەری نەگرت، بۆیە ئەمجارە هەتا ڕادەیەک دڵنیام ناڵێم 100% چونکە ئەوانیش بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند تێپەڕین.

باوەڕ ناکەم شەخسی عەبدولمەهدی بیەوێ خەڵکی کوردستان لە ژیانێکی زەحمەتدا بن، لەوانەیە بیەوێت بەختەوەر بن. من ئەگەر نەمزانیبا کەسێکی وا لە بەغدایە، لەوانەیە نەچوومایە بۆ بەغدا. ڕەنگە خۆی حەز بکات زۆر شتیش بکات، بەڵام ڕەنگە ئێستا بواری ئەوە نەبێت.

بەداخەوە داعش تەواو نەبووە و بە ئاسانیش تەواو نابێت، داعش بۆ زۆر لەناوچەکان لە جاران خراپتر گەڕاوەتەوە. شەڕی داعش جاران ئاسانتر بوو کە دەزانرێ لە کوێیە، بەڵام ئێستا داعش هەیە و ناشیبینی. جاران لەسەر زەوی بوون، ئێستا لەژێر زەوین. لە زۆر شوێنیش بە ئاشکرا گەڕاونەتەوە لە پارێزگای نەینەوا و سەڵاحەدین و دیالە، لە زۆرێک لەو شوێنانە بەهێزەوە گەڕاونەتەوە، چونکە ئەو هۆکارانەی بوون بە هۆکاری دروستبوونی داعش و پێشتریش قاعیدە، هۆکارەکان چارەسەر نەکراون و تا ئەو هۆکارانە چارەسەر نەکرێن، داعش یان لە داعش خراپتر سەرهەڵدەداتەوە. ئێستا مەترسیی داعش هەیە، بەڵام ئەوە نییە وەکوو جاران شوێنێک داگیر بکات و تەحەدا بکات، بەڵام زیانی خۆی دەگەیەنێت و نایەڵێت ئەو سەقامگیرییە دروست ببێ کە خەڵک بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

لەبارەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دونیای دەرەوە، پەیوەندییەکان باشن، لەگەڵ تورکیا و ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشتر دەچن.

*** دەقەکە لە پاسنیوز وەرگیراوە**

www.xebat.net
پێنج شەمە 2018/11/29 ژمارە (5643)
خەبات

گەنجێکی ئەفغانی لە ماستەرنامەکەیدا گرنگی کاریگەرییەکانی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەڕوو

حوسێن ئێحسانی بۆ خەبات:

سەرۆک بارزانی بە تەنیا تایەت نییە بە کورد بەڵکو ئەو پشکی هەموو ئازادیخوازێکی جیهانە

ریفراندۆمی کوردستان هێز و ئیرادەی بەخشییە گرووپە نەتەوەیی و فەرهەنگییە ستەمدیدەکانی ئەفغانستان



حوسێن ئێحسانی بە ناسناوی بارزان خەڵکی ناوچەی بامیانی ئەفغانستانە و دەرچووی قۆناغی ماستەری بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تارانە. ماستەرنامەکەی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان لەژێر ناوی لێکەوتەکانی سەربەخۆخوازیی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین بووە و پێشکەشیکردووە بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی هەڵەبجە. ئێحسانی زۆر سەرسامە بە کوردستان و وێنەی ئالای کوردستانی لەسەر شاشەی مۆبایلەکەی داناوە و هەروەها وێنەی سەرۆک بارزانی لەسەر پرۆفایلی هەموو ئەکاونتەکانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک، واتس ئاپ، تێلێگرام و. داناوە. ئەم کارەی ئێحسانی بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی قوتابیانی کورد لە تاران و لەوێوە کەوتە بەر سێرەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. پێشتر ڕۆژنامەی خەبات ئەم لاوەی ناسیوە و هەواڵی موناقەشەی ماستەرنامەکەی بڵاوکردۆتەوە و ئێستاش بە مەبەستی زیاتر ناسینی و ئاگاداری لە بۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ کوردستان دیمانەیەکمان لەگەڵ ئەنجامداوە.

خەبات: بەڕێز کاک حوسێن وێڕای سوپاسمان بۆ ئەم دیمانەیە دەمانەوێت بزانین سەرەتای ناسینی کوردستان لە لای ئێوەوە لە کوێ دەستپێکرد؟

ئێحسانی: بە خۆشحاڵییەوە بەخێرهاتنان دەکەم و شانازیش دەکەم کە بۆ دووەمجار ناوم دەچێتە سەر ڕۆژنامەیەکی کوردی و نەتەوەیی کە میژووێکی هەیە لە خەباتدا. زانیومە کە جیاوازی ڕۆژنامەی خەبات لە گەڵ ڕۆژنامەکانی تری وڵاتان لەوەدایە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژانی خەباتدا بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە و یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی دۆزی کورد و وشیارکردنەوە و سەرخستنی کوردستان. با بێینە سەر پرسیارەکەت، دەمەوێ بە چوارینەی شاعیرێک بە ناوی سەید ڕەزا مەهدی کە خەڵکی غەزنەی ئەفغانستانە و لەسەر مەردایەتی و جوامێری کورد نووسیویەتی، وەڵامی ئەم پرسیارە دەستپێبکەم:

بساگت را جهان جز خون نبردم
ز خانت غیر نامردی نخوردم
ولی تا کردن مه با تو اینست
مه مردم مه جوانمرد مه کردم

واتای کورتی ئەم شیعرە ئەوەیە، دەڵێ، تۆ پێتوایە جگە لە خوێن چیترم نییە، بەڵام منت نەناسیوە، من مەردم، من جوامێرم، من کوردم. لە ڕاستیدا هاتنی من بۆ لای ڕەشید عەلی سولەیمان و سەرکار محێدین ئاشنا بووم و باسی ئەفغانستان و کوردستانمان بە یەکەوە دەگۆڕیەوە. لە وێوە هەندێک شت لەناو زەینم نەخشی بەست، بەوپێیەی من قوتابی زانستە سیاسییەکان بووم و لە بواری خۆرهەڵاتی ناوین کارم دەکرد، بۆیە من بیرم لەوە کردەوە کە من دەتوانم لەسەر بابەتی کوردستان وەک کەسێکی بێتلایەن بە زمانی زانست کار بکەم و بۆ خۆم کوردناسێک بم و ئەو بابەتەش بکەمە بابەتی توێژینەوەی زانکۆییم.

ورده ورده هاوڕێی کوردم زۆر بوون و هەوڵیشمدا لە پەنا زمانی فارسی و عەرەبی زمانی شیرینی کوردیش فێربم و ئەوە بوو کە ورده ورده فێری کوردیش بووم. دواتر لە ڕێی وتارێکی بەڕێز کاروان کرێخان کە لە ڕۆژنامەی 8ی بەیانی ئەفغانستان بڵاو کرابۆوە، زانیم کە پەیوەندی نەژادی، فەرهەنگی و میژوویی هەیە لە نێوان کوردستان و ئەفغانستان و ئەم وتارەش کاریگەری خۆی هەبوو. بەڵام بۆم سەیر بوو کە بۆچی ئەم پەیوەندییە فەرهەنگییەی دەوروبەر لە بیر کراوە؟ ئەو بابەتانە بوونە هۆی زیرەوەزریوی میشکم و دواتر گەیشتمە ئەوەی دەبێ کوردستان بەشێک بێت لە کۆمەڵگای دەروونی من و مناڵی توێژینەوەیەکی باشی ئاکادیمی ئەنجامبدەم و بابەتی کوردستان و توێژینەوەی یەک سالّی من لەسەر کوردستان، لەوە دەستپێدەکات کە میدیاکانی ئەفغانستان زۆر باسی کوردستانیان دەکرد، بە جۆرێک کە کوردستان یەکێک بوو لە گۆڕاوەکانی کاریگەر لەسەر سیاسەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەفغانستان کوردیان لە ڕێگەی میدیاکان دەناسی بەتایبەتی شەڕی کۆبانێ و بەرەنگاری کورد لەگەڵ تیرۆریستان لە هەرێمی کوردستان کوردی زیاتر لە جاران ناساند و هەروەها ئازادیی ژنی کورد لەچاو ژنانی تری ئەم ناوچەیە بەتایبەتیش ژنانی کۆبانێ بووە هۆی سەرنجڕاکێشان و نموونەگیری ژنانی ئەفغانستان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی منیش سەرنجم ڕاکێشرێت و جگە لە هەست بە دیدگایەکی سیاسییانە و قوواڵتر لێی وردبمەوە. هەروەها بەڕێز زەڵمای خەلیلزاد لە کتێبێکی لەسەر ئەزموونەکانی لە عێراقی نوێ باسی کاریگەری کوردی لە دوای ڕێگەی بەعس کردبوو، لە نووسینەکەیدا باسی سەرۆک بارزانی، جەلال تاڵەبانی، دەکات و ڕۆڵی ئەوان بەرز دەنرخێنێت، ئەمەش سەرنجی منی زیاتر ڕاکێشا. دواتر بۆ خوێندنی ماستەر هاتمە تاران و لەگەڵ کوردەکانی ئێران ئاشنا بووم، ئینجا زانیم کەسی زیرەک و تیژزەین و قوواڵن و کەسایەتی یەکەمی زانکۆکانی ئێرانن. هەروەها لەگەڵ هەندێک کوردی هەرێمی کوردستان ئاشنا بووم کە بۆ خوێندن هاتبوونە زانکۆی تاران، لەوانە لەگەڵ بەڕێز (بەهاری کوردی) ئەوە بوو کە ورده ورده دیدگای نافەرمی من بۆ کوردستان بوو بە هەڵبژاردنی دیدگایەکی ئاکادیمیک. دواتر بەڕێز محەمەد کرێخانم لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران ناسی کە بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی ئاکادیمی من و لە ڕێگەی ئەو کەسی شایستە و لێهاتووی وەک دکتۆر جگەرخوێن و میژووزانی وەک کاک فۆئاد فەیلیم ناسین کە پێمواید دەتوانین ئەم پەیوەندییە بکەینە خاڵی دەستپێکی پەیوەندی لە بیرکراوی کوردستان و ئەفغانستان. هەروەها لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران مامۆستای فارس زمانم ناسین کە زۆر حەقگۆ بوون و بەرگریان لە دۆزی ڕەوای کوردستان و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دەکرد و بۆ ماستەرنامەکەشم سوودم لە بۆچوونی زانستی ئەوان وەردەگرت ئەو مامۆستایانە بریتی بوون لە بەڕێز دکتۆر ئیبراهیم موتەقی، دکتۆر ئەحمەد نەقیب زادە و دکتۆر سادق زیباکەلام.

خەبات: لەسەر ماستەرنامەکەت بدوێ.

ئێحسانی: ئەگەرچی دەستم کراوە نەبوو بۆ دەربڕینی هەموو بۆچوونێک، بەڵام دوای ئەوەی کەوتمە نێو خوێندنەوە لەسەر کوردستان و ویستم شتێکی ڕچەشکێنانە ئەنجامبدەم. لە ڕاستیدا من دەمویست بەشێوەیەکی زانستییانە چەمکی ئەمنییەت بەرمە ئاقارێکی ڕاستەقینە و دوور لە وەهمی بێ واتا و کوردستانم کردە نموونەی ئاسایشی توێژینەوەکەم. بەم کارە دەمەوێ بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێم کە پەیوەندی کوردستانی سەربەخۆ و ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین چییە؟ بە واتایەکی تر بۆچی کوردستان دەبێ سەربەخۆ بێت تاکو ئاسایش بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بگەڕێتەوە؟ گرینگانەی من ئەوە بوو کە پەیوەندی نا ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان شوناس و ئاسایش. لە ڕاستیدا سنووڕێک هەیە لە نێوان خۆ و ئەویتردا، بۆیە لە ناو دەوڵەتە دەستکردە ناسروشتییەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوین ئاسایش دروست نابێت و کاریگەری نەرێنیشی هەیە لەسەر هەمو ناوچەکە. دوای ئەوەی کە گرینانەکەم سەلماند پێشنیاری ئەوەم کرد کە چەمکی ئاسایش دەبێ بەرگی کلاسیک فڕێ بدات و ئاسایشی پلوڕاڵ و نوێ بێتە جێگەی ئاسایشی وەهم و دەوڵەتی ئێستایی. لێرەدا کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس بە ناچاری بۆتە عێراقی کە ڕاستیدا هەو نییە و شوناسێکی جیاوازی لە عێراق و عەرەبی هەیە و لە ناو عێراقیشدا هەمیشە هەست بە نائەمنی دەکەن.

بۆیە کورد مافی سروشتی خۆیەتی جیا بێتەوە و ئەم سنوورە ناسروشتی و نابەڵێنیانە تا سەر نابن و لە داهاتوودا دەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای شوناس و نەتەوە بەشێوەیەکی سروشتی دروست دەبن.

بۆیە نابی ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین بە دەوڵەتی ئێستای سنووردار بکرێت و دەبێ چەمکی ئاسایشی ناوچەیی بێتە جێگای ئاسایشی دەوڵەتانی ئێستا. لەم دۆخە نوێیەدا هیچ دەوڵەتێک نابێ دژی دەوڵەتی نوێی نەتەویی و سروشتی بێت و نموونەی زەقیشمان بۆ ئەم پرسە ئەوروپایە و دەبێ خۆرهەڵاتی ناوین بەم ئاڕاستەیەدا بەشێوەیەکی یەکگرتوو بەرەو سنووری سروشتیدا بڕوات. بڕوام وایە تەنها ڕێکارێک بۆ گەڕانەوەی ئاسایش بۆ خۆرهەڵاتی ناوین سەربەخۆ بوونی شوناسە تایبەتەکانی وەک کوردستانە و لە دەرئەنجامدا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کوردستانی سەربەخۆ هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاسایشی خۆرهەڵاتی ناوین بەڵکو بەپێچەوانەوە ئارامی و ئاسایشی پێتەویە.

خەبات: دەستپێکی کاری تۆ لەسەر کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ ڕیفراندۆم لە کوردستان دیدگای جەنابتان لەم بارەوە چییە؟

ئێحسانی: کاتێک هاتمە سەر نووسینی لەسەر بابەتی ریفراندۆم بە ڕێبەرایەتی سەرۆک بارزانی وردبوومەوە. پێم وابو ئەم بابەتە پڕۆسەیەکە و درەنگ یا زوو دەبێت بکرێ و نابێ هەڵەکان بە هەر نرخێک بێت، لە دەست نەدرێن. لە دیدی من، پڕۆسەی سەربەخۆیی لە ساڵی 1920 هەر جارە و لە ژێر ناوێکی وەک ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی و سەربەخۆیی دەستپێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە و گشتپرسیش یەکێکە لە قۆناغە دەرەوشاوەکانی ئەم پڕۆسەیە. دەبێ بۆ گەیشتنە ئامانج بەمجۆرە بزاوت بکەن و دڵنیام ئەم پڕۆسەیە قۆناغ بە قۆناغ دەچێتە پێش و دواجار سەر دەکەوێت. لە ڕاستیدا کورد دەبێ بە دوای ناساندن و سەندنی مافیدا بێت و گشتپرسیش یەکێک لەو قۆناغانە بوو کە کورد بە سەرکەوتوویی و ئازایانە بڕیان و بووە خاڵێکی وەرگەڕان لە میژووی هاوچەرخی کوردستان و لە دیدی من هەنگاوێکی بەرەو سەرکەوتن بوو کە جێگەی شانازی خەباتگێڕانی ناوچەکە و خەڵکی بیانیشیان سەرسامی خۆیان کرد. ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناویندا من کەسی بەو هەموو سەروەریانەم نەدەناسی، بەڵام کە هەڵدرامە ناو کۆمەڵگای کوردی، بینیم کەسێکی لێهاتووی مەزن هەیە بە ناوی مەسعود بارزانی کە گشت بەهاکانی مرۆڤایەتی و خەباتگێڕی و ئازادیخوازیی لەناو ئەودا کۆبووەتەوە. پێمواید ڕۆژێک دادێت کە لاوانی وڵاتانی تریش وێنەی ئەم پیاوە مەزنە لەسەر باسک و سینگی خۆیان نەقاڕی دەکەن. ئەو منی سەرسام کرد. خەڵکی وێنەی چێگواریان لە ژووروکەیان هەڵدەواسی، من وێنەی سەرۆک بارزانیم هەڵدەواسی و وێنەی پیرۆزی ئەوم لەسەر پرۆفایلم دانا و بەم کارەش پەیامم بۆ خەڵک ئەوە بوو کە دەبێ لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی تەسک بێینە دەرەوە و لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەکرێ پەیڕەوی لە ڕێبەرێکی دەرەوەی کۆمەڵگای خۆمان بکەین و ویستم بە خەڵکی ئەفغانستان بڵێم، لەم نزیکانەی خۆمان کەسی بەرزی وەک سەرۆک بارزانی هەن، کە دەتوانین بیانکەینە ئاوێنەی خەبات، ئازادیخوازیی، چاکسازیی و یەکسانی، ڕاستگۆیی و مافی مرۆڤ بۆ وڵاتی خۆمان. من ئارەزووم ئەوەیە زیارەتی ئەم سەرۆکە مەزنە بکەم و تاکو بتوانم شێوازی خەباتی ئەو بۆ کۆمەڵگەی ئەفغانستان بگوازمەوە. هەروەها ئەمجارە وێنەی خۆم لە خزمەتی ئەودا بخەمەڕوو.

شانازی دەکەم کە ئەمە دووەمجارە ناوم دەچێتە سەر ڕۆژنامەی خەبات

کوردستانی سەربەخۆ نەک هەڕەشە نییە بەڵکو هۆکاری ئارامییە بۆ خۆرهەڵاتی ناوین

کوردستان دۆستێکی دێرین و یەکگرتووی بە ناوی ئەفغانستان هەیە

خەبات: کوردەکان لە زانکۆی تاران بە بارزان ناوی تۆ دەبەن، تۆ دەڵێی چی؟

ئێحسانی: کوردە تیگەیشتووەکان دەیانزانی من عاشقی هزر و ڕێبازی بارزانیم، بۆیە بەم ناوە بانگیان دەکردم. یەکەمجار هاوڕێکەم بە ناوی محەمەد کرێخان ئەو ناوەی لە من نا. شانازی بەم ناوەوە دەکەم و لە فەیسبووکیش لەسەر ئەم بابەتە قسەی خۆم کردووە.

من لە میوانێک شیعری مەحمود دەروێشم لە وەڵامی سەلیم بەرەکات لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر فارسی کە چۆن باسی ستەمدیدەیی کورد و جوانی ئەوان و کولتووریان دەکات، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە مرۆڤ لەناو بازنەی شوناسێکی بەستراو و قەتیس نامێنێتێ و دەتوانێت بێتە خاوەن شوناسی بەرفراوانی کەسی و تایبەتی خۆی. من ئێستا کەسێکی بەربڵاوترم لە جاران لە ڕووی شوناسی تاکی و خۆم بە کوردێکی ئاگرین دەزانم و لەناو کەسایەتییە جیهانییەکانیشدا سەرسام بە ڕەوشتی سیاسی و بەرزی بارزانی، سەرسامم بە ئازادیی ژنانی کوردستان و سەرسامم بە فەرهەنگی ژینگەپارێزی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی بارزانییە بەرز.

خەبات: کوردستانت بینیوە؟

ئێحسانی: بەڵێ، من تەنها بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بینیوە و تاکو مەریوان ڕۆییشتووم. بەڕاستی دەتوانم بە بەهەشتی دابنێم. خەڵکی کوردم بینی کە زۆر میواندۆست و ئارام بوون. خواردنەکانیان زۆر بە تام بوون. مۆسیقای کوردی لەگەڵ ڕۆحم دەدوێت و گۆرانی کوردیم گوێ دەگرت و حەزم چووە دەنگی مەزهەر خالقی، ڕەزازی، حەسەن زیرەک و یەلدا عەباسی و عاشقی هەڵپەڕکێی کوردی بووم. هەروەها حەز لە شیعری مامۆستا هێدی دەکەم و زیاتر شیعرە فارسییەکانی دەخوێنمەوە و بەڕاستی دەنگی هێدی لە شیعر خوێندنەوە زۆر خۆشە. هەروەها لە هەمووی جوانتر لیباسەکانیان بوون. جێگەی ئافەرین بوو کە کورد لەو هەموو هەوراز و نشێوە سەختانەدا توانیویەتی یەکێتیی فەرهەنگی خۆی بپارێزێت و شوناس و سروشتی تایبەت بە خۆی هەبێت.

خەبات: دوا وتەتان چییە؟

ئێحسانی: کەڕیم یەلدز لە کتێبی کورد لە عێراق دەڵێت: کوردەکان جگە لە کوێستان دۆستێکی تریان نییە. منیش دەڵێم کورد دۆستێکی دێرین و یەکگرتوویان بەناوی ئەفغانستان هەیە کە هاوبەشی نەژادی و کەلتوری یەکترن و دەتوانن ئەم هاوبەشییە بکەنە خاڵی بەهێزی خۆیان و دۆستایەتی لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد بنێن و وەک دۆستی میژویی و هەمیشەیی بمێننەوە.

هیوادارم ئەفغانستانییەکان لە ڕۆژێکی نەورۆزدا بە دەهۆڵ و زورنا و هەڵپەڕکێی کوردی لە شاری سەربەرزی هەولێر جەژنی نەورۆز پیرۆز بکەن و لە داهاتوودا سەفارەتی کوردستان لە کابوڵ و سەفارەتی ئەفغانستانیش لە هەولێر ببینم. دووبارە سوپاسی ڕۆژنامەی خەبات دەکەم.

هیوادارم باڵیۆزخانەی کوردستان لە کابوڵ و باڵیۆزخانەی ئەفغانستانیش لە هەولێر ببینم

بۆ راستکردنەوەی ناڕاستییەکانیان، ناڕاستی بەکاردەهێنن



غازی حەسەن

سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە درۆ وەسف دەکرێت، لە کاتێکدا سیاسەت عەقڵ و توانست و هێزە، سیاسەت کارێکە پتر بە لای دیبلۆماسی و قسەکردن و سەرنجڕاکێشان و کارتێکردنی دەروونی و بزاقی کۆمەڵایەتیدا دەچێت، سیاسەت زانستە وەکو زانستی پزیشکی و ئابووری و دەروونناسی و .. تاد، دەتوانێت چارەسەری کێشەکانی نێو کۆمەڵگە بکات.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991وە قۆناغ بە قۆناغ سیاسەتکردن لە کوردستاندا بەرەو ئاراستەیەکی ئاڵۆز، نزیک لە خواستی حزبی و دابڕان لە پەروەردە و بنەما گشتییەکانی بەڕێوەبردنێکی ڕۆشنی بەهێز و لۆژیکی فیکری و دوورکەوتنە لە ئەخلاقی نیشتمانی بەرێوە دەچێت.

سیاسەت لەم سەردەمەدا کورتکراوەتەوە لەوەی کێ و کامە گروپ دەتوانێت زۆرترین دەنگ و زۆرترین توانای دارایی و زۆرترین پلە و پایەی ئیداری و زۆرترین هێز بۆ فتکردنی کەسانی رکابەر و لایەنی رکابەری خۆی بەکاربهێنێت. سیاسەت لای هەندێک گروپ بووەتە پەیداکردنی سەرچاوەی ژیان، لای هەندێکی دیکەیان بۆتە سەرچاوەی کۆمپانیا و بازرگانی و لای هەندێک کەسیش پلە و پایەی ئیداری و سیاسییە، لایە هەندێکیش گەڕانە بە دوای هاوکێشە گەورەکان بۆ ئەوەی گەورەترین دەستکەوتی سیاسی بەدەستبهێنرێت.

هەرچەندە هەندێکی دیکە پێیانوایە دروشمە ستراتیجییەکان چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانە، هەشیانە پێیوایە سەنگەر لە یەکتر گرتن، باشترین ئەلتەرناتیڤە بۆ فتکردنی دەسەڵاتدارەکان و بەهێزکردنی پێگەی حزبی خۆیان. بنەما و خواستە نیشتمانییەکان لای زۆربەی لایەنەکان لاوازە، یان لای هەندێکیان وا وەسف دەکرێت کە (کات و سەردەمی) ئەم خواست و بنەما و دروشمە نیشتمانییە مەزنانە نەماوە، هەندێک دەڵێن (دەوڵەتی کوردی) خەونە، هەشە پێیانوایە دەبێت بە دوای دەسەڵاتی دیموکراسی و خۆجێی بگەڕێن، هەشیانە سەردەمی ئێستا بەها و ڕێکبوون و هەڵکردن لەگەڵ ڕووداوەکان دەزانێت، دەبێت هەتا هەتایە چاوەڕوانی توانا و هێزی دەرەکی و فەرمانی دەرەکی بین. هەشیانە لەگەڵ عامێ دەچێتە شامێ. لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان لەگەڵ هەموو شتێکە، لە ژووری تاریکەکانیش پێچەوانە هەڵسوکەوت دەکات.

لەم سەردەمەدا گەلێک کرداری ناڕاست لە پرۆسەی سیاسیدا دەبینرێت، خەڵکی ئاسایی بە ئاسایی هەستی پێدەکەن، ڕەنگە هەندێک گروپ و کەس و لایەن لە ژووری تاریکەکاندا بێ بینینی هیچ ڕۆشناییەک، بە دابڕان لە زانیاری و بەپێی قسەی نێو مانشێتەکان، خەریکی خۆ فریودان بن.

بۆ نموونە لەپێناو بەغدا، لە پێناو بەکارهێنانی بەغدا بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێو مالی کوردی، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان کردەی سیاسی ناڕاستمان بینی کە کورد پێشتر هیچی نەبوو لە دەستی بدات، ئەمجارە کەرکووک و ناوچەیەکی دیکەی فراوانمان لەدەستدا، کەچی هەندێک لایەن بۆ ڕاستکردنەوەی کردە ناڕاستەکانیان دەستیان هەمیشە بۆ ناڕاستی گوتن، ناڕاستی لە هەنگاونان، ناڕاستی لە فریودانی ڕایگشتی بردووە. بۆ نموونە هەندێک ڕاگەیاندن بە ئاشکرا دەڵێن کەرکووک ئارامە، کەچی بەتەنیش ئەو ئاراممییە هەواڵی دڕێژەپێدانی سیاسەتی تەعریب بڵاو دەکەنەوە. ئایا هیچ کاتێک تواندراوە هەواڵی ناڕاست بە ناڕاستی چارەسەر بکرێت، لە سیاسەتیشدا هەروا، دوێنێ بەغدا باش بوو، ئەمڕۆ خراپە، یان بەپێچەوانە.

سیاسەت زانستێکی قوولی نەشتەرگەرانەی کۆمەڵایەتییە و ئەوانەی شارەزاییان لە بەکارهێنانی نەبێت، چارەسەری هەڵە و هەنگاوی نادروست بەرهەم دەهێنن. بۆیە سیاسەتی کاردانەوە، سیاسەتی ڕقلێبوونەوە و سیاسەتی لە داخی تۆ، خۆم فڕی دەدەمە دەریا، هیچ ئاکامێکی نابێت، ئەمەش دەرەنجامی ناڕاستیی لە سیاسەتکردنە، چونکە سیاسەت بە دامەزراوەیی نەکراوە، سیاسەت بە مەزاج و سیاسەت بە تاکڕەویی و سیاسەت بە دابڕان لە واقیع ناڕاستی بەرهەم دەهێنێت.

هەفتەی ڕابردوو لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی گوێبیستی ئەوە بووین پارتی و یەکێتی بۆچوونەکانیان وەکو یەکە لەپێکهێنانی حکوومەت، ئەم هەفتەیە یەکێتی دەڵێت تا پارتی کەسێک بۆ سەرۆکی حکوومەت دەستنیشان نەکات و ئەو وەفدی پارتی، کە سەردانی لایەنەکان دەکات بڕیاردەر نەبێت، دانوستانەکانی پێکهێنانی حکوومەت پێشکەوتن بە خۆە نابینن و هەر بە سستی بەڕێوەدەچن. لە لایەکی دیکەدا ڕووداو دەڵێت پارتی چاوەڕوانی یەکێتییە و گۆڕانیش چاوەڕوانی پارتییە. کامە سیاسەت و کامە شیکردنەوە ڕاستن. ئایا گوێگر و خوێنەری کورد، جەماوەری لایەنە سیاسییەکان بە کامە بۆچوون و قسەی ڕاستەوخۆی سەر شاشەکان و هەڵوێستی ناڕۆشنی لایەنەکان بڕوا بکات. ئەو ناڕاستیانەی هەمیشە بە سیاسەتی ناڕاست کار بۆ ڕاستکردنەوەیان دەکرێت، ئەنجامی ناڕاستی دەبێت، کێشەکان خراپتر و گرێکان گرێدارتر دەکات.

سیاسەتی ناڕاست بە سیاسەتی ئاشکرا و متمانەداری و گەڕانەوە بۆ بنەما نیشتمانی و کۆدەنگی لەسەر چارەسەری هەقیقی کێشەکان و پێکهێنانی ناوەندێکی بڕیاری سیاسی بە کردە و هاوبەش ڕاست دەکرێتەوە، نەک پێداگری لەسەر سیاسەتی هەڵەی ناڕاست. ئەوەی خۆم بۆ خۆم، ئەوەی تۆش بکەینە نیوە و لە نیوەکەی تۆشدا نیوەی کەسانی دیکە بدرێت، بەمە دەتوانین حوکمێکی هاوبەش و هاوسەنگ و دەسەڵاتێکی هاوبەش و بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەش دروست بکەین. ئەمە بەکارهێنانی ناڕاستییە بۆ نمایشی ڕاستکردنەوەی ناڕاستییەکان، تەنیا نمایشە، نەک خواست و ئیرادەیەکی سیاسی پتەوی متمانەدار.

ڕاستکردنەوە هەڵەی سیاسی، بە سیاسەتی ئیلتیمزاکردن بە بنەما گشتییەکانی دیموکراسی و ڕێزگرتنی ئیرادەی خەڵک و پێکهێنانی حکوومەتێک لەسەر بنەمای ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردن دەبێت، ڕاستکردنەوەی هەڵەی سیاسی بە سیاسەتی نەگەڕانەوە بۆ ئەزموونە فاشیلە خراپەکان دەبێت.

ڕاستکردنەوەی هەڵەی سیاسی، بە دانان بە هەڵە و داوای بوردن لە جەماوەری کوردستان دەکرێت، نەک پێداگری لەسەر سیاسەتی ناڕاست و پەنابردنە بەر ناڕاستی بۆ ئەوەی ناڕاستییەکان بە ناڕاستی و هەڵەکان بە هەڵەیی و گرفتەکان بە گرفت و ناکۆکییەکان بە ناکۆبییەوە بمێننەوە.




چالاکوانانی سیاسی و مافی مرۆڤ ڕەوشی عەفرین لە پەرلەمانی هۆڵەندا تاوتوێ دەکەن

ساسان دەروێش- هۆڵەندا

لە شاری لاهای هۆڵەندا دەستەیەک لە نوێنەرانی ڕێکخستنی مافی مرۆڤ و سیاسەتمەدار و کەسایەتی کورد لە ڕۆژئاوا لە ناو شاندێکی پارتی شەپێلا پێشەڕۆژا کورد لە سووریا، بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد سەردانی پەرلەمانی هۆڵەندایان کرد بە مەبەستی گەیاندنی ڕەوشی خراپی گوزەرانی خەڵکی شاری عەفرین لە دوای داگیرکردنی و وێرانکردنی شارەکە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی خەڵکەکەی و کوشتن و سووتاندنی ماڵ و بە هەدەربردنی سەرمایەکانیان و ئاوارەکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی شارەکە تەوەری باسەکانیان بوون.

لەمبارەیەوە شێخ ئەحمەد، بەرپرسی کۆمیتەی هۆڵەندای پارتی شەپێلا پێشەڕۆژا کورد لە سووریا بۆ خەبات گوتی: ئەم کۆبوونەوەیە چەندین کەسایەتی لەخۆگرتووە و بۆ ئەوەیە تا بتوانین پێکەوە هەریەکە و باس لە ناوچەکەی خۆی بکات بەتایبەتی و هەروەها بە گشتی باس لە ڕەوشی خراپی سووریا بکەین لە دوای داگیرکردنی شاری عەفرین و ئەو بەرگریەی لێکرا بە چەک و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی کە سەرئەنجام بەو ڕەوشەی ئەمڕۆی گەیشت کە تێیدا مرۆڤی کورد لەسەر مالوحاڵی خۆی ماف و ئازادی پێشێل دەکرێت و بژێوی ژیانی دەبڕدرێت و ئاوارە دەکرێت و دەکوژرێ کە بووەتە خەمی هەریەکەمان لە تاراوگە بۆ بەدەنگەوەهاتن و کۆدەنگیمان و گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازیی شاری عەفرین بە دۆست و دەستەڵاتدارانی هۆڵەندا، بۆ وەستاندنی ئەو زوڵم و زۆرداریەی لەو شارە و شارە کوردییەکانی تر دەکرێ لە بەرانبەر خەڵکی سڤیل، ئەمەش بە بەرچاوی دنیاوەیە و هەمووان لێی بێدەنگن.

هەروەها شێخ ئەحمەد، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەئاشکرای کرد ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر داخوازیی سەنتەری ڕاگەیاندنی کوردی لە پەرلەمانی ئەورووپا بووە، لە دوای تاوتوێکردنی ڕووداوەکان و پەیاچوونەوەیان و گفتوگۆکردنێکی چڕوپڕ لە نێو کەسایەتییەکان کە هەریەکەیان پسپۆڕ و شارەزابوون لە بوارە جیاوازەکان و گەیشتنە ئەوەی تیمێک لە 7 بۆ 10 کەس پێکبهێنرێت بۆ نووسینی یاداشتنامەیەکی تایبەت و ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا و کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانتۆیا هۆڵەندا بکرێت، ئەم کارەش دەبێت لە ماوەیەکی زۆر خێرا و بەپەلە بکرێ و بۆ ئەوە ڕادەستیان بکرێت، بە هیواین بتوانین لە ئاست ئەو ئێشونازار و بڕینە سەختانەی نیشتیمان و گەلەکەماندا بین و بەدەم دەنگیانەوە بێین.



فاتیح عەبدولسەلام

هەموو

لە عێراقدا، هەموو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنن، هەموو لەگەڵ دەسەڵاتن، هەموو لەدژی گەندەڵین، هەموو لەدژی تیرۆرن، هەموو لەگەڵ پەڕاگەندە و کۆچبەرانن، هەموو دەستیان لەو هەموو کارساتە نەبووە، کە بەسەریاندا هاتووە، هەموو لە دژی میلیشیا و هێشتنەوەی چەکن بەدەستی دەوڵەتەوە، هەموو لەگەڵ شەفافیەتن، هەموو لەدژی دیکتاتۆریەتن، هەموو لەگەڵ ئاشتەوایی نیشتمانین، هەموو دەستیان بە خوێن سوور نەبووە، هەموو ئایندەی وڵاتیان بەلاوە گرنگە، هەموو داوای ڕاوەدوونانی دز و فەرهودکەرانی سامانی گشتیی دەکەن، هەموو لەگەڵ بنیاتنانی سوپای عێراقن بەشێوەیەکی نیشتمانیی، هەموو لەگەڵ فیدرالیەتن، هەموو لەگەڵ داواکاریی هەموارکردنەوەی دەستوورن، هەموو نەفرەت لە بەشبەشێن دەکەن، هەموو لەدژی داگیرکارین، هەموو دەیانەوێت کۆچ بکەن، کە دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت، هەموو لەگەڵ هاوبەندییەکانی برایەتی عەرەبی و ئیسلامین، هەموو هاوخەمی هەژار و نەدارانن، لەو وەرزانەشدا دەگرین، کە پێویست بە گریان دەکات، هەموو لە ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوە سەما دەکەن، هەموو داوای بەدیهێنانی شتە ڕەوا و لێدانی شتە ناڕەواکان دەکەن، هەموو بەدەنگی داواکارییەکانی شەقامەوە دەچن، هەموو بە ئاسان لە خۆپیشاندانەکانی شەقام دەدەن، ئەگەر بە قەد تاڵە مووێک بەرەو شۆستە لا بدەن، هەموو لەگەڵ خۆپیشاندەران، خۆپیشاندان دەکەن، هەموو لەگەڵ هەڵگرتنی سزاکانی ئەمەریکان لە سەر ئێران، هەموو گوێیان لەهیچ سزایەکی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا نەبووە، هەموو لەگەڵ بەعسەکانی سووریان، هەموو لەدژی بەعسی قەدەغەکراون، هەموو لەگەڵ مافەکانی مرۆڤن لە بەحرێن، هەموو بایەخ بە هەمان مافەکان لە سووریا نادەن، هەموو وا دەزانن یاساکانی سزای عێراق نایانگرێتەوە، هەموو پێیان وایە، فورات لە باشووری عێراقەوە بڕاوە و لە خاکەکانی سووریاوە بۆمان نایەت. هەموو پێیان وایە، ئەوان ئەمەریکایان ناچار کردووە لە عێراق بکشێتەوە، هەموو وا گومان دەبەن، تڕەمپ مەبەستی ئەوان نییە، کە دەڵێت، ئەمەریکا چیتر هیچ سیستمێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وجیهان بە خۆڕایی ناپارێزێت. بە کورتی، هەموو لە دژی هەموون، هەمووش لەگەڵ هەموواندا لە عێراقدا.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www. azzaman. com



فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*


خەبات و خەڵات

پاش سەدەیەک لە جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە نەخشەی جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشبوونی کوردستان بۆ چوار پارچەی نەخوازراو هەروەک دەزانین کوردیش بەشێکی گرنگی کێشە و گرفتەکان بووە، چ وەک شوێنی جوگرافیای و چ وەک هێزێکی کاریگەر لەسەر زەوی، بەڵام ئەوەی جێگای داخ و نیگەرانییە لە مێژووی کوردی هەردەم کورد ڕووبەڕووی دوو گرفت و هۆکاری سەرەکی بووە، بە هۆی لاوازی و لەناوچوون و سنووردارکردنی مافە ڕەواکانی، ئەویشیان هۆکاری دەرەکی و هۆکاری ناوخۆیی بوونە، هۆکارە دەرەکییەکان زۆرن، ئەوەی زۆر بە زەقی دیارن، دابەشبوونی کوردستانە لە نێوان چوار وڵاتی دیکتاتۆری ئاژاوەگێڕ، دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و هەموو بنەماکانی تری مرۆڤایەتی، بەبیانووی یەکپارچەیی و هاووڵاتیبوون لە سنووردارکردنی زۆرەملێی نەخێشندراوی سیاسی دوور لە وێستی گەلی کوردستان، بڕیاری چارەنووسی دراوە و خاڵێکی تری زەق و بەرچاو بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و دابەشکردنی کوردستانە لە نێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای ئابووری و بەرژەوەندی بازرگانی وەک بازاڕ و شوێنکار و دابینکردنی کالاکان.

بە هەرحاڵ ئەوەی کاریگەرتر لەم خاڵەی هۆکارە دەرەکییەکان خاڵی ناوخۆییەکانە گەر دراسەیەکی ئەکادیمی ورد بکەین، ڕەنگە هۆکاری گرفتە ناوخۆییەکان ڕێژەیەکی زیاتری بەربکەوێت، بە ڕای خۆم گرفتە ناوخۆییەکانی بەردەم بزاقی ڕزگاریخوازیی کوردستان زۆر زیاترن لە دەرەکییەکان، زۆر بەداخەوە لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخودانەکانی کوردی، بەشێکی گرنگی هۆکارەکانی لەناوچوون و لاوازبوونیان، نێومانڵی کوردی بووە و خیانەت و خۆفرۆشیش بەشێکی گەورەی گرفتەکان بوون، هەر بۆ بیرهێنانەوە لە ڕووخانی قەڵای دمدم بۆ لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و تەسلیمکردنی لە لایەنی خۆفرۆشێک، خیانەتکردن لەگەڵ سمکۆی شکاک و شێخ مەحمودی حەفید و دەیان نموونەی تریش تا دەگاتە جاشایەتی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول خیانەتی 1963 بۆ 1966 بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلوول و بارزانیی نەمر، دووبارەکردنەوەی لە 1983 بەردەوامبوونی تا ساڵی 1987 سەرهەڵدانەوەی خیانەت لە 1994 جارێکیتر لە 2017/10/16 ئەوانە هەمووی گەر بەرێژەیی تەماشای بکەین، دەتوانین بڵێین 70% شۆڕشەکانی کوردی بە هۆی خیانەتی ناوخۆیی لەباربراون، لەناوچوون یان بەربەست دروستکراوە لە ڕێڕەویان و زۆربەی زۆری کاتەکان ئەم خیانەتانە خەڵاتێکی بێ بەها و بێ نرخی لە بەرانبەر وەرگیراوە، جا هەر کاتێک و لەگەڵ هەر لایەنێک خۆفرۆشان بەشێوازێک لە شێوازەکان بە نرخێکی هەرزان، شۆڕشەکانیان کپکردووە، یان ئەزیەتداوە و نموونە زۆرن و بۆ ئەوەی زۆر نەگەڕێینەوە دواوە، نموونەی زیندو و نزیک تەماشا بکەین لە 1963 تا1994 ئێران بە دەیان شێواز دەستی خستووەتە ناو ماڵی کوردستانەوە، هەندێجار بە هاوکاری عێراق و هەندێجار بەبێ عێراق دەستی خستووەتە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی لە باشوور و جۆرەها شێوازی بەکارهێنا و لە ڕێگای ئەم تاخمە بێ بڕوا و شەڕەنگێزە توانیویەتی هەم لە باشوور هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە ئاسانی یارییە گلاوەکانیان بکەن، جارێک بە لێدانی ئازادیخوازانی باشووری کوردستان و جارێکیش تەسفیەکردن و لەناوبردنی پەنابەران و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نموونەش زۆرن، هەر بۆ بەبیرهێناوە تیرۆرکردنی کۆمەڵێک کادیری سەرکردایەتیی لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکرات لە سنووری کۆیە، بەر لە چەندین ساڵ و لێدانی بارەگاکەیان جارێکیتر بەر لە ماوەیەک پێش ئێستا شەهیدکردنی کۆمەڵێک کادیری تر و دەیان تەقینەوە و تاوانی تریش، لەم چەند ساڵەی ڕابردوو و بەرانبەر بەو بەشەش کە ئێستا تێیدا دەژین کە باشووری، کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر یەکێکە لە ڕۆژە ڕەشەکانی میژووی کوردی، ڕووڕەشی سەرانی خیانەتکار بۆ ئەجێندا دەرەکییەکان بەتایبەتی ئێران و ئەوەی دەرئەنجامی ئەم خیانەتکارییە بەرچاومان دەکەوێ، چەند خاڵێکی گرنگە و جێگای ئاماژەپێکردنە، خیانەتکاران بەرانبەر بە لەباربردن و بەحساب لەناوبردنی داواکارییەکانی میللەت کە سەربەخۆیە، چەند دەستکەوتێکیان هەبووە، یەکەم کەرکووک بدرێت بە وان، دووەم چەند مەبلەغێک لە پارە مانگانە بدرێت بە حزبەکەیان، پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێت بە وان و کۆمەڵێک بۆندی ژێربەژێریش ڕەنگە جارێ نەزاندرابن، کەچی پاش ئەوەی وەک ئەوان ویسیان بۆیان نەچووەسەر و خەڵاتەکەیان وەک خۆیان دەیانویست بە ملیان وەنەکرا، جارێکیتر لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ئەمساڵ لە کوردستان کەتنەوە سەرپێ و هەنگاویان نا بۆ هەڵسانەوە، کەچی سوودی نەبوو، بەڵام ئەمجارەش ئاغاکانیان لە ئێران هاتنە هانایان بۆ ئەوەی شانسێکی تر بدەن بە جاشەکانیان و د.بەرهەم سااڵحیان هێنایەوە ناو بازنەکە و هاتنەوە ناو یارییەکە کە جەنابیان بۆ ئەم پۆستە پڕ لە شەرمەزارییە ئامادەبوو هەموو شتێک بکات و پێ لەسەر سەری هەڤاڵانی خۆشی دابنێت و لە بیریان بکات و لە هەموو بەڵێن و قسە بریقەدار و گەورەکانی پەشیمان بێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشگێڕیش بێت بە لایدا نەچێت بەرانبەر بە پۆستێکی کارتۆنی بێبەها، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشمان گەر سەیر بکەین لەم کات و ساتە هەستیاردا کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا خەریکن و کاری بۆ دەکەن و باسی دەکەن لە کێشەی کەرکووک و لە تەعریب و داگیرکاری زەویوزاری کورد و لە دەرکردنی کورد لە پۆستە ئیداریەکان و ئاوارەبوونی خەڵک لە کەمپەکان و لە نەبوونی مووچە و کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد و کۆمەڵێک گرفتی تر لە بازگەکان لە باج و زەریبەکان، کەچی لە لای دکتۆر نە بای دێت نە باران (دەبێ بڵێین کاکی دکتۆر کورد ناحەق نییە کە دەڵێت کەر لە کێ کەوتووە کونده لە کێ دڕایە)!

قوربان ئێمە لە چین و تۆ لە چی؟ ئێمە شەڕی ماددەی 140 دەکەین! ئێمە باسی گەڕانەوەی کەرکووک دەکەین بۆ باوەشی کوردستان، ئێمە باسی بوژانەوە دەکەین، ئێمە باسی ڕێژەی 17% بەشی کوردستان دەکەین، کۆمەڵێک کێشەی ترمان هەیە، خێرە جەنابت لە دەرەوەی، ڕۆژێک لە کەنداو و پەیوەندییەکانی عێراق تاوتوێدەکەیت، ڕۆژێک دەچییە ئێران لە ڕاگەیاندنەکان باسی پەیوەندی عێراق و ئێران دەکەیت و لە ژێرەوەش هەرخوا عالمە و پێزانە چی دەکەیت و خوا سەهلی بکات، ڕۆژێک لەگەڵ پاپای ڤاتیکان عێراقچێتی دەکەیت، زەحمەت نەبێ دەکرێ بپرسین کەی کار بۆ کورد دەکەیت؟ یان تا کابینەی وەزارەت تەواو دەبێ پێیانگوتی دەرچە لە عێراق، تەداخولی کاریان مەکە، ڕەنگە وابێ ساڵی پاریش هەرواتان کرد، لە پاش 2017/10/16 کەرکووک گیرا، لە لای ئێوە دونیا شامی شەریف بوو، باسی دانانی پارێزگارتان دەکرد لە کاتێکدا پارێزگار هەر هی خۆتان بوو، لادرا، زۆر بەداخەوە لەسەر تەلەفزیۆنیش فێستیڤاڵی هونەری دەکرا و لە سلێمانیش جەژنی (هەلەوین) دەکرا، کاتێک هەتکی ناموسیی شارە بەناو قودسەکەی مامە دەکرا، ناموسیی کورد ئیهانە دەکرا، ڕۆڵەی کوردیش خوێنی لە ژێر تایەی زنجیری دەبابەی دوژمنان دەڕژا، کەچی هەموو شتێک باس دەکرا بەس باسی کورد نەدەکرا، خوا هەڵناگرێت سەرۆککۆماری ئەوکاتیش وەک بەڕێزت وایکرد! لە ژوورەکەی خۆی دەرنەچوو و هیچی نەکرد، بەس ئەوە ماوە بڵێین قوربان دەزانین و ئاگادارین خەباتتان وەرگرت، کەواتە هیچتان نەکرد، لاپەڕەی میژووتان لە ڕەشەوە ڕەشتر کرد و لە یادتان نەچێت، خەباتی دڵسۆزانتان زەحمەت تر کرد، کەواتە کوردتان ماندووتر کرد.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێری (پ.د.ک)**



گرنگی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و کەنداو

خەبات: تریفە ئازاد

رۆژی پێنج شەمەی رابردوو 22ی تشرینی دووەم 2018سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدای کردوو لەگەل بەرپرسانی بالای عێراق کۆبووە لە بارەی پرسەکانی هەرێم و بەغدا هەر لە میانەی ئەو سەردانەی بۆ بەغدا سەردانی چەند ولاتێکی کرد لە کەنداو سەردانەکەی سەرۆک بارزانی لە میدیا جیهانیەکان و ناوەخۆ دەنگدانەوەی زۆری دایەوە هاولاتیانیش ئەم سەردانە بە ئەرێنی وەسف دەکەن.

ئەستەمە بەبێ سەرۆک بارزانی ئاشتەوایی نیشتمانی بەد بێت

دکتۆر محەمەد زراری، مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی عێراق لە سالی 2003دروست بوونی دەوڵەتی نوێ لە عێراق و بەژداربوونی کورد وەک پێکهاتەی سەرەکی لەم دەوڵەتە وە دانانی دەستور بۆ عێراقی نوێ کە سەرۆک بارزانی ڕۆلێکی زۆر کاریگەری هەبوو لەنێوخۆی عێراق و دەرەوە وە ئەو پێشوازیە گەرمەی کە لەبەرێزیان کرا گەواهی دەربوو لەسەر هەرێم و شەری نەگریسی داعش، وە دوا بەدوای تەواو بوونی شەری داعش حکومەتی ناوەند هەر بەردەوام بوو لەو ئابلۆقانەی کە خستبویە سەر هەرێمی کوردستان کە هیچ مافێکی پێ ڕەوا نەئەبینی، بۆیە سەرکردایەتی کورد لەسەروی هەمویانەوە جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دا لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان کە ئەو هەلە مێژوویە ئەستەمە جارێکی تر دووبارە ببێتەوە وە ڕیفراندۆمیش ئەنجامدرا و بە ئەنجامێکی باشیش تەواو بوو، لەوکاتەوە نێوان هەرێم و ناوەند بەبەکجاری تێکچوو تا کار گەیشتە ئەوەی حکومەتی ناوەند هێرش بکاتە سەر ئەونواچانەی کەوا پێشمەرگە بە خوێن ئازادیان کردبوو، من لێرەوە ئەمەوێ باس لەوسەردانەی دوایی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەنێوخۆی عێراق و دەرەوە وە ئەو پێشوازیە گەرمەی کە لەبەرێزیان کرا گەواهی دەربوو لەسەر ئەوەی کە سەرۆک بارزانی چ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە چ لەنێو خۆی عێراق و چ لەدەرەوەی عێراق و ئەوە سەلمێندرا کە بەبێ سەرۆک بارزانی ئەستەمە ئەو ئاشتەواییە نیشتمانیە بەدی بێت، وەبەڕای من گرنکی ئەوسەردانەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا لە چەندین خاڵی سەرەکی خۆی ئەبینیتەوە.

-1ئاشتەوایی نیشتمانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند بەبێ بوونی سەرۆک بارزانی نایەتە دی ئەمەش لەو سەردانەی دوایی سەرۆک بارزانی سەلمێندرا کە چ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە عێراق و ناوچەکە . -2شکاندنی سەهۆل بەندی نێوان عێراق و هەرێم کە ئەمەش لەبەرژەوەندی هاولاتیانی عێراق و هەرێم دەبێت. -3لە ڕووی ئابوری چەندین دەستکەوت بەدی دێت بەتایبەت لەڕووی بازرگانی و نەهێشتنی خاڵە گومرکیەکان لەنێوان پارێزگاکان. -4هەڵگرتنی بارگرانی لەسەر هاولاتیان لەڕووی هاتوو چۆ کردن و گەشت کردن. -5گەڕانەوەی کورد بە قورسایییەوە بۆ بەغدا ئەک بەو لاوازیی کە پێشتر هەبوو. -6لە بێگەی نێو دەوڵەتی سەنگێکی بەهێزتر دروست ئەبێت بۆ هەرێمی کوردستان وە بەغداش درکی بەوە کردوە کەوا لە کاتی ڕوودانی گرژی و ئالۆزی لە کەنداوی عەرەبی پەکەوتنی بازرگانی عێراق کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراق لە کەنداوە،هەرێمی کوردستان ئەبێتە جێگرەوەی ئەو بازرگانیە کە وەک پردێک ئەتوانێت بەکاری بهێنیت. 7- ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە جاریکێتر بە ئاسانی شەڕ لە نێوان هەرێم و ناوەند ڕوونەداتەوە. -8زەمینە خۆشکەربوو بۆ جیبەجێ کردنی مادەی 140و ناردنی بودجەو شایستە داراییەکان بۆ هەرێمی کوردستان. -9دەرکەوتنی پارتی وەک هێزێکی گەورە لەعێراق چونکە پارتی براوەی هەردوو هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی هەرێم و عێراق بوو -10 پەیامێک بوو بۆ پارتە نەیارەکانی پارتی کەوا بارزانی چەندە گرنک و کاریگەرە لەسەر بریاردان لە نیوەندە سیاسی و ئابوریەکان لە عێراق و بەم سەردانەش ڕۆڵی ئەو پارتە نەیارانە لاوازتر بوو لە بەغدا.

دەرگای چارەسەری بەڕووی هەموو کێشەکان لە عێراق کرایەوە

کامەران رحمان، نووسەرو چاودێری سیاسی لە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بە ئەرێنی وەسف کرد و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گەرچی لە ڕابردوو پیلانێکی زۆر هەبوو لەسەر پارتی و بارزانی بەمەبەستی دورخستنەوەی بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق . بەڵام ئەنجام بدەن و بەشێکی زۆری خاکی کوردستان بکەوتە ژێردەستی ئەو وولاتەی کە ئێمە دەمان ویست لێی جیابینەوە، بەڵام سەرۆک بارزانی ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی جەماوەری و کاریزمای جەنابیان پەرەدەسێنێت ئەویش دوای ئەوەی کەئەو پارتەی سەرۆک بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات پارتی دیموکراتی کوردستانە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ببێتە تاکە حیزبی براوەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش هەربەحیزبی یەکەم و بێ ڕکابەر بمێنێتەوە و ڕێژەیەکی زۆری کورسیەکان بەدەست بێنێت، ئەوە لەکاتێکدا کە زۆر لەنەیارانی سەرۆک خەیالیان وابوو کە پێگەی سەرۆ وەک جاران نامێنێت و پارتیش لەڕووی ئاستی جەماوەریەوە زۆر کەم دەکات و بچووک دەبێتەوە بەڵام دوای ئەمانە بۆیان دەرکەوت کە ئەوخەیالە پلاوانەیان هەرگیز نایەتەدی بۆیە ئێستا سەرۆک لە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەڵام وەک سەرۆکی وولاتێکی جیهانی لە وولاتانی دەرەوە و ناوندە جیهانیەکان پێشوازی لێدەکرێت و بەسەر فەرشی سوری شاهانە لەو وولات بۆ ئەو وولات تێدەپەرێت و وولاتان پێشبرکێیتیان لەسەر سەردانکردنی کاریزمای کورد سەرۆک بارزانی بۆ وولاتەکەیان، بێگومان کاریگەری ئەو سەردانانەی سەرۆک بارزانی بۆ وولاتانی دەرەوە تایبەت مەندی خۆی هەیە چ لەڕووی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەڕووی سیاسیەوە بەسەردانکردنی سەرۆک بارزانی بۆ هەر وولاتێک ئەوە پەیوەندی ئەو وولاتە لەگەل کوردستان بەشێوەیەکی باش پەرەدەسێنێت و زۆرلایەنی ئەرێنی و گرینگی تێدا دێتە ئاراوە وە لەڕووی سەربازیەوە پشتگیری بەهێزی وولاتانی دەرەوە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستەبەردەکات و چ لەڕووی ناردنی چەک و تەقەمەنی و یاخوا سەربازانی وولاتە بۆ کوردستان وە چوونی سەرۆک و پەرەسەندی پەیوەندیەکان لەگەل وولاتانی دەرەوە لەڕووی ئابووریەوە دەرئەنجامی باش بەڕووی خۆی دادێنێت بۆ کوردستان و هانی ولاتە بازرگانەکان دەدرێت کەبێنە کوردستان کاری بازرگانی بکەن و کوردستان و دلنیابن لە ڕووی سەقامگیری ئابووری کوردستان و سەقامگیری ئەمنی کوردستان، بۆیە لەم چەند ڕۆژەی سەردانکردنی سەرۆک بارزانی بۆ وولاتانی دەرەوە جموجۆلێکی تەواوی بازرگانی کەوتۆتەوە بازارەکانی کوردستان ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات هەر هەنگاوو جوولەیەکی سەرۆک بارزانی داهاتوویەکی باشتر بۆ کوردستان فەرەهەم دەکات.

وڵاتە زلهێزەکان ئەمڕۆ بەگرنگیەوە دەڕواننە کەسایەتی و ڕۆڵی بارزانی

سیروان تۆفیق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لای هەموان ئاشکرایە پێگەی سەرۆک بارزانی و قورسایی لە گۆڕانکاری و ئایندەی ناوچەکە بەهەند وەردەگیرێت ئەوەش لەبەر چەندین هۆکاری گرنگ وەک کەسایەتی و ڕۆڵ و تێڕوانین و خوێندنەوەی سەرۆک بۆ پێشهاتەکان و کاریگەری پارتی و سەرۆک لەسەر گۆڕەپانەکە و میتۆو خەباتی بارزانیەکان وایکردووە لەهەمو گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە بۆچوونی سەرۆک بارزانی بەهەند وەربگیرێت ، چونکە بۆ هەموان ڕوونبۆتەوە کە کلیلی چارەسەری کێشەکان لە کوردستان و عێراق دواتر لای بارزانیە و هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەری کێشەکان بەبێ گەڕانەوە و وەرگرتنی سەرنج و بۆچوونەکانی بارزانی هیچ کات ئاکامی نابێت بۆیە وڵاتانی دەروبەر و ناوچەکە و زلهێزەکان ئەمڕۆ بەگرنگیەوە دەڕوانن کەسایەتی و ڕۆڵی بارزانی لە ناوچەکە جا چ بۆ سەقامگیری سیاسی بێت یاخود بۆ چارەسەری کێشەکان لە ناوچەکە لەبەر ئەوەی بارزانی ئەمڕۆ سیمبول و نوێنەرایەتی کوردستانیان هەر چوار پارچە دەکات و کێشەکان لەم وڵاتانە بەبێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعی سیاسی و نەتەوەیی کە سەرۆک بارزانیە شتێکی مەحاڵ و بێ هودایە . هەروەها لایەنێکی دیکەی سەردانەکەی سەرۆک لایەنی پتەو کردنی پەیوندیە دیبلۆماسی و ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دونیا و سود وەرگرتنە لە ئەزموون و شارەزایی ئەوان لە پێشخستنی ئەزمونی کوردستان.



دکتۆر محەمەد زراری



کامەران رحمان



محمد فرحان شێروانی



سیروان تۆفیق


محمد فرحان شێروانی، بەرپرسی لقی دەوربەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

مەسعود بارزانی،کاریزمایەکی هەڵکەوتوو لە جیهان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کوردستان بەتایبەتتر کەسێ چارەگە سەدەیە خەبات دەکات لەپێناو گەل و نشتیمانەکەی وەدوای نەمانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بۆ گەلی کورد و کوردستان و جیهان ئاشکرابوو کەپێگەی سەرۆک بارزانی لەکاریزمای کەسایەتیەکەیەتی نەک پۆستەکە وە دوای سوربونی سەرۆک بارزانی لەسەرپرسی ئەنجامدانی ڕ یفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلول ئەوە بۆ تەواوی تاک بەتاکی گەلی کورد و ناوچەکە ئسپادبوو کەسەرۆک بارزانی تاکە خەمخۆر و سەرکردەی کورد کەلەپێناو سەربەخۆی گەلەکەی ڕووبەڕووی هەموو جیهان بویەوە و توانی سەرکەوتوبێت و ڕێژەی زۆرینەی گەلی کورد لەگەل سەرۆک بارزانی گوتیان بەڵێ بۆ سەربەخۆی و کورد و وولاتێکی سەربەخۆ، بەڵام لەلایەن دژە کوردستانیان هەزم نەکراو توانرا خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ سەروبەندی ڕیفراندۆم دەبینین کە کوردانی باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە کوردانی باشوور زیاتر پشتیوانی ڕیفراندۆم بوون و وەک کوردانی باشوور خواست و ئامانجەکانیان لەسەر سەرکەوتنی ڕیفراندۆم هەڵچنیبو، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پەیامی کوردانەی سەرۆک بارزانی سنوورە دەستکردەکانی بڕیون و کوردی هەر چوار پارچەکەی لە دەوری ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان کۆ کردوونەوە، یان لە دوای ڕیفراندۆم و ئەو خیانەتەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەرامبەر بە کورد و خواستی سەربەخۆیی کوردستان کرا، کوردانی ڕۆژهەلات لە خۆپیشاندانەکانی کرماشان و سنە و شار و شارۆچەکەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هاواریان دەکرد: لێرە خاک نافرۆشین، لەبەر خاک دەمرین.

بەڵگەیەکی تر ئەوەتا (ئالتان تاک) پەرلەمانتاری هەدەپە لە وەڵامی پەرلەمانتاراکی جەهەپە بببێ چی دەڵێ: "سەرۆک بارزانی کوڕە مامی منە ، ئەو لەناو دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدایە ، تکایە بێدەنگ بە ،بە هیچ شێوەیەک باسی مەسعود بارزانی مەکە، ئەو سەرکردانەی ئێوە بێ ڕێزیان پێدەکەن، هەمان ئەو سەرکردانەن کە لە دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەف دان".

ئەو هزر و بیرە نەتەوەیی و نیشتیمانیەی لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی بووژاوەتەوە و ڕابەرایەتی دەکرێ، هێزگەلێکی وا دروست دەکات کە کۆتایی بە نەهامەتیەکانی سەر کورد و خواستی داگیرکاری و فراوانخوازی تورک و فارس و عەرەب دێنێ، بۆیە پێویستە کورد لە دەوری ئەو پەیامەی سەرۆک بارزانی کۆببنەوە، چونکە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی و چارەسەریشی لە سەربەخۆیی کوردستان و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی دایە.

هزر و بیری سەرۆک بارزانی هێزی سنووربڕە



سوورە مەرگەیی

دابەش کردنی کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆری سەفەوی و خەلافەتی عوسمانی لە سالی ١٥١٤و دواتر و لە دوای جەنگی چیهانی یەکەم دووبارە دابەش کردنەوەی بەسەر دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا، کێشەی کوردی لە کێشەیەکی نەتەوەییەوە کردە کێشەی ناوخۆی چوار دەوڵەتی داگیرکار و دژ بە ماف و ئازادیە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ئیتر لەوکاتەوە بڕینی ئەو سنوورە دەستکردانە بوونە هێڵی سوور و سنووربڕ لەلای هەر چوار دەگیرکارەکە وەک تاوانبار سەیر دەکرا.

یەکەم پێشەوا و ڕابەری کورد کە ئەو هێڵە سوورانەی خستنە ژێر پێی شۆڕگێڕانی کورد و بە دۆست و دوژمنی گوت: "کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتیمانە" بارزانی نەمر بوو، ئیتر لەو کاتەوە بارزانی و بارزانیەکان بوونە مۆتەکەی سەر سیاسەتی داگیرکاری و فراوانخوازی تورک و فارس و عەرەب و چەندین جار لە خەوی داگیرکاری و خۆزگەی لەناوبردنی کورد رای چڵەکاندوون.

ئەو هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانیانەی بارزانی و بارزانیەکان وایکردووە، هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستان بارزانی و بارزانیەکان بە دوژمنی خۆیان بزانن و چەندین جاریش لەسەر مێزی پیلانگێڕی و بەکارهێنانی هێز دژی بارزانی و بارزانیەکان کۆ بوونەتەوە.

بارزانی نەمر بە هێز ئەو سنوورە دەستکردانەی دەبڕین و لە کام بەشەی کوردستان کورد پێویستی بووبێ لەو بەشە ئامادە بووە، ئیستا سەرۆک بارزانی لە ڕووی فکری و بە گەشەپێدانی هزر و بیری نەتەوەیی ئەو سنوورە دەستکردانەی تێک شکاندوون و کوردانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان سەرۆک بارزانی بە پێشەوا و ڕابەری خۆیان دەزانن، بۆ بوونی ئەو ڕاستییەش زۆر بەڵگەی زیندوو لەبەر دەست دان.

یەکێک لەو بەڵگانە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستانە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەرکردانەن کە لە دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەف دان".

ئەو هزر و بیرە نەتەوەیی و نیشتیمانیەی لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی بووژاوەتەوە و ڕابەرایەتی دەکرێ، هێزگەلێکی وا دروست دەکات کە کۆتایی بە نەهامەتیەکانی سەر کورد و خواستی داگیرکاری و فراوانخوازی تورک و فارس و عەرەب دێنێ، بۆیە پێویستە کورد لە دەوری ئەو پەیامەی سەرۆک بارزانی کۆببنەوە، چونکە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی و چارەسەریشی لە سەربەخۆیی کوردستان و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی دایە.



هەڕێما کوردستانێ
بەرڤ حکومەتەک موئەسەساتی و ئابوریەکا بهێز

نەوزاد بارزانی

پارتی دیموکراتی کوردستان ب دروشمێ بەرڤ کوردستانەکا بهێز دەست ب بانگەشەیا خوە یا هەلبژاردنا کر د پروسا هەلبژراندنا پەرلەمانێ کوردستانێ بو خولا پێنجێ ئەو ل /25ێ ئیلونا ئیسال بریڤەچوین.

ئەڤ دروشمێ هان کو ژ ئالیێ پارتی دیموکراتی کوردستان هاتیە دەست نیشان کرن، نە تنێ دروشمەک بوو ژ بوو ئارمانجێن حزبی، بەلکو دیدەک بوو بوئایندێ هەڕێما کوردستانێ پێڤە دیار بوو، وەک پروژەیەک خوەدی بەگرەوەندەک سیاسی، ئابوری،یاسایی و جڤاکی و ئەمن و ئاسایشێ ل پشت هەبوو، ئەڤەژی دزڤرێتەڤە بو پرەنسیبێن پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتەک خودان مورکەک نەتەوەیی، کو ئەڤ مورکە پارتی ژ حزب و لایەنێن دن جودا دکەت.

ژبلی ڤێ دیدێ پارتی دیموکراتی کوردستان د قوناغا ئانی دا و ژبوی خو بەرهەف کرنەکا بهێز و جیاواز بو قوناغا داهاتی یا هەڕێما کوردستان ژ ئالیێ حوکمرانیێ ڤە، دڤێ سیستەمێ حوکمرانیێ بەرڤ سیستەمێ موسساتی ڤە بچە، ژبوی پتر بەرجەستە کرنا دادپەروەری و ب یاسایی کرنا سازی و کاروبارێن حکومەتێ، ژبلی نەهێلانا گەندەلیێ ئەوا د قوناغێن بوری دا ب زەقی دیار بوی و کارتێکرنەکا نەرینی کریە سەر رەوشا کاروبارێن حکومەتێ، ئەڤە زێدەباری خالێن دن د بەرنامێ پارتی دا کو ل دەمێ بانگەشا هەلبژاردنان دهاتن راگەهاندن.

ل ئەنجامێ وی بەرنامێ ڕێکوپێک و توکمەیێ پارتی و باوەری و پشتەڤانیا جەماوەرێ کوردستانێ، پارتی شیا سەرکەفتنەکا مەزن و دیروکی تومار بکەت و 45کورسیێن پەرلەمانی مسوگەر بکەت و وەکو پارتیا سەرکەفتیا ئێکی بێت ناس کرن و ئەرکێ پێک ئینانا کابینا پێنجێ یا حکومەتا هەرێمێ بکەڤیتە ستویێ وێ.

رەنگە بو پارتی ئەڤ ئەنجامە د چاڤەرێ کری بوون و ژبوی قوناغا پاش هەلبژارنان ژی پلانا خوە هەبویە، ئەوژی ب دەست نیشان کرنا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو بەرێژێرێ پارتی بو وەرگرتنا پوستێ سەرۆکێ حکومەتا هەرێمێ و راسپاردنا وی ب ئەرکێ پێک ئینانا کابینا نوی یا حکومەتێ.

ئەگەر لدویڤ ئەگەرێن دەست نیشان کرنا نێچیرڤان بارزانی بگەرێنێ و بزانین ژبەر چ پارتی ئەو بەرێژێر کریە؟

دڤێ بزڤرینەڤە بو پروژێ پارتی بو قوناغا نوی د پەیرەو کرنا سیستەمەک موساتی و بنەمایێن وێ و دیدا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو کەسایەتیەک لیبرالی و خودان دیبلوماسیەتەکا نارام، کو ئەگەر ل بەگرەوندا ڤان هەردوو دیدا ئاشنا بین دێ گەهینە وێ راستیێ کو ئەڤ هەردوو دیدە زور د گونجاینە دگەل ئێک و تەمامکەرێن هەڤدونە.

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو کەسایەتیەک لیبرالی و باوەری ب پروسا دیموکراسیێ هەیە و ئێک ژ بنەماسێن دیموکراسیێ د حوکمرانیێ را سیستەمێ موئەسەساتی یە، هێڤینەک بەرهەڤە بو پەیرەوکرنا ڤێ ئەندامانی بکات، جارێکی دیکە دەنگ بدنەوە. لەوانەیە مای هەولّی پشتیوانی بدات، بە نمایشکردنی دەرفەتەکە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، بۆ وردبوونەوە لێی و دەنگدان لەسەر ڕێکەوتنی بازرگانیی داهاتوو لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا (لە ئێستادا، پەرلەمانی ئەورووپا بە جیا دەنگی لەسەر دەدات، بەڵام ئەنجومەنی گشتیی ئەوە ناکات). لەوانەشە ئەندامانی پەرلەمان، هەوڵی خێراکردنی پشتڕاستکردنەوە لەسەر ڕێکەوتنی کشانەوەکە بدەن، ئەوەش ڕێوشوێنی پشتڕاستکردنەوەکە ئالۆز دەکات. مای وتی، جێگرەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەرلەمان، خۆی لە دانوستانی ئایندەیی نابینێتەوە، بەڵام لە نەگەیشتن بە ڕێکەوتن لە بنەڕەتەوە. هیچ هەڕشەیەکی هەڵپەسێردراو و هیچ هۆکارێکیش نییە، وا لە شانشینی یەکگرتوو بکات، لە ناکاو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت. بارنی دەزانێت، حکومەتی شانشینی یەکگرتوو، هەرچەندە چەندین ڕاگەیاندراوی هونەریی لەمبارەیەوە بڵاو کردووەتەوە، هێشتا ئامادە نییە، بەبێ ڕێکەوتن بچێتە دەرەوە، ئەوەش لەسەر زاری دۆمینیک راب، وەزیری کاروباری بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا هات، راب لەبەرامبەر کۆنگرەی ئابووریی ڕایگەیاند، بەم دواییە دەرکەوتووە، بەریتانیا بەزۆری پشت بە پرۆسێ د قوناغا نوی یا هەڕێمێ و حکومەتێ دا، ئەڤەژی بخو پرەکە ژبوی بەرچەستە کرنا یاسا و دادپەروەری و پاراستنا ماف و ئەکا یە، ئاڤا کرنا حکومەتەکا بهێزە ژ ئالیێ سیاسی و دیبلوماسی و ئابوری ڤە، مەرەما سەرەکی ژی ئاڤا کرنا جڤاکەک پێشکەفتی و سەردەمیانە و پتر خزمەتکرن و خوشگوزەرانی یە.

ئەڤە زێدەباری بەگرەوەندا دەولەمەندا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ل ئالیێ سیاسی و دیبلوماسی و ئابوری ڤە، ئەوا د قوناغێن بەرێ دا پەیدا کرین و وەکو ئەزمون و شارەزایی بوینە پشکەک ژ هێزا کەسایەتی.

تەڤایا ئەڤان خالان وێ باوەرێ پەیدا دکەن کو ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دێ سەرکەفتی بیت د ئەرکێ خوەدا، و دەرگەھ ل هەمبەری وی دڤەکرینە کو هەرێما کوردستانێ ل ئالیێ سیاسی و ئابوری ڤە ببیتە خوەدی پێڤەهەک مەزن ل سەر ئاستێ دەڤەرێ و جیهانێ ب گشتی، دکارین ئەوان دەرگەهان د ڤان خالێن خارێ دا ئاماژێ بو بکەین .

1- بەرەپێدان ب کارێ ئەوان کومپانیاییێن بیانی ییێن نها ل هەرێما کوردستانێ کارێ وەبەرهێنانێ دکەن، بێنە هاندان بو زێدەتر کرنا ئاستێ وەبەرهێنانێ ل هەرێما کوردستانێ ل سەر بنەمایێ بەرژەوەندییا هەڤبشک و پاراستنا بەرژەوەندییێن وان.

2- قوناغا نوی وێ چەندێ خویا دکەت کو هەرێما کوردستانێ دێ گرنگیا زێدە هەبیت ل سەر ئاستێ دەڤەرێ و جیهانێ و بەرژەوەندییێن وانا ییێن ستراتیجی و ئابوری، ئەڤ گرنگیە ل پێگەها جوکرافی و ئابوری یا هەرێمێ و گرنگیا وێ پەیدا دبیت کو ئەوژی ب دوو دەروازا خویا دبیت.

- دەروازا تورکیا بەرڤ ولاتێن ڕوژئاڤا و جیهانێ.

- دەروازا سوریا بەرڤ ولاتێن کەنداڤێ.

پشت راست بوونا مە ژ ڤان دەروازا دزڤرێتەڤە بو ئەو گوهرینا هێزا سیاسی ئەوا ل عیراقێ و هەرێما کوردستانێ پەیدا بووی پاش هەلبژاردنێن ئەنجومەنێ نوێنەرێن عیراقێ و پەرلەمانێ کوردستانێ، کو پارتی ب هێزا ئێکی ل سەر ئاستێ عیراقێ ب گشتی هاتی ناسین، زێدەباری شکەستنا ئەو پیلانێن نافخویی و ئەقلیمی ل دژی قەوارا هەرێما کوردستانێ و پارتی دیموکراتی کوردستان ب تایبەتی، کو ئەڤ هەردوو خالە بوونە ئەگەرێ گوهرینا نەخشێ سیاسی و ئابوری ل دەڤەرێ و تەڤایا لایەنێن دەوروبەر و دەرڤە ژی نەچار کرن ملکەچ بن ب دیدو بو چونێن سەرکردایەتیا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ بو ئایندێ دەڤەرێ و پەیوەندییێن دناڤبەرا هەولێر و بەغدا دا، ل سەر ئەڤێ دیدا پارتی ئەوژی نەچار بوون دید و بوچونێن خوە ب بگوهرن و بەرژەوەندییێن خوە ب بەرژەوەندییێن هەرێما کوردستانێ ڤە گرێ بدەن.

ل سەر ئەزمانبنەمایان پێشبینیا ئایندەکێ کەش بو هەرێما کوردستانێ دهێت کرن، هەروسا ل سەر ئاستێ دەڤەرێ ژی ئەمن و ئاسایش دێ بەرقەرار بیت دویر ژ دەرماگیریا مەزهەبی و تائیفی و دەستێوەردان و خوەسەپاندنێ.



کوردستان لە میدیای جیهاندا

کۆبوونەوەی سەرکردە باڵاکەی کورد لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکان

AFP

سەردانی مەسعوود بارزانی سەرکردەی باڵای کورد لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەغدا وەکو یەکەم سەردانی دوای بەڕێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان وەکو هیمایەکی دیکە باشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و کوردستانی عێراق دەخوێندرێتەوە.بارزانی پێشتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە و ئێستا سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە کە ئەم پارتە لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ئەمسالّی پەرلەمانی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و بوو بە پارتی یەکەم.دوای لەشکرکێشی هێزە عێراقیەکان بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی جێی ناکۆکی، ببوو هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان ، بەڵام هەر لەو کاتەی کە عادل عەبدولمەهدی بووەتە سەرۆکوەزیرانی عێراق پێدەچێت پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر پێشکەوتنی باش بەخۆیەوە ببینێت.مانگی رابردوو پالێنراوی بارزانی ، فوئاد حوسێن وەکو وەزیری دارایی عێراق دەستنیشان کرا و هەردوو لایەنی بەغدا و هەولێر دەستیان بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکیان کردۆتەوە .

عێراق لەگەڵ کوردستان، ڕێوشوێنەکانی گومرکەکان یەکدەخات

Reuters

عێراق ڕێوشوێنی گومرکەکانی لە سەرجەم خاڵە سنووریەکانی بە هەرێمی نیمچە سەربەخۆیی کوردستانیشەوە یەک دەخات.لەمبارەیەوە ، عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق ، ئامانجی بە باشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە قەڵەم دەدرێت دوای ئەوەی کە دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک کراوەتەوە.ئەم بڕیارە دوای گەیشتن بە ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دێت.ڕێوشوێنەکانی یەکخستنی گومرکەکان کارئاسانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان و شمەکەکان دەکات.ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ باجی لەسەر کالاکانی لە ناوچە سنووریەکانی ژێر کۆنترۆڵی داناوە کە بەغدا بە نایاسی دادەنێت.لە بەرامبەردا ، بەغدا ، باجی زیاتری خستووەتە سەر ئەو کالایانەی کە لە خاڵە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان دێن و دووقاتبوونی گومرەکان باری بازرگانانی قۆرس کردووە.عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕوونی کردۆتەوە کە لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆدەبێتەوە کە سەردانی بەغدای کردووە.دوای دەستلەکارکێشانەوەی بارزانی ، پارتەکەی وەکو گەورەترین پارتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.هەروەها دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ، بارزانی وەکو یەکێک لە کەسایەتی هەرە کاریگەرەکانی کورد لە عێراقە و یەکەمجارە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی 2017سەردانی بەغدا دەکات.عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوە داوە کە لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بارزانی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا پرسە هەرە گرنگەکان دەبێت کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی نێ،وان هەولێر و بەغدا.ئێمە دەمانەوێت یارمەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی بدەین)).

پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدا

China.org.cn

سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ بەغدا پایتەختی عێراق لەلایەن شرۆڤەکارانەوە وەکو دەرفەتێک بۆ چاک کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە قەڵەم دەدرێت دوای ئەوەی کە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان پارسڵ ئەنجام درا.سەردانی بارزانی دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێکەوتنی هەردوولا هات کە دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک کراوەتەوە.ئەم بڕیارە دوای گەیشتن بە ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دێت.ڕێوشوێنەکانی یەکخستنی گومرکەکان کارئاسانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان و شمەکەکان دەکات.ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ باجی لەسەر کالاکانی لە ناوچە سنووریەکانی ژێر کۆنترۆڵی داناوە کە بەغدا بە نایاسی دادەنێت.لە بەرامبەردا ، بەغدا ، باجی زیاتری خستووەتە سەر ئەو کالایانەی کە لە خاڵە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان دێن و دووقاتبوونی گومرەکان باری بازرگانانی قۆرس کردووە.عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕوونی کردۆتەوە کە لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆدەبێتەوە کە سەردانی بەغدای کردووە.دوای دەستلەکارکێشانەوەی بارزانی ، پارتەکەی وەکو گەورەترین پارتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.هەروەها دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ، بارزانی وەکو یەکێک لە کەسایەتی هەرە کاریگەرەکانی کورد لە عێراقە و یەکەمجارە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی 2017سەردانی بەغدا دەکات.عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوە داوە کە لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بارزانی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا پرسە هەرە گرنگەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی نێ،وان هەولێر و بەغدا.ئێمە دەمانەوێت یارمەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی بدەین)).

بڕێکست پێ دەنێتە نێو مەترسیدارترین قۆناغەکانییەوە

تریزا رافائیل

خۆزگە دەخوازم، باش سەرنج بدەن، ئەگەر گەورە دانوستکاری یەکێتیی ئەورووپا ، میشێل بارنەر، دەستەواژەی (پێشکەوتنی یەکلاییکەرەوە) بەکار بێنێت، لە ماوەی ڕۆژانی داهاتوودا. ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، ئەو دەستەواژەیە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی، شانشینی یەکگرتوو و یەکێتیی ئەورووپا ، لەسەر مەرجەکانی جیابوونەوە ڕێکەوتوون، ئەوکات لوتکە دەبەسترێت و دووکەڵی سپی لە هەوا بەرز دەبێتەوە.

ئەوەش دەبێتە ساتێکی جیاکەرەوە، دوای 16مانگ لە دانوستانی دراماتیکی. مانای وا دەبێت، هەردوولا گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێکی بەرین، کە ڕێکەوتن لەسەر کێشەی سەرسوڕمێنەری تایبەت بە سنووری نێوان ئێرلەندا و باکووری ئێرلەنداش لەخۆ دەگرێت. بەڵام تەوقەکردن بەدەست، کە لەنێوان گەورە دانوستکاری هەردوو لا لەسەر مێز دەکرێت، بە چرپەوە دەیڵێم، ئاسانترین لایەن دەبێت، چونکە ئەستەمترین لایەن، پەیوەست دەبێت بەوەی، ئایا پەرلەمانی بەریتانیا، کە هێشتا دەنگی لەسەر نەداوە، پشتڕاستی دەکاتەوە، ئەوەش شتێکە، ناتوانیت ئەگەری ڕووداوی بکەیت. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات، لە پەرلەمان زۆرینە بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپادا نییە، بێ ئەوەی ڕێکەوتن بکرێت، ڕێکەوتنیش تاکە ڕێگەیە بۆ دەرچوونێکی ڕێکوپێک.

ئەندامانی پەرلەمان دووبارە دەیانەوێت بە هەمان ئاراستەدا گوزەر بکەن، لەوانە خاتوو ئارلین فۆرستەر، سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی ئێرلەندای باکوور، ئەوەی تریزا مای، بۆ بەدەستهێنانی زۆرینە لە ئەنجومەنی گشتیی پشتی پێدەبەستێت. فۆرستەر لەدژی هەر ڕێکەوتنێکە، کە مامەڵەی لەگەڵ ئێرلەندای باکوورد پێ بکرێت، بە شێوازێک کە لە ناوچەکانی دیکەی شانشینی یەکگرتوو جیاواز بێت. لە نامەیەکیدا کە ڕۆژنامەی زە تایم دانەیەکی دەستکەوتووە، فۆرستەر داوای دڵنیایی لە مای دەکات، بەوەی واژوو لەسەر ڕێکەوتنێک ناکات، کە ئەگەری نانەوەی دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. هێشتاش زمانی مای، وەکو ئەو بۆی دەچێت، ڕێگە بە کێشانی سنورێکی دەریایی لە دەریای ئێرلەندا دەدات. سامی ویلسۆن، ئەندامی پارتی یەکێتیی دیموکراتی هۆشداریی داوە، پارتەکەی هەر ڕێکەوتنێک ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر پشت بە ناوەڕۆکی وتارەکەی مای ببەستێت. لەمبارەیەوە ویلسۆن لە توێتێکی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوویەتی:"سەرۆک وەزیران سزاکان دەزانێت و دەبێت لە ئێستاوە بە چاکی بیر بکاتەوە". دێڤید دیڤیس، وەزیری کاروباری دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا ، کە دوای ڕاگەیاندنی پلانەکەی مای، بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی بازرگانی و ئالوگۆڕکردنی کاڵاکان، لەنێوان شانشینی یەکگرتوو و ئەورووپا وازی هێنا ، ڕایگەیاند دۆڕان لە ئەنجومەنیی گشتیی (ئەگەری زۆرە). ئەمەو حکومەت تووشی باندۆرەکانی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریی یاسایی بووە، ئەوانەی تایبەت بە ڕێکەوتنەکە بەر گوێی دەبخستێت، ئەوەی هیچ مەرجی ڕوونی بۆ ئایندە پێ نییە، زیانبەشی بۆ بازرگانیی و کارەکان دەبێت.

خشتەی تەسکی کات و تاوتوێیەکانی پەرلەمان، لە ڕوونییەوە دوورن، ئەگەر ئەنجومەنی گشتیی ڕێکەوتنەکە ڕەت بکاتەوە، لەوانەیە ئەنجومەنەکە داوای لە پارتەکە بۆ بڕیاردانی، ئایا بکرێت، ڕێگەیە بۆ دەرچوونێکی ڕێگەیە بۆ دەرچوونێکی ڕێکوپێک.

ئەندامانی پەرلەمان دووبارە دەیانەوێت بە هەمان ئاراستەدا گوزەر بکەن، لەوانە خاتوو ئارلین فۆرستەر، سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی ئێرلەندای باکوور، ئەوەی تریزا مای، بۆ بەدەستهێنانی زۆرینە لە ئەنجومەنی گشتیی پشتی پێدەبەستێت. فۆرستەر لەدژی هەر ڕێکەوتنێکە، کە مامەڵەی لەگەڵ ئێرلەندای باکوورد پێ بکرێت، بە شێوازێک کە لە ناوچەکانی دیکەی شانشینی یەکگرتوو جیاواز بێت. لە نامەیەکیدا کە ڕۆژنامەی زە تایم دانەیەکی دەستکەوتووە، فۆرستەر داوای دڵنیایی لە مای دەکات، بەوەی واژوو لەسەر ڕێکەوتنێک ناکات، کە ئەگەری نانەوەی دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. هێشتاش زمانی مای، وەکو ئەو بۆی دەچێت، ڕێگە بە کێشانی سنورێکی دەریایی لە دەریای ئێرلەندا دەدات. سامی ویلسۆن، ئەندامی پارتی یەکێتیی دیموکراتی هۆشداریی داوە، پارتەکەی هەر ڕێکەوتنێک ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر پشت بە ناوەڕۆکی وتارەکەی مای ببەستێت. لەمبارەیەوە ویلسۆن لە توێتێکی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیوویەتی:"سەرۆک وەزیران سزاکان دەزانێت و دەبێت لە ئێستاوە بە چاکی بیر بکاتەوە". دێڤید دیڤیس، وەزیری کاروباری دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا ، کە دوای ڕاگەیاندنی پلانەکەی مای، بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی بازرگانی و ئالوگۆڕکردنی کاڵاکان، لەنێوان شانشینی یەکگرتوو و ئەورووپا وازی هێنا ، ڕایگەیاند دۆڕان لە ئەنجومەنیی گشتیی (ئەگەری زۆرە). ئەمەو حکومەت تووشی باندۆرەکانی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریی یاسایی بووە، ئەوانەی تایبەت بە ڕێکەوتنەکە بەر گوێی دەبخستێت، ئەوەی هیچ مەرجی ڕوونی بۆ ئایندە پێ نییە، زیانبەشی بۆ بازرگانیی و کارەکان دەبێت.

خشتەی تەسکی کات و تاوتوێیەکانی پەرلەمان، لە ڕوونییەوە دوورن، ئەگەر ئەنجومەنی گشتیی ڕێکەوتنەکە ڕەت بکاتەوە، لەوانەیە ئەنجومەنەکە داوای لە پارتەکە بۆ بڕیاردانی، ئایا دەروازەی (دۆڤەر کالیێ) دەبەستێت، چونکە نزیکەی 20%بازرگانیی شانشینی یەکگرتوو و کاڵاکانی لەوێوە ڕەت دەبن.

ئەگەر ئەنجومەنی گشتیی ڕێکەوتنی جیابوونەوە ڕەت بکاتەوە، حکومەت لەسەری دەبێت لەماوەی 21ڕۆژدا، داوای دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک بکات، کە تێیدا ئاراستەی داهاتووی خۆی دیاریی بکات. پێشبینی دەکرێت، پەرچەکرداری تووندی بازارەکان، پاڵ بە پەرلەمانەوە بنێت، دووبارە بیری لێ بکاتەوە، بۆیە ئەگەری دەنگدانی دووەم، هەر لە ئارادا دەبێت. بەڵام چی ڕوو دەدات، ئەگەر حکومەت بڕیار بدات، بێ بەستنی هیچ ڕێکەوتنێک، لە گوزەرکردن لە ڕێگەی دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام بێت، نەخاسمە هێشتا لە پەرلەماندا، زۆرینەی ڕوون سەبارەت بە دەرچوون بە بێ ڕێکەوتن نییە ؟ لەو حاڵەتەدا دوور نییە، حکومەت بخرێتە بەر دەنگدان بۆ سەندنەوەی متمانە لێی. لەوانەیە ڕۆژ و هەفتەکانی داهاتوو، وەکو ئەوانی پێشوو ڕەت بێن، واتە بێ هیچ شتێکی تازە لە ئاسۆدا. بەڵام ئەگەر بڕیارنەر باسی وتەی(پێشکەوتنی یەکلاییکەرەوە)ی کرد، دەبێت ئەوکات، وتە باوەکیمان بەبیر بکەوێتەوە کە دەڵێت:"ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی ڕێک نەکەوین".

و: ڕەمزی میرەکانی

پێداچوونەوە بە ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی کارەبا دەکرێت

بەمەبەستی پێداچوونەوە بە ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی کارەبا بۆ هاوڵاتیان؛ ڕێکەوتی 2018/11/27 هۆگر شاڵی بریکاری وەزارەتی کارەبا سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی کارەباش ئامادەیبوون، باس لە هەموو ئەو تێبینی و پێشنیازانە کرا کە بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی کارەبا بۆ وەزارەت بەرزکرانەتەوە. بریکاری وەزارەتی کارەبا دوای ئەوەی گوێبیستی ڕاوپێشنیارەکانی ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی کارەبا بوو، داوای کرد ڕێنمایی و مەرجەکانی کارەبا بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە لەخزمەتی هاوڵاتیان و کارئاسانی بەڕێوەچوونی کارەکانیاندا بێت، هەروەها بەتوندی سزای دارایی ئەو کەسانەش بدرێت کە سەرپێچی دەکەنە سەر تۆڕەکانی کارەباو دەسکاری پێوەرەکانی کارەبا دەکەن، چونکە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دزییەوە و زیانی گەورە دەگەیەنێتە دابەشکردنی کارەبا و پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان.

هەولێر... کۆنفراسێک بۆ 100 ڕزگاربووی شێرپەنجە سازکرا

بەردی بناغە بۆ سەنتەری چارەسەر بە تیشک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە دانرا



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لە هوتێلی ڕۆتانای هەولێر لەلایەن ئەنجوومەنی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە ئامادەبوونی هەریەکە لە دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێم و دکتۆر دارا ڕەشید سەرۆکی سندوقی شێرپەنجەو دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی پلان و کونسوڵی ولاتان و ژمارەیەک لە نەخۆشانی شێرپەنجەو پزیشکانی پسپۆڕو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان، کۆنفراسی 100 ڕزگاربووی شێرپەنجە خەلاتی سەرکەوتن بەسەر نەخۆشییەکەیان پێدراو کۆنفراسەکەش دوو ڕۆژی خایاندو تیایدا ژمارەیەک پسۆرانی شێرپەنجە بەشداریان لە کۆنفراسەکەدا کرد. پاشان لەو کۆنفراسەدا چەندین پانێڵی تایبەت بە شێرپەنجەو ڕۆڵی بەرچاوی حکومەتی هەرێم لەسەر کەمکردنەوەی مەترسیەکانی نەخۆشیەکە بۆ ئامادەبووان باسیان لێوەکرا. لە وتەیەکدا دکتۆر دارا ڕەشید سەرۆکی سندوقی شێرپەنجە ڕونیکردەوە: لەسەرەتادا دەمەوێت ڕۆڵی بەرچاوی حکومەتی هەرێم باس بکەم کە کاری سەرکەوتووانەی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە ئەنجامداوەو وەزارەتی تەندروستیش ڕۆڵی کاری گێڕاوە بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتی کردنی سندوقی شێرپەنجەو پاریزگاری هەولێریش هەمیشە پاڵپشتی و هاوکاری کردنی وەزارەت وتووشبووانی ڕاگەیاندووەو زۆر خۆشحاڵین ئەمڕۆکەش بەردی بناغەی سەنتەری چارەسەری بە تیشک بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دابین کردنی دوو ئامێر بۆ ئەو سەنتەرە دادەنرێت دیارە بەردی بناغەی ئەو سەنتەرە لە ژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دادەنرێت و دوای تەواوبوونی دەبێتە سەنتەرێکی سوودبەخش بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دەستخۆشی لەو خێرخوازانەش دەکەین کە هەمیشە پاڵپشتیان لە تووشبووانی شێرپەنجە کردووەو بەردەوام دەبین لە زیاتر هاوکاری کردنی تووشبووان. دواتر نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر ڕونیکردەوە: دەستخۆشی لە ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە دەکەین کە هەمیشە خەمخۆری تووشبووانی شێرپەنجەیەو خۆشحاڵین لە ڕێوڕەسمێکی دڵخۆشکەردا 100 چارەسەرکراوی تووشبووی شێرپەنجە کە گیانیان پارێزراوە لە شێرپەنجە دیارە پزیشکانی پسپۆڕو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان، کۆنفراسی 100 ڕزگاربووی شێرپەنجە خەلاتی سەرکەوتن بەسەر نەخۆشییەکەیان پێدراو کۆنفراسەکەش دوو ڕۆژی خایاندو تیایدا ژمارەیەک پسۆرانی شێرپەنجە بەشداریان لە کۆنفراسەکەدا کرد. پاشان لەو کۆنفراسەدا چەندین پانێڵی تایبەت بە شێرپەنجەو ڕۆڵی بەرچاوی حکومەتی هەرێم لەسەر کەمکردنەوەی مەترسیەکانی نەخۆشیەکە بۆ ئامادەبووان باسیان لێوەکرا. لە وتەیەکدا دکتۆر دارا ڕەشید سەرۆکی سندوقی شێرپەنجەو ڕونیکردەوە: لەسەرەتادا دەمەوێت ڕۆڵی بەرچاوی حکومەتی هەرێم باس بکەم کە کاری سەرکەوتووانەی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە ئەنجامداوەو وەزارەتی تەندروستیش ڕۆڵی کاری گێڕاوە بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتی کردنی سندوقی شێرپەنجەو پاریزگاری هەولێریش هەمیشە پاڵپشتی و هاوکاری کردنی وەزارەت وتووشبووانی ڕاگەیاندووەو زۆر خۆشحاڵین ئەمڕۆکەش بەردی بناغەی سەنتەری چارەسەری بە تیشک بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دابین کردنی دوو ئامێر بۆ ئەو سەنتەرە دادەنرێت دیارە بەردی بناغەی ئەو سەنتەرە لە ژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دادەنرێت و دوای تەواوبوونی دەبێتە سەنتەرێکی سوودبەخش بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دەستخۆشی لەو خێرخوازانەش دەکەین کە هەمیشە پاڵپشتیان لە تووشبووانی شێرپەنجە کردووەو بەردەوام دەبین لە زیاتر هاوکاری کردنی تووشبووان. دواتر نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر ڕونیکردەوە: دەستخۆشی لە ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە دەکەین کە هەمیشە خەمخۆری تووشبووانی شێرپەنجەیەو خۆشحاڵین لە ڕێوڕەسمێکی دڵخۆشکەردا 100 چارەسەرکراوی تووشبووی شێرپەنجە کە گیانیان پارێزراوە لە شێرپەنجە دیارە بەردی بناغەی ئەو سەنتەرە لە ژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دادەنرێت و دوای تەواوبوونی دەبێتە سەنتەرێکی سوودبەخش بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دەستخۆشی لەو خێرخوازانەش دەکەین کە هەمیشە پاڵپشتیان لە تووشبووانی شێرپەنجە کردووەو بەردەوام دەبین لە زیاتر هاوکاری کردنی تووشبووان. دواتر نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر ڕونیکردەوە: دەستخۆشی لە ئەنجوومەنی سندوقی شێرپەنجە دەکەین کە هەمیشە خەمخۆری تووشبووانی شێرپەنجەیەو خۆشحاڵین لە ڕێوڕەسمێکی دڵخۆشکەردا 100 چارەسەرکراوی تووشبووی شێرپەنجە کە گیانیان پارێزراوە لە شێرپەنجە دیارە بەردی بناغەی ئەو سەنتەرە لە ژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دادەنرێت و دوای بەیاسای ساڵی 2012ی پەرلەمانی کوردستان و پاڵپشتی حکومەتی کوردستان زۆر دڵخۆشکەربوو بۆ تووشبووانی شێرپەنجەو دەرەنجامی باشی لێکەوتۆتەوەو 100 لەو تووشبووانە ڕزگارکراون، ئەو هەنگاوەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ هەموومان و جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە وەزیری تەندروستی بکەم کە دڵسۆزانە کاری کردووەو پزیشکان و کارمەندانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووەو سوپاسی هەموو خێرخوازانیش دەکەین بەتایبەتی ئەحمەد ئیسماعیل لە نەخۆشخانەی نانەکەلی و کۆمەڵەی ئارامو هەموو ئەوانەی کە هاوکاری تووشبووانیان کردووە. پاشان وەزیری تەندروستی لە ووتەیەکدا ڕونیکردەوە: زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ بەردی بناغە بۆ سەنتەری چارەسەر بە تیشک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە دانراو دەستخۆشیش لە سەرۆکی سندوقی شێرپەنجە دەکەین و دەست خۆشیش لە هەموو خێرخوزان دەکەین کە پاڵپشتی تە واوی تووشبووانی شێرپەنجەیان کردووە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆکە لەڕێوڕەسمێکی ناوازەدا مژدەی چارەسەرکردنی100 لە تووشبووان ڕادەگەیەنین دیارە ئەو هەنگاوەش بە دەسکەوتێکی گەورە دەژمێردرێت. دواتر لە وتەیەکدا سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێم ڕونیکردەوە: خۆشحاڵین ئەمڕۆکە چارەسەری 100 لە تووشبووانی شێرپەنجە دەکرێت و لێرەوە دەستخۆشی لە ئەنجومەنی سندوقی شێرپەنجەش دەکەین کە هەمیشە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ چارەسەرکردنی تووسبووانی شێرپەنجەدواتر لە ڕەوڕەسمێکی شایستەدا بەردی بناغەی سەنتەری چارەسەری بە تیشک بۆ تووسبووان دانرا.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف بە بۆنەی مانگی مەولودی پیرۆز ئاهەنگێک لە کەسنەزان بەڕێوەچوو



بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق عەبدوڵڵا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوان مامۆستا عەباس بەڕێوەبەری خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی پەروەردە و سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێرو میوانان و زانایانی ئایینی بەبۆنەی مانگی مەولودی پیرۆز، ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی لە شارۆچکەی کەسنەزان ئاهەنگێکی سروودو گۆرانی ئایینی ڕێکخست. تیایدا چەندین سروودی ئایینی و وتارو چالاکی هونەری و پێشانگای کاری دەستی قوتابیان نمایش کران، دواتر وەزیری پەروەردە سەردانی پێشانگای کاری هونەری قوتابیانی کرد کە بۆ میوانان نمایش کرابوون و خەلاتی تایبەتیشی بەسەر قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی لە کەسنەزان دابەشکرد وێڕای پیرۆزبایی، هیوای سەرکەوتنی بۆ قوتابیانی ئازیز خواست.


کەلار... فرۆشیارێکی مادەهۆشبەرەکان بە 15 ساڵ زیندانیکردن سزادرا

خەبات ـ سەبریە یەسف:

دوێنێ دادگای تاوانەکانی کەرکەک- گەرمیان، گەنجێکی لەشارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان سزادا، پاش ئەوەی بەر لە پێنج مانگ لەلایەن ئاسایشەوەگیرابوو.

لەو بارەوە، عوسمان عەبدوللەکەریم، بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئاسایشی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی لە 2018/5/3 لە لایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان توانرا تاوانبارێک بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەهۆشبەرەکانەوە بەناوی (ک. م. ر) لە دایک بووی 1978 بەرەگەز کورد و دانیشتووی قەزای کەلار دەستگیربکرێت و پاشان دۆسیەکەی خرایە بەردەم بەرێز دادوەری لێکۆڵینەوەو پاش چەندین دانیشتنی دادگا و خستنە ڕووی بەڵگەکان و دانپێدانانی تاوانباری ناوبراو بە تاوانەکەیدا. وتیشی: سەرەنجام ڕۆژی 2018/11/28 لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان بڕیاری سزادانی تاوانباری ناوبراو بە پێی ماددەی 14 اولا-ب-1ماده هۆشبەرەکان بە ماوەی 15 ساڵ زیندانی و بڕی پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی پێبژاردن سزادرا.

دەستبەسەر دوو چەک و چەند چەقۆیەک و خەنجەرێکدا گیرا



لەڕاگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک دەست مالپەری کوردستان تیڤی کەوتووە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، شەوی ڕابردوو هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ئازادی بە هەماهەنگی هەریەک لە هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرا و چوارچرا هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینیان لە سنوری گەڕەکی ئازادی ئەنجامدا. لەو هەڵمەتەدا دەستگیرا بەسەر چەکێکی جۆری کلاشینکۆڤ و چەکێکی جۆری دەمانچەدا و زیاتر لە 80 فیشەک و چەند پارچە چەقۆ بۆکس خەنجەرێکدا، هەروەها زیاتر لە 40 پەردەی سەیارەو لەزگەی جام ڕەش لێکرانەوە کە بەپێی یاسا ڕێگە پێدراو نییە. پۆلیسی سلێمانی ڕاشیدەگەیێنێت، گەڕان و پشکنینەکانی بنکەکانی پۆلیسی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەردەوامییان دەبێت و هەرکەسێک سەرپێچی یاسا بکات دەستگیردەکرێت و ڕوبەڕوی یاسا دەکرێتەوە.

خاوەن دوکانەکانی قەیسەریی کەرکووک خۆپیشاندانیان کرد



دوای ئەوەی بازاڕی گەورەی قەیسەریی کەرکووک ئاگری گرت و زەرەر و زیانێکی زۆری مادی بە دووکانداران گەیاند، دوێنێ خاوەند دوکانەکانی کەرکووک خۆپیشاندانێکیان دەستپێکرد.

سەرەڕای ئەوەی دوو لێژنە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و لێژنەیەکیش لە پەرلەمانی عێراق بۆ بەدواداچوون لە هۆکاری ئاگرگرتنی بازاری قەیسەریی کەرکووک سەردانی ئەو شارەیان کردووە و دەگوترێت هەوڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی خەڵک دەدرێت، بەڵام خاوەن دووکانەکان ناڕازین و باس لەوە دەکەن کە دەستێک لە پشت ئەو ئاگر کەوتنەوە هەیە، چونکە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە و سامانی هەموویان تێدا چووە.

خاوەن دووکانێک لەناو خۆپیشاندەران دەڵێت: زیان و خەسارەتی ئەم خەڵکە بە ملیۆنان دۆلارە و ئێمە بەتەمای قەرەبوو و بەڵێنیی حکوومەت و لێژنە نین، چونکە دوو کاتژمێری تەواو بازارەکە سووتا هیچ کەس و لایەنێک هاوڵی کۆنترۆڵکردنی نەدا، ئەم بازارە ڕەنجی شانی خەڵکی کاسبکار و هەژاری کەرکووکییەکانە.

ئامادەی بەوەش کرد: دەسەڵاتدارانی ئەم شارە هەموو درۆ دەکەن و بەڵێنەکانیان بێ بنەمان، هەقە خەڵک شاربەدەریان بکات، چونکە ئەو دووکانانە ڕەنجی شانی ئێمە و نانی منداڵەکانمان بوو

زۆربەی خۆپیشاندەر و خاوەن دووکانەکان گومانیان لە شێوازی ئەو ئاگرکەوتنەوەکە هەیە و دەڵێن ئەم ڕووداوە گومانلێکراوە و ئاگری تێ بەر دراوە، چونکە شێوازی دووکانەکان و دار و خشت و پێکهاتەی زۆر پتەو بووە و لە ڕووداو ناچێت.

163 ساڵ لەمەوبەر بازاری قەیسەریی کەرکووک دروست کراوە و بە دیزانێکی جوان و لە 24 کۆڵان و دوو نەهۆم و 365 دووکان پێکهاتووە، یەکێک لە سەنتەرە گرنگەکانی بازرگانی کەرکووکە، بەڵام بەهۆی ئەو ئاگرەوە سەرجەم دووکانەکان سووتاون.

کەلار... لە سیمنارێکدا منداڵان فێری خۆپاراستن لە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە دەکرێن



خەبات ـ سەبریە:

دوێنێ منداڵانی باخچەی منداڵانی ئازادی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی گەرمیانیان کرد لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، ئەوانیش لەڕێگەی سیمینارێکەوە منداڵانیان لە چۆنێتی خۆپاراستن. نیعمەمەت عەلی، لە ڕاگەیاندنی بەرگریی شارستانی گەرمیان بەخەباتی ڕاگەیاند: بەمەبەستی وەرگرتنی کۆمەڵێک ڕێنمایی و زانیاری و هەروەها ئاشنابوون بە ئیش و کارەکانی کارمەندانی بەرگری شارستانی، ئێمەش هەستاین بە پێشکەشکردنی سیمینارێک لەلایەن بەشی هونەری بەڕێوەبەرایەتیمانەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە لە باخچەی منداڵانەوە هێنرابوونە لامان.

وتیشی جەخت لەسەر چەند خاڵێک کرایەوە، لەوانە: خۆپاراستن لە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە. چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لە ناو چێشتخانەدا. چۆنێتی بەکارهێنانی ئامێری ئاگرکوژێنەوەی دەستی. بەکارنەهێنانی یارییە ئاگرینەکان.

لە کەلار بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە هاووڵاتییەک گیانی لەدەست دا

خەبات ـ سەبریە : بەرپرسی ڕاگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان، ئاشکرای کرد، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کەسێکی تەمەن 78 ساڵ، بەهۆی ڕووداوێکی شێلانەوە گیانی لەدەست دا. نەقیب کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: سەر لە بەیانیی ئەمڕۆ لەسەر شەقامی نێوبازاڕ- گەڕەکی گازینۆی کەلار، ئۆتۆمبێلێک لە جۆری جێپ واز هاووڵاتییەکی بە ناوی محەمەد میرزا مورادی لەدایکبووی 1940ی شێلا و پاش گەیاندنی بە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار کەلار، گیانی لەدەست دا. وتیشی: کە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بە بڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی 24ی هاتوچۆ، بەند کراوە.

www.xebat.net
پێنجشەممە 2018/11/29 ژمارە (5643)
خەبات

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی 25یەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەنگی کوردستان/زاخۆ پیرۆز دەکات

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 25یەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەنگی کوردستان/زاخۆ پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی رادیۆی دەنگی کوردستان/زاخۆ کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی رادیۆی دەنگی کوردستان/زاخۆ...

بەبۆنەی 25یەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان لە زاخۆ، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی تێکۆشەر و بیسەرانی رادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین، وێرای سوپاس و دەستخۆشیمان هیواخوازین هەردەم بەردەوام بن لە بەرجەستەکردنێکی راستگۆیانەی ئەو پەیام و کارنامەیەی پەیرەوی دەکەن و کاری بۆ دەکەن. دامەزراندنی ئەو ئێزگەیە بە بڕیارو رێنمایی جەنابی سەرۆک بارزانی بەر لە 25 ساڵ و وەک یەکەمین کەناڵی رادیۆیی هەنگاوێکی گرنگ و گونجاو و بەسوود بوو بۆ ئەو دەڤەرە دەڵالەو خزمەتگەیاندن بەو بواردو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو بردەوانی زیاتر بە بواری کوولتوری و رۆشنبیری و میدیایی. بەو بۆنەیەوە جارێکی دیکە پاڵپشتی خۆمان بۆ بەردەو پێشتربردنی ئێزگەی دەنگی کوردستان/زاخۆ دووپات دەکەینەوە و هەر سەرکەوتوو بن.


دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

بەرپرسێ لقێ 9: سەردانا سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا دێبێتە چارەسەرکرنا پرسێن هەلاویستی دنێڤبەرا هەولێر و بەغدا



هندێ یە خەلکێ کوردستانی پارتی ب بەرەڤانیکرنا راستەقینە یا کورد وکوردستانیان دزانیت و دبینیت، دیسان بەرپرسێ لق بەحسێ گرنگیا سەردانا سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و چەند دەولەتێن کەنداڤ و ئەو پێشوازیا گەرم ل سەرۆک بارزانی هاتیە کرن وکومبونێن جودا جودا دگەل سەرکردە و بەرپرسێن لیستێن براڤەیێن هەلبژارتنان ودامەزراندنا کابینا نوی یا عادل عبدالمهدی کرن، هەلبەت ئەڤ سەردانە دێ بیتە ئەگەرەکا سەرەکی بۆ ئێکلاکرنا ئەو پرسێن هەلاویستێ و چارەسەرکرنا وان کاودان و بارودوخێن ل عیراقێ دەرباز دبن، دیسان بەرپرسێ لقێ9 گوت : ئەڤ سەردانە بۆ ئەگەرا هندێ کو دراگەهاندنا جیهانی ژی دا پیتە پێدان و بەحس کرن.

یاوەریا شاندەکێ سەردانا لیژنە ناوچەیێن دارەتوو و بۆتان کرن، پشتی ب گەرمی ژلایێ بەرپرس و کارگێرو ئەندام و کادرێن هەر لیژنەیان هاتینە پێشوازیکرن و د چەندین کومبونێن جوداجودا دگەل کادرێن هەردوو ناوچەیان و بەرپرسێن رێکخراوێن قوتابیان و لاوان و ئافرەتان ل وان هەردوو دەڤەران، بەرپرسێ لق ب تێروتەسەلی لسەر کاودانێن ئەڤرۆ کو دەڤەر و عیراقا فیدرال و هەرێما کوردستانێ تێدا دەرباز دبیت ونەمازە ل پشتی ئەنجامدانا هەردوو هەلبژارتنا ئەنجومەنێ نوێنەرێن عیراقێ و پەرلەمانێ کوردستانێ و سەرکەفتنا لیستا پارتی دیموکراتی کوردستان کو بویە ئێکەم لیست لسەر ئاستێ عیراقێ وهەرێمێ کو ئەڤە ژی نیشانێ



وەزیری دارایی: ئاسانکاریی پێویست کراوە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەرێمی کوردستاندا

دوێنێ رێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم پێشوازی لە بارونیس نیلکسون، نێردراوی تایبەتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و جۆن ویلکس، بالێۆزی بەریتانیا لە عێراق و مارتن وار، کونسولی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان کرد. لە دیدارەکە نێردراوی تایبەتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا باسی لە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان کرد بەسەر ئەو دۆخەی لە رابردوو دروست بوو، دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کرد تایبەت بەو چاکسازیە بەرچاو و گەورەیەی ئەنجامیداوە لەماوەی یەک ساڵداوە، هەروەها ئەو ئاسانکاریەی کراوە بۆ کۆمپانیا بەریتانییەکان.

لای خۆشیەوە رێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری ئاماژەی بە ئەلیکترۆنیکردنی دەروازە و پەیوەندییە ئابووری و دارایییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا بەریتانییەکان کرد سوپاسی پشتیوانی حکومەتی بەریتانیای کرد، هەروەها باسی چاکسازییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری کرد لە بانک، دەروازە، فرۆکەخانە، گومرگ و باجەکان و بە ئەلیکترۆنیکردنیان.

وەزیری دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوەشکرد کە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرە و گەشەسەندن دەنێت لەرووی ئابووری و ئاسانکاری پێویستیش کراوە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەرێمی کوردستان.

پەیوەندیەکانی نێوان و هەولێر و بەغدا تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە بوو بە تایبەت لابردنی خاڵەگومرگییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و پشکی کورد لە پرۆژە یاسایی بودجەی 2019ی عێراق و یەکخستنی پێناسەی گومرگی لە نێوان هەردوولادا.

دووکاندارەکان گومان لە ئاگرکەوتنەوەکەی بازاڕی قەیسەریی کەرکووک دەکەن



دووکاندارەکانی بازاری قەیسەری کەرکووک گومانیان لە هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە هەیە. بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەڵێ، لە دووکاندارەکانمان بیستووە، ئەوان دەڵێن، ئەوکاتەی ئاگرەکە کەوتۆوەتەوە کارەبا نەبووە.

شەوی 26 لەسەر 27ی ئەم مانگە کاتژمێر 12:15ی سەرلەبەیانی بازاڕی کۆنی قەیسەریی کەرکووک ئاگری گرت و بە هۆیەوە310 دووکان سووتان و زیانێکی زۆریش بەر دووکاندارەکان کەوت، کە زیانی ئاگرکەوتنەوەکە بە سەرووی دوو ملیار دینار مەزەندە دەکرێت.

د. محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بازاڕی قەیسەریی کەرکووک قەیسەرییەکی کۆنە و ساڵی 1855 لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە کەرکووک دروست کراوە. قەیسەریی کەرکووک360 دووکانی تێدایە، 310 دووکانیان سووتاوە، 250 دووکان لە جلوبەرگی ژنان و منداڵان و جوانکاری پێک هاتووە، 60 دووکانی زێڕینگەرییش سووتاون، نێزیکەی 50 دووکانیش کەمتر زیانیان پێ گەیشتووە. خاوەنی زۆربەی دووکانەکانیش کورد و تورکمانن.

ناوبراو سەبارەت بە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەی بازاڕەکە ئاماژەی بەوەدا کە لە لایەن دووکاندارەکان و هاوواڵتییانەوە گومان لەم بابەتە دەکرێت، بەاڵم وەک بەڵگەیەک و حاڵەتێک دەبێ یاسا و لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکەن و یەکالیی بکەنەوە کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە چی بووە، ئەوەی ئێمەش لە دووکاندارەکانمان بیستووە، ئەوان گومان دەکەن و دەڵێن، ئەوکاتەی ئاگرەکە کەوتووەتەوە کارەبا نەبووە.

بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک ڕایشیگەیاند: گومان ناکەم کەسێکی عەرەب لەوێ دووکانێکی هەبێت مەگەر تاک تاک حاڵەتێکی وا هەبێت، ئەگینا زۆرینەی دووکاندارەکانی بازاڕی قەیسەریی کەرکووک کورد و تورکمانیان تێدایە.

د. محەمەد ئاماژەیشی پێکرد کە، پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 دووکانەکانی بازاڕی قەیسەریی کەرکووک دراوبونە وەبەرهێن، بەاڵم دواتر بە هۆی ناڕەزایی دووکاندارەکانەوە، پارێزگاری کەرکووک ئەو بڕیارەی ڕاگرت.

گیانی لێبووردەیی و خۆشەویستیی ئایینەجیاوازەکان دەکرێتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری

تیمێکی هونەری فیلمسازی نەرویجی کە پێکهاتبوون لە خاتوو ئینگفل تۆسۆن پێلسنێر بەیاوەری عباس غەزالی ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و زەهاوی سنجاوی ، لەلایەن د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی و خالیج جمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان و خێری بوزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیەکان و ئەمیر عوسمان مولود بەڕێوەبەری پێکەوە ژیانی ئایینی پێشوازیان لێ کرا. ئامانجی سەرەکی هاتنی وەفدە هونەرییەکە لەنزیکەوە ناسین و ئاشنابوونی هەموو پێکهاتە ئایینیەکانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی بوو، هەروەها دروستکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری بوو لەسەر ڕەوشی پێکەوەژیانی ئایینی و پێکهاتەکانی کوردستان زێتر بەدیارخستنی گیانی لێبووردەیی و خۆشەویستی ئایینەجیاوازەکان و کۆکردنەوەی لە چوار چێوەی شاکارێکی فیلیمسازی دیکیومێنتی بەشداری پێکردنی کارە هونەرییەکە لە فیستیڤاڵی خەڵاتی نۆبڵی جیهانی.

جیگەی ئاماژەیە بەڕێوەبەری گشتی دیوان ئاماژەیدا بە کارکردنی بەردەوامی وەزارەتی ئەوقاف بە سەرجەم پێکهاتەکان و ئێستا پێکهاتەکانی کوردستان لە دیوانی وەزارەت خاوەنی بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆن لەدیوانی وەزارەت کە بە ئازادانە پەرستنی خۆیان دەکەن، ئامادەیی وەزارەتی بۆ وەفدە هونەرییەکە نیشاندا بۆ هەر هاوکارییە وەک وەزارەت پێشکەشی بکەن، چونکە وەک بەرێزیان ئاماژەیدا هونەرو پیشەسازیی فیلم یەکێکە لە هێڵە سەرەکیەکانی گواستنەوەی ڕاستی و دروستی ژیانی کۆمەڵایەتی و نیشاندانی بۆ هەموو جیهان، بڕیارە تیمی ناوبراو لەماوەیەکی نزیکدا بەهاوکاری وەزارەتی ئەوقاف دەست بە ئەنجامدانی کارەکانیان بکەن و تابلۆیەکی هونەری نمونەیی لەسەر ڕەوشی پێکەوەژیان لەهەرێمی کوردستان ومێژووەکەی دروست بکەن.

هاتووچۆی گەرمیان دەسەڵاتی زیاتری پێدەدرێت

خەبات ـ سەربیە یوسف: بۆ لەمەولا بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بچنە شارەکانی سلێمانی و هەولێر، شۆفێرانی گەرمیان لە شارۆچکەی کەلار دەتوانن ئۆتۆمبیلەکانیان تۆماربکەن و ئاڵوگۆڕی خاوەندارێتی بکەن.

لەو بارەوە، نەقیب کارزان مەجید گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەسەر بڕیاری بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان، عەمید موحسین مەنسور لەدوای دەستبەکاربونی یەکەم کاری ئەنجامیدا داوای لە وەزیری ناوخۆ و هاتووچۆی سلێمانی کرد بۆ پێدانی دەسەڵات بە هاتووچۆی گەرمیان بۆ تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ئاڵوگۆڕی خاوەندارێتی سااڵنەی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی سااڵنەی ئۆتۆمبیل، دیارە پێشتر ئەو هاوڵاتیان ئەبوایە بڕۆشتایە بۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆک. وتیشی: وەزیری ناوخۆ ڕەزامەندی نیشان داوە.

هەروەها داوای لە هاتووچۆی هەولێر و دهۆک کردوە کە هەمان دەسەڵات بدەن بەهاتووچۆی گەرمیان وەک چۆن سلێمانی ڕەزامەندی نیشان داوە، بریاریشە دەست بەو ڕێکارانە بکەن کەپێویستن، پێشی وایە لەزوترین کاتدا هاوڵاتیان لێرە کارەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێت. نەقیب کارزان ئاماژەی بۆئەوەشکرد، لێرەوە زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری ناخۆ و بەڕێز بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی هەروەها ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کەنوێنەری گەرمیانن ڕۆڵیان هەبوو لەجێبەجێکردنی ئەو داواکاریەی ئێمە. لەبارەی گرنگی بڕیارەکەشەوە ڕایگەیاند: بێگومان ئەم بڕیارە گرنگە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی لۆد لەسەر ڕێگەی گەرمیان بۆ سلێمانی چون ڕۆژانە هاوڵاتیان بۆئەومەبەستە سەردانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک دەکەن ئەوکات هاوڵاتیان لێرە ئەوکارانە ڕایی دەکەن، دوای ئەوەی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت ئەو ڕسوماتانە لەسەر هاتوچۆی گەرمیان دەبێت، دەچێتەوە سەرداهاتی هاتوچۆی گەرمیان ئەوکاتە ئێمە دەتوانین زیاتر خزمەت بەبواری هاتوچۆ بکەین لەم سنورە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێز عەمید ئەحمەد خەلانی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی براتان (عەلی برایم خەلانی)مان پێگەییشت کە دەکاتە برای چوار شەهیدی خەباتی کوردایەتی و باوکی شەهیدێکی تری قارەمانی کوردستان. هاوبەشی خەمی خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان خەڵکی دەڤەری بالەکایەتی دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بە ناوی تەواوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو حاجی مەحمود حاجی محەمەد بلباس زەردکی، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو خزم و دۆستان و ریشسپیان و پیاوماقوڵان دەکەین. هەروەها سوپاسی بەرپرسی لقی 16 و کادیرانی سنوری لق و کادیرانی پارتی لە سنوری لقی دوو، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی پارتی و فەرماندەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و فەرمانبەرانی ئیداری و پارێزەران و مافپەروەران و مامۆستایان و دەکەین، کە بەشدار بوون لە پرسەی خوالێخۆشبوو و لە خەم و پەژارەی ئێمەیان کەم کردەوە. خوای گەورە پاداشتی هەموولایەک بداتەوە. دووبارە سوپاسیان دەکەین.

شوکر حاجی مەحمود
لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

لە پێناو پاراستنی تەندروستیی هاوواڵتییان چەند بڕیارێک دەرکران

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: لەنوسراوێکدا دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی ڕونیکردۆتەوەو تیایدا هاتووە: لە پێناو تەندروستی گشتی وسەلامەتی هاوواڵتیان بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت بۆ ڕیکلام و پروپاگەندە بۆ بابەتی دەرمان و دەرمانسازاییانەی کە پێویستیان بە ڕاچێتەی پزیشکی بەواتای میکانیزمی بەکارهێنانی پزیشکی هەیە بە پێچەوانەشەوە ئەو دەرمانانەی کە پێویستیان بەڕاچێتەی پزیشکی نییە پێویستە مۆڵەت لە وەزارەتی تەندروستی وەرگرن. هەرلە نوسراوەکەدا هاتووەو نابێت کەلوپەلی پزیشکی و تاقیگەیی لەگەڵ هیچ ڕیکلامێکی خواردن و خواردەمەنیەکان بەکار بهێنرێت بە پێچەوانەوە وەزارەتی تەندروستی ڕێککاری یاسایی بەرامبەر دەگرێتەبەر.

خۆسی سێلا رووبەرووبەکی دیاری ئەدەبی نوێی ئیسپانی



ئاکۆ عەبدولا

خۆسی سێلا بەیەک لە گەورە نووسەرەکانی ئیسپانی لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت. لە زۆربەی بوارەکانی ئەدەبدا؛ رۆمان، شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، گەشتنامە، وەرگێران، تۆێژینەوەی زمانەوانی... شوێنپەنجەی دیارە و بەرهەمێکی زۆریشی پێشکەشکردووە. ئەمەو بە هۆی بەرزی بەرهەمەکانیشی، چەندین جار بەسەرکراوەتەوە و خەلاتی بەهاداری جیهانیشی، بە نۆبڵی سەرتۆپەوە پێدراوە. هەڵکەوتەی کەسایەتی بەهێز و سەرنجە قوڵەکانیشی، بۆ نووسەران و شاعیران بۆتە هۆی ئەوەی گفتوگۆ و قسەو باسی زۆری لە ئاستدا بکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە رۆژە سەختەکانی وڵاتەکەی، لایەنگیری فرانکۆی دیکتاتۆربوو، بۆیە ئەوسا زۆر بە رێزەوە سەیری نەدەکرا.



خۆسێ کامیلۆ سێلا سااڵ 1916لە گوندی گالیسای رۆژئاوای ئیسپانیا هاتۆتەدونیا. کاتێک تەمەنی دەگاتە دە ساڵان، بەخێزانەوە روو لە شاری مەدرید دەکەن و لەوێدا پێدەگات. لە تەمەنی 16ساڵی دووچاری نەخۆشی سیل دەبێت و ماوەی ساڵەکانی 1932و 1933 لە نەخۆشخانەیەکی ناوچە شاخاویەکان بەسەردەبات. دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن روو لە کۆلێژی پزیشکی دەکات، بەڵام هێندەی پێناچێت لەبەر ئەوەی حەزی ئەدەبی بەسەریدا زاڵدەبێت، بۆ کۆلێژی ئاداب دەچێت و ئەدەبی ئیسپانی تێدا دەخوێنێ. دواتر یاساش دەخوێنێ. لە کاتی خوێندنی زانکۆ چەند شیعرێک بڵاودەکاتەوە، بەڵام کاتێک جەنگی ناوخۆ هەڵدەگیرسێت و وڵاتەکەی دەکەوێتە ناو ئاژاوەیەکی سەخت، وەک پێشتر ئامارەمان پێدا لە دژی کۆماریخوازو شۆڕشگێرەکانان دەچێتە پاڵ فرانکۆی دیکتاتۆری هاوپەیمانی فاشییەکان، هەرچەندە دواتر دەبێت بە یەک لەو کەسانەی رەخنەیان لە فرانکۆ و سیاسەتەکەیان دەگرت.

لە ساڵ 1943نۆبەرەی رۆمانەکانی بەناوی (خێزانی بسکوال دوارتە) بڵاودەکاتەوە کە ئەم رۆمانەی لە هەموو کارە ئەدەبییەکانی دیکەی گرنگتر و بەناوبانگترە. تا ئێستاش لە دوای رۆمانی دۆن کیخۆتی سێرڤانتس، لە هەموو رۆمانێکی دیکەی ئیسپانی زیاتر بۆ سەر زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراوە. پاشان رۆمانێکی دیکە بەناوی (شانەیی هەنگ) دەنووسێت، بەڵام لەبەر گوشاری چاودێریکەران نەیتوانی لە ناوەوەی وڵات چاپیبکات، چونکە لەناو ئەم کارەیدا کۆمەڵگەی ئیسپانی بە رووبەکی دزێو دەربڕیوە. تا لە ساڵی 1951توانی لە بۆینۆس ئایرسی وڵاتی ئەرژەنتین بە چاپیبگەیەنێت، کە لە ماوەیەکی کورتدا تەنیەوە ناو وڵاتانی جیهان. ئەمە لە کاتێکدایە خۆشی لە سەردەمی فرانکۆ، چاودێرێکی سەر چاپکردنی کتێبی نووسەران بوو لە ساڵی 1954سێلا دەچێتە پاڵمادی مابۆرکا و لەوێدا نیشتەجێ دەبێت، کە تێیدا ئارنست هەمنگوای گەورە نووسەری ئەمەریکی دەناسێت و رۆمانێکی دیکەش بە ناوی (عەنبەری ئاسوودەگی) دەنووسێت. لەناو ئەم کارەشیدا باس لە مەترسی نەخۆشی سیل و وەیشومەی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەکات، کە ئەوسا پەتای سیل هەڕەشەیەکی کوشندەبوو بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چونکە ئەوسا چارەسەرێکی وەهای بۆ نەدۆزرابۆوە. جا لەبەر ئەوەی بۆ خۆشی ئەزموونی سەختی لەگەڵ بینیبوو، بۆیە لە وەسفکردن و بەدیارخستنی ئەو ساتەی کە مردن رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، یەکجار سەرکەوتووە.

سێلا لە زمانی ئیسپانی گەلێک شارەزابوو، جۆرەها وشەی بەکاردەهێنا، ئەمەش لە ئەنجامی گەڕانی بەردەوامی بەناو شوێنە دابڕاوەکانی وڵات بەدەستهێنابوو، بۆیە ساڵی 1957لە ئەکادیمیای شاهەنشاهی بۆ زمانی ئیسپانی دەکرێتە ئەندام. بەمەش لە رووی تەمەنەوە دەبێت بە بچووکترین ئەندامی هەر لە مندااڵییەوە بە ئەدگارەکانی بنەماڵەکەی سەرسام دەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆربەی چیرۆک و رۆمانەکانیدا بۆ ناو دونیای یادگاریەکانی خۆی چووە. لە ژێر کاریگەری ئەم حەزەش، لە تەمەنی 42ساڵی یادگاریەکانی بڵاودەکاتەوە. بەڵام دوای تێپەڕبوونی چل ساڵی دیکە، جارێکی دیکە چاپیدەکاتەوە کە بێگومان بە یادگاریە نوێیەکان دەوڵەمەندتری دەکات. دیارترین کتێبیش کە یادگاریەکانی بنەماڵەکەی تێدا بخوێندرێتەوە (گوڵ) ی ناوە لە ساڵی 1995 بڵاویکردەوە.

ژیانی سێلا لە زۆر رووەوە لە هی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو. دوای ناو دەرکردن و دەوڵەمەندبوون. لە کۆشکێکدا دەژیا کە بەردەوام کۆمەڵێک پاسەوانی بەدەورەوە بوو. لە ساڵی 1998خاتوو مارینا کاستانیوی رۆژنامەنووس و بێژەر دەهێنێ کە چل ساڵ لە خۆی بچووکتربوو. بەمەش (شارۆلی) هاوسەری تووڕە دەبیت و جێدەهێلێ. هاوکات لەسەر میرات کێشەی لەگەڵ کامیلۆی کوڕیشی کە مامۆستای ئەنترۆپۆلۆژیی زانکۆبوو، پەیدادەبێت، کە بۆ ماوەیەکی درێژ سەرتاسەری وڵاتی ئیسپانیا پێوەی سەرقاڵببوو. لە ساڵی 2001خاتوو کارمین فامۆسوی نووسەر لە دادگا سکاڵا لە دژی سێلا تۆمار دەکات و بە دزینی بەشێک لە بەرهەمێکی خۆی تۆمەتباری دەکات کە لە ساڵی 1994سێلا بەناوی (خاچی سان ئەندرسن) بڵاویکردبۆوە و خەڵاتی بلاتیناشی پێوەرگرتبوو. دوای ئەوەی دادگا بۆ بەدواداچوونی ئەم رووداوە رۆشنبیریە کەسانی پسپۆر رادەسپێرێ، دەردەکەوێت سێلا لەم کارەیدا هەندێک پەراگرافی بەرهەمەکەی خانمی ناوبراوی بەکارهێناوە، بەڵام بە مردنی سێلا کێشەکە بە هەڵواسراوی مایەوە، ئەوەندە نەبێت کە ناوی سێلا کەوتە ناو لیستی ئەو نووسەرانەی بەکاری دزینی ئەدەبی ناوبانگییان زرِاوە.

بەڵام ئەم رووداوە نابێتە هۆی مایەپووچی سێلا، چونکە ئەو چەندان رۆمان و دیوانە شیعری وەهای پێشکەشکردووە و کۆی بەرهەمەکانیشی لە سەد کتێب رەتیاندەاوە کە لەناوەیاندا شاکاری جیهانی دەبینرێن. جگە لەو بەرهەمانەی ئامارەمان پێدان دەکرێت هەریەک لە (ماسوورگا) و (کۆمەڵە ئەفسانەیەکی خۆشەویستی) و (هەوری تێپەڕیوو)یشی لە لیستی بەرهەمە جیهانیەکان دابنرێن.

ماوە بلێین سێلا چەندان خەڵاتی ئەدەبی پێدراوە لەوانە خەڵاتی میر ئاستورياس لە ساڵی 1987خەڵاتی نیشتیمانی بۆ ئاداب، خەڵاتی نۆبڵی 1989 خەڵاتی سەرڤانتس لە ساڵی 1995.

زەرتۆشت یان زەردۆشت یان ئاشو زەرتۆشت یان زەردەشت



ئەحمەد حاجی مەولود
بەشی سێیەم

زەرتۆشت لەو سەرزەوییە سەرکەوتوو دەبێت و خودی گەشتاسب ئایینەی وەردەگرێت، کە ئەو کارە دژایەتی نەیارانی دراوسێیتی گەشتاسبی لیدەکەوێتەوە. ناوی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی دژ بە زەرتۆشت لە ئایان یشت (یشت 5بەندی 109هاتووە، کە لەنێو ئەوان ئەرجاسبی تورانی لە هەموان بەناوبانگترە. زەرتۆشت لە تەمەنی 77ساڵی کاتێک، کە لە پەرستگەی بەلخ خەریکی وانە وتنەوە بووە، گەشتاسب و کوڕەکەی ئەو، ئەسفەندیار لە بەلخ دەچنە دەرەوە و فەرمانڕەوای توران ئەرجاسب، کە دوژمنی ئەو بووە، ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و تووبراتور فەرماندەی خۆی بە لەشکرێکی زۆرەوە ردەوانەی سەر بەلخ دەکات و لەو هێرشەدا زەرتۆشت و هەندێک لە پەیڕەوانی دەکوژرێن.

شوێنی گاتاکان لە ئەڤێستا کۆنترین و پیرۆزترین بەشی ئەڤێستا، کتێبی ئایینی زەرتۆشت، گاتاکان ناویەتی، لەسەردەمی زۆر کۆن گاتاکان، بە قسە و هۆنراوەکانی زەرتۆشتیان دادەنا.

ئەڤێستایەک، کە ئێستا لەبەر دەستدایە، تەنیا یەک لەسەر چواری کتێبێکە، کە لەسەردەمی ساسانیەکان هەبووە. کە لە 5بەش پێکهاتووە، بەشەکانی ئەڤێستا بریتین لە:

یەسنا (یەسنە): بە واتای پەرستش و پاڕانەوە و گرنگترین بەشی ئەڤێستایە، قسەکانی زەرتۆشت کە گاتاکانی پێدەڵێن لەخۆ دەگرێ. بەگشتی لە 72برگە یان هات پێکهاتووە.

ویسپرد: وێچوونێکی تەواوی لەگەڵ یەسنە هەیە و لەگەڵ ئەو لە رێورەسمی ئایینی دەخوێندرێتەوە.

یەشت: بۆ سپاس و پێداهەڵگوتنی خوا و فریشتەکانە. لە روانگەی زمانەوانییەوە چەند سەدە لەگەڵ سەردەمی گاتاکان جیاوازی هەیە. یەشتەکان هەندێک دەقی کۆنن، کە هاتوونەتە نێو ئایینی زەرتۆشت.

وندیداد: بە واتای یاسایە، ئەو بەشە بریتیە لە زۆربەی یاساکانی ئایینی و ئەحکامی ئایینی زەرتۆشتە. نووسینەوەی ئەو بەشە بۆ دوای سەردەمی هەخامنشی دەگەڕێتەوە.

زمان و شێواز و ئینشای وندیداد لەگەڵ سەردەمی گاتاکان جیاوازە و بە زمانێکی نزیکتر لە پەهلەوی دەچێت. وندیداد لە 22فەسڵ پێکهاتووە.

یەشتی هادخت: ئەم بەشە لە 21بەند پێکهاتووە و باسی ژیانی زەرتۆشت دەکات.

خوردە ئەڤێستا: بە واتای ئەڤێستای بچوکە. بۆ چۆنیەتی نوێژکردن، پاڕانەوە و رۆژووەکانی پیرۆز. مانگ و بۆنە ئایینیەکان و زەماوەند و پرسە و رێورەسمی دیکەی ئایینییە. ئەو بەشە لە ئەڤێستا لەسەردەمی شاپوری دووەم شای ساسانی لە نێوان سااڵنی 310تا 379زایینی و لەلایەن ئازەرباد نووسراوەتەوە. گرنگی گاتاکان لە ناسینی ئایینی زەرتۆشت

گاتاکان کۆنترین بەرهەمن، کە لە کۆنەوە لە ئێران ماونەتەوە و لە روانگەی رێزمان و بەکارهێنانی وشە و هزر لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئەڤێستا جیاوازی هەیە، ئەو دەق و هۆنراوانەی بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە هی خودی زەرتۆشتە، هەروەکو لە 6دانە لە گاتاکان بێژەر وەکو یەکەم کەس قسە لە خۆ دەکات.

بەهۆی ئەو دەستکاریەی، کە لە ئایینی زەرتۆشت کراوە، بەتایبەتی لەسەردەمی ساسانیەکان، گاتاکان سەرچاوەی زۆر گرنگن بۆ ناسینی بیر و باوەڕی ردسەنی ئایینی زەرتۆشت. بەشەکانی یەسنە، هات ناو دەندرێ. تەواوی گاتاکان 17هات و 238بەند و 896بەیت و 5560وشەیە. گاتاکان هۆنراوەن و لە روانگەی کێشی شیعر و ژمارەی دێرەکان هەر بەند بەسەر 5بەش بەپێی شیکردنەوەی خوارەوە دابەش دەکرێ:

ئەهنود بە واتای گەورە و سەروەرە. ئەهنود لە هاتی 28 یەسنە دەست پێ دەکات.

ئەشتود بە واتای سەلامەت و تەندروستییە.

سپنتمد بە واتای عەقلی پیرۆزە.

وهوخشتر بە واتای دەسەڵاتی چاک و وڵاتی باشە.

وهیشتواشت بە واتای باشترین داواکاری و باشترین سامانە.

بەهۆی بوونی وشەی نەناسراو، ئاڵۆزی زمانی شیعری، کێشەی رێزمانی و لە هەمووی گرنگتر شارەزا نەبوونی دروست لە ئەندێشەکانی زەرتۆشت، ناتوانین بڵێین کە هۆنراوەکانی زەرتۆشت لەلایەن زانایانی شارەزا لە ئەڤێستا شیکراونەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوانە، ناسکی و جوانی ئەو هۆنراوانەی کە واتای روونیان هەیە، نکۆڵی لێ ناکرێ.

ئایینی زەرتۆشت لە سەرووی گاتاکان

ئەوەی لە رستەکانی گاتاکان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە زەرتۆشت دژ بە خوا جۆراوجۆرەکانی ئاریایی بووە، واتا ئەو رێچکەیەی کە ئێرانیەکان لە پەرستنی هێزە سروشتییەکان لەگەڵ هیندووەکان هاوبەش بوون.

یەکتاپەرستی

لە گاتاکان ئەهورامەزدا خوای یەکتایە، کە جەستە یان پێکهاتە نییە و پاکە. (ئەهورا) واتا سەروەر و خوا، (مەزدا) واتا دانای گەورە و هەر دوو وشە بە واتای خوای یەکتا و خوای بە توانایە. لە گاتاکان (هات 44زەرتۆشت بە زمانی شاعیرانە لەبارەی یەکتایی و توانایی خوا دەڵێ:

لە تۆ پرسیار دەکەم ئەی ئەهورامەزدا کێیە باوکی راستی؟ کێیە یەکەم کەس کە رێگەی سوڕانەوەی خۆر و ئەستێرەی نیشاندا؟ لە چ کەسێکە، کە مانگ هەندێک جار بۆش و هەندێک جار پڕە؟ چ کەسێکە تونديژیشتنی فێری با و هەور کرد؟ کێیە بەدیهێنەری رووناکی بە سوود و تاریکی؟ چ کەسێک خەو و وشیاری هێنا؟ چ کەسێکە بەیانی و نیوەڕۆ و شەوی بەدیهێنا و بۆ بڕوادااران فەرزەکانی واجب کرد؟ چ کەسێکە بەدیهێنەری فریشتەی خۆشەویستی؟ چ کەسێکە بە پێی زانست و ژیری ڕێزگرتن لە باوکی لە دڵی کوڕی دانا؟ دوای ئەو پرسیارانە زەرتۆشت خۆی لە وەڵامدا دەڵێ:

من هەوڵ دەدەم ئەی ئەهورامەزدا، تۆ بە پێی عەقڵی پیرۆز، بەدیهێنەری گشتی، بە دروستی بناسم.

دووانەیی عەقڵی مرۆڤ

لە گاتاکان لە شەڕی نێوان ئەهورامەزدا و ئەهریمەن و ناکۆکی نێوان ئەو دووە هیچ قسەیەک نەکراوە. زەرتۆشت ئەهورامەزدا بە سەرچاوەی بەدیهێنان دادەنێ و لە بەرامبەر ئەودا، بەدیهێنەر یان بکەری شەڕ بوونی نییە. عەقڵی پیس کە دوایی بووە ئەهریمەن و ناشیرین هی ئەوە، لە بەرامبەر ئەهورامەزدا نییە، بگرە لە بەرامبەر سپنتامینو یان عەقڵی پیرۆزە. لە گاتاکان هاتی 30پارچەی سێیەم هاتووە:

ئەو دوو گەوهەرە جمکەیە، کە لە سەرەتادا لە جیهانی وێناکردن سەریانهەڵدا، یەکێکیان چاکەیە لە ئەندێشە و گوتار و کردار و ئەوەی دیکە خراپەیە لە (ئەندێشە و گوتار و کردار)، لە نێوان ئەو دووەدا، پیاوی دانا دەبێ چاکەکە هەڵبژێرێت نەک ناشیرینەکە.

هەروەها لە گاتاکان هاتی 45 پارچەی دووەم هاتووە:

من دەمەوێ قسە لەسەر ئەو دوو گەوهەرە، کە لە سەرەتای ژیان بوونیان هەبوو، لەوەی کە ئەو (گەوهەرە) عەقڵی پیرۆز، سپنت مینو بەو (گەوهەرە) عەقڵی پیسی گوت: ئەندێشە، فێربوون، ژیری، ئارەزوو، گوتار، کردار، ژیان و دەروونی ئێمە لەگەڵ یەک بەرامبەر نییە.

زەرتۆشت، پرسی چاک و خراپە لە روانگەی فەلسەفی بەم شێوەیە شیدەکاتەوە، کە بەدیهاتنی جیهان لەلایەن خواوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام دوو مینو یان دوو بنەما بوونیان هەیە، کە لە تایبەتمەندی زەینی مرۆڤە. ئەو دەڵێ ئەو دوو بنەمایە سەرچاوەی لە ئەندێشەی مرۆڤەوەیە و هەر کامیان لەسەر ئەندێشە و گوتار و کردارى مرۆڤ کاریگەریان هەیە. ئەو دوو گەوهەرە لە سروشتی مرۆڤ دانە و دادەری لەبارەی چاکە و خراپە لەو دوو گەوهەرە نامادییە سەرچاوە دەگرن. ئەو دووانەیە لە ئاکار و سروشتی مرۆڤ، لە ئایین و قوتابخانە فەلسەفییەکانی دیکەش بوونیان هەیە. وەکو نەفسی بەرز و نەفسی ئەمارە، نەفسی مرۆڤی و نەفسی ئاژەڵی و هەروەها ناوەکانی دیکە.

هەڵبژاردنی مرۆڤ

لە بەرامبەر ئەو دوو هێزە، ئەرکی مرۆڤ لە دنیادا چییە؟ زەرتۆشت لە گاتاکان لە هاتی 30 دەڵێ "پیاوی دانا دەبێ خۆی هەڵبژێرێ. مرۆڤ بە پێی سروودەکانی زەرتۆشت ئازادە و توانایی هەڵبژاردنی هەیە. زەرتۆشت لە گاتاکان لە هاتی 30بەشی 2دەڵێ:

گوێ لە قسەکانی مەزنان بگرن. بە ئەندێشەی روون سەیری بکەن. نێوان ئەو دووە (درۆ و راستی) جیا بکەنەوە. بەر لەوەی پەسلان بێت، هەرکەس خۆی ئایینی خۆی هەڵبژێرێ. تا لە کۆتایی بەختیار بین.

بایەخدان بە ژیانی ئەو جیهانە

زەرتۆشت ژیانی دنیای لا گرنگە و هەژاری جێی نابێتەوە. زەرتۆشت ئەرکی خۆی تەنیا بە لایەنی دینی تەرخان نەکردووە و لە گەشەی ئابووری و بۆ باشی ژیانی دنیا هەوڵدەدات. زەرتۆشت بەتایبەت بایەخی زۆر بە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و جوتیاری دەدات. زەرتۆشت لە قسەکانی خۆی روو لە جوتیاران دەکات و دەڵێ: کە وڵاتی خواپەرستی گەشتاسب دەبێ لە هێزی ئەوان سەرکەوتن بەدەستبێنێ و نموونەی ئەوانەی دیکە بێت. لە هاتی 34 گاتاکان بەندی 14هاتووە:

بەڵێ ئەی ئەهورامەزدا بە پاداشتی گەورەی تۆ لەو جیهانە کەسێک پێی دەگات، کە کار بکات و هەوڵی بۆ بدات.

بنەمای ئایینی زەرتۆشت

(هزری چاک، گوتاری چاک، کرداری چاک) لە تایبەتمەندی و بنەمای ئایینی زەرتۆشتە. لە سەرانسەری گاتاکان ئەم 3 وشەیە دووبارە بۆتەوە. لە هاتی 51گاتاکان بەندی 21 هاتووە:

لە دەرئەنجامی خواپەرستی بە پلەی پاکی دەگەن. کەسێکی وەها بە هزر و گوتار و کرداری چاک و باوەڕی خۆی، بەڕاستی دەگات. ئەهورامەزدا بەهۆی (ئەندێشەی چاک و عەقڵ و دانایی) بە کەسێکی وەها وڵاتی هەتاهەتایی دەبەخشێ، منیش ئارەزوی پاداشتێکی وەهام دەوێت.

هەروەها مرۆڤ دەبێ هەوڵی راستی بدات و شکست بە درۆ بێنێ، لە هاتی 30گاتاکان بەندی 8هاتووە:

وڵاتی هەتاهەتایی (بەهەشت) بۆ ئەو کەسە دەبێت، کە لە ژیانی خۆی لەگەڵ درۆ شەڕ بکات و یەخسیری بکات، بیداتە دەستی راستی.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/29 ژمارە (5643)
خەبات

رۆمانی شازادە و شاعیر ووێستالژیای گواستنەوەی فانتازی



بەشی یەکەم
نەجات حەمید ئەحمەد


رۆمانی (شازاە و شاعیر) ی رۆمانـنووس خوسرەو جاف کە رێکی سەرگوزەشتەی خودیانەیە ، هانەوێ ونەمانەوێ ڕووداوێکی ئەدەبیی تاسێنەرە لە بەر ئەوەی گەورەترین پرسیاری خوێنەرێکی گەرۆک ئەوەیە من چیم هاتە ناخەوە لەو خوێندنەوەیەدا؟ کە رۆمانەکە بە بێ هیچ گومانێک خۆی ئەم پرسیارە لە بیرکردنەوەتدا دەڕووژێنێ وهەر خۆشی وەلامت دەداتەوە و لێرەوە کۆی پرسیارەکانی دیکەی دەقەکە دەچنە بازنەی ئەم پرسیارەوە. کە گرنگترین وەلامیش بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئاخۆ دەق چ زمانێکی نووسینی هێناوەتە کایەوە؟ ئاخۆ دەق توانیویەتی لەو زمانەدا بتگەیێنێتە کوێ ؟ ئاخۆ دەق گەورەترین کاریگەریەکانی چین پاش گەیشتن بە وەلامی ئەم پرسیارە.

سەرەتا ئێمە لە بنیاتی زمانەوانیی دەقەوە دەچینە ناو خوێندنەوەی رۆمانەکەوە تاکو بزانین دەق توانیویەتی زمانێکی سەربەخۆی ووڕوژێنەرو کاریگەر بێنێتە کایەوە؟

زمانی ڕووکەشی رۆمانی شازادە و شاعیر ئەگەرچی لە سەر بەرگەکەی نووسراوە کە ئەمە ژیانی نالییە و لە پاشاندا نووسراوە ئەمە رۆمانە و نووسەر لە بەشی یەکەمی رۆمانەکەیدا نووسیویەتی کە ئەو رۆمان نووسە و ناتوانێ وەکو لێکۆڵەرەوەیەک بە پێی ئەو دێکۆمێنتانەی دەستی کەوتوون ئەو ژیانە بنووسێتەوە بۆیە ئەو بە رۆمان دەیگێڕێتەوە، کاتێکیش ناوی رۆمان لە سەر گوزەشتەیەک دەنرێ ئەوا کێشەی نێوان واقیع وخەیاڵ بە قورسایی خۆیەوە دەچێتە نێو زمانی دەقەوە.

مەبەست لە زمانی دەق بەهێزی و لاوازیی رێزمانیانەی دەق نییە، مەبەست لێی بە کارهێنانی زمانێکی فەرهەنگاویی پڕ لە ووشەی تازە و رستەی زمانەوانیی بە هێز و دەوڵەمەند نییە ، بەڵکو مەبەست لێی هێنانە کایەوەی بنیاتێکی زمانەوانیی مانای تازە و چۆنێتیی رێکخستنی ئەو مانایانەیە کە لە کۆی زمانەکەیەوە زمانێکی تایبەت بە خۆی بەرهەم بێنێ و دەرەنجام جۆرێک لە تێگەیشتن و لە پاشاندا کاریگەریی جوانی و نۆستالژی و دەروونی وعەقڵی بێنێتە ئاراوە، پەیوەست بەم رۆمانەوە زمانی ڕووکەشی دەق زمانێکی واقیعیە و تا رادەیەک دوورە لە کاریگەریە فەلسەفی وخەیاڵیەکان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەی واقیع وخەیاڵ بەرەو ڕووی یەک دەکاتەوە لەنێو زمانەکەدا کە تۆ رۆمانێک دەخوێنیتەوە یاخود سەرگوزەشتەیەکی خودیانە کە پشتی بە کۆمەڵێک دێکۆمێنت بەستاوە.

نووسەر بە تواناوەو بە ئامادەبوونێکی دەروونیی زمانەوانییەوە هەوڵی داوە زمان بەرەو دواوە و بۆ سەردەمێک وشوێنێک و کەسانێک بگەڕێنێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر هەموو رەگەزێکی زمانەوانی و میژوویی و جوگرافی و کەلەپوورو کولتووری ئەو سەردەمەی کە نالیی تێدا ژیاوە ، تاکو بگاتە ئەم دەرەنجامە، تاکو بگاتە ئەوەی دەستی تۆ بگرێ و بتباتە نێو زەمەنێکەوە کە زەمەنی تۆ نیە بەڵام هاوسۆز هاونەهێنی گیری تۆیە و نۆستالژیایەکی فانتازی لە بیرکردنەوەتدا بەرهەم بێنێ بە جۆرێک کاتێک تۆ ئەم زمانە دەخوێنێتەوە هەست دەکەی گواستراوێتەوە بۆ سەردەمێک کە سەردەمی تۆ نییە.



ڕەگەزێکی گرنگی ئەم گواستنەوەیە بەکارهێنانێکی سنووردارای دەستەواژە و ووشەو پەند و زاراوە و بەسەرهات وزمان و نووسینی لە حاڵەتی گواستنەوەیە بۆ نۆستالژیایەکی دەروونیی زەمەنی و شوێنایەتی، ئەم گواستنەوەیەش بەرەو فانتازیای بردووە، ئەم بردنە تا رادەیەکی باش جۆرێک لە پەیوەستی دروست کردووە لە نێوان زمانێک کە زمانێکی واقیعیە ، لە گەڵ زمانێک کە زمانێکی خەیاڵیە هەرچەندە نووسەر لە سەرەتاوە پێمان دەڵێت کە رۆمانەکەی ڕۆمانێکە ژیانی نالی دەگێڕێتەوە، ئەم پەیوەستە لە نێو زمانی دەقدا بزرە بەڵام لە خوێندنەوەدا دێتە کایەوە ، واتە پێشینەیەکی سیستەم داری زمان و زمانەوانی نییە بەڵکو پێشینەیەکی ئامادەگیی دروونیی خوێنەری هەیە، ئەو خوێنەرەی بە وناسنامەیی ویەک ڕەگەزی وجێگیر بوون ناکات لە لای پاڵەواندا ، بەڵای ئەوەوە هەموو شوێنێک یەک ئاسمانی هەیە و هەر شوێنێک بە کۆی جیاوازیەکانیەوە یەک شوێنە بۆ ژیان کردن، ئەم وێنەیە و ئەم مانایەی شوێن فانتازیای کەسایەتیەکە زانینی خستۆتە پێشەوەی کۆی خولیاو هەستەکانیەوەو حاڵەتێکی عەقڵیی ڕەهای لە خۆی گرتووەو گەڕانەوەی بۆ نییە ، تاقە گەڕانەوەیەک بۆ ئەو شوێنەی کە شوێنی هاتنە ژیانەوەی ئەو دەنوێنێ بڕیاری گەڕانەوەیەتی بۆ سلێمانی ئەو گەڕانەوەیەش هۆکارەکەی هەست و نۆسالژیان نییە بۆ شوێنێک کە بەشێک بووە لە بوونی ئەو بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ بینینی مەستوورە لە سلێمانیدا کە گەڕانەوەیەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕەگەزە بەهێزانە بەکاربهێنێ

راهێنەرانی نێو هۆڵە وەرزشییەکان بۆ خەبات دەدوێن:

ڕاپۆرت: سەرهەنگ نەجمەدین

لەم ماوەیەدا هۆڵێکی یەکجار زۆر لەشارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان کراوەتەوە، هۆڵەوەرزشییەکان هەر یەکەو جۆرە شێوازێک وجۆرە زانیارییەک لە مەشق وراهێنانیاندا لەکاتی مەشقدانەوەیان لەنێو هۆڵەکە پەیرەو دەکەن، بێگومان لەهەردوو شاری هەولێر و سلێمانی چەندین هۆڵی ئافرەتان هەیە بەناوی هۆڵی لەش رێکی و لەشجوانی ، جار هەر کەسێک و بەشێوازێکی تایبەتی خۆی مەشق وڕاهێنان بەبەشداربووانی نێو هۆڵەکە دەدەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەهەر دوو شاری هەولێر وسلێمانی بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری راست و دروستی چۆنیەتی مەشقدانەوەیان لەنێوهۆڵەکاندا چەند هۆڵێکێ وەرزشییمان بەسەر کردەوە و سەرەتا لەشاری هەولێر لەهۆڵی لەشجوانی دانا جومعە دەستمان بەراپۆرتە وەرزشییەکە کرد .



سەرەتا خاتوو نادیە لوقمان دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان لەبارەی چۆنیەتی مەشقدانەوەیان بەئافرەتانی وەرزشوانان وئارەزوومەندان ئەو بۆ خەبات بەمشێوەیە گوتی: بێگومان کاری ئێمە تەنها مەشق وڕاهێنان و دانانی سیستەمی چۆنیەتی وەرزش کردنە بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی بۆ ئەو کەسانەی کەسەردانمان دەکەن بەمەبەستی مەشق وڕاهێنان و وەرزش کردن، جا هەر کەسێک بەپێی ئەو بەرنامەی بۆی دیاری دەکرێت مەشق وڕاهێنانی بۆ دیاری دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەوانەی کەسەردانی هۆڵەکان دەکەن مەرج نییە هەمووی بۆ وەرزش کردن بێن،بەڵکو هەن تەنها بۆ خۆ لاوازکردن و تەندروست کردنی جەستەکانیان ڕوو لەهۆڵەکان دەکەن، هەندێکیشیان تەنها بۆ پاراستنی لەش رێکی خۆیان ڕوومان تێدەدەکەن.

هەر لەبارەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی مەشق وڕاهێنانی هۆڵەوەرزشییەکان خاتوو نادیە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر گوتی: بەڵێ، بەشداریم لەخولی مەشق وراهێنان کردووە و خاوەنی بڕوانامەی رێگەپێدراوم لەبواری مەشق وڕاهێنانداە ،هەروەها لەداهاتوودا بەنیازم بەشداری چەند خولێکی جۆراو جۆری وەرزشی لەبارەی مەشقدانەوە بکەم و لەهەمان کاتدا بەپێویستی دەزانم زۆرترین زانیاری تازە لەمبارەیەوە کۆبکەمەوە کەسوود بە بەشداربووانان بەوشێوەیەکی زانستی ڕابگەیەنم.


خاتوو زەهرا لوقمان عەزیز وەک ڕاهێنەری سەرەتا خاتوو نادیە لوقمان دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان لەبارەی چۆنیەتی مەشقدانەوەیان بەئافرەتانی وەرزشوانان وئارەزوومەندان ئەو بۆ خەبات بەمشێوەیە گوتی: بێگومان کاری ئێمە تەنها مەشق وڕاهێنان و دانانی سیستەمی چۆنیتی وەرزش کردنە بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی بۆ ئەو کەسانەی کەسەردانمان دەکەن بەمەبەستی مەشق وڕاهێنان و وەرزش کردن، جا هەر کەسێک بەپێی ئەو بەرنامەی بۆی دیاری دەکرێت مەشق وڕاهێنانی بۆ دیاری دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەوانەی کەسەردانی هۆڵەکان دەکەن مەرج نییە هەمووی بۆ وەرزش کردن بێن،بەڵکو هەن تەنها بۆ خۆ لاوازکردن و تەندروست کردنی جەستەکانیان ڕوو لەهۆڵەکان دەکەن، هەندێکیشیان تەنها بۆ پاراستنی لەش رێکی خۆیان ڕوومان تێدەدەکەن.

هەر لەبارەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی مەشق وڕاهێنانی هۆڵەوەرزشییەکان خاتوو نادیە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر گوتی: بەڵێ، بەشداریم لەخولی مەشق وراهێنان کردووە و خاوەنی بڕوانامەی رێگەپێدراوم لەبواری مەشق وڕاهێنانداە ،هەروەها لەداهاتوودا بەنیازم بەشداری چەند خولێکی جۆراو جۆری وەرزشی لەبارەی مەشقدانەوە بکەم و لەهەمان کاتدا بەپێویستی دەزانم زۆرترین زانیاری تازە لەمبارەیەوە کۆبکەمەوە کەسوود بە بەشداربووانان بەوشێوەیەکی زانستی ڕابگەیەنم.



تریسکە قادر:
ئەو کاتە ئاسوودە دەبم کاتێ بەشداربووەکان تاموچێژ لەمەشق و راهێنان وەردەگرن

دووەمی هۆڵی لەش رێکی دانا جومعە بەشی ئافرەتان ،ئەمەیش وەک کەسێکی لێهاتوو و کارا لەنێو هۆڵەکەدا کار دەکات و ناوبراو لەبارەی بەرنامەو سیستەمی مەشق وراهێنانی نێو هۆڵەکان وەڕگرتن لەراهێنەر و پاڵەوانی عێراق بەرێز دانا جومعە توانیمان سەرجەم بوارەکانی مەشق وڕاهێنان بەسەرکەوتوویی و بەزانستی فێر بین ، هەر بۆ ڕاپۆرتەکەمان بۆ وەڕگرتنی زانیاری تر لەمبارەیەوە ئەمجارەیان لەنێو هۆڵە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی دڕێژەمان بەگفتوگۆیەکدا و سەرەتا لەلای خاتوو کالی ڕەوف دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان دەستمان پێکرد و ناوبراو بەمشێوەیە هاتەئاخافتن: نکۆڵی لەوە ناکرێ بەهەزوو ئارەزووی خۆم بواری راهێنەرایەتیم هەڵبژارد، ئەگەر چی کاری مامۆستایی دەکەم ، بەڵام ئەوەندەی ئارەزووم لەمەشق وڕاهێنان هەیە ئەوەندە ئارەزووم لەکاری مامۆستایەتی نییە ، بۆیە لەم کاتەدا بەپێی تەجروبە و ئەزموونی وەرزشییم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری ڕاهێنەرایەتی لەنێو هۆڵی لەشجوانی (FITNSS) سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەم ، ڕۆژانەیش چەندین کەس لەهەمو تەمەنەکان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش و ڕێکخستنی لەش وجەستەکانیان لەقەلەوی و جۆرەها نەخۆشی کەمرۆڤ بەهۆی وەرزش نەکردن تووشی دەبێت.



کاڵی ڕەئوف:
لە هەندێک لە هۆڵە وەرزشییەکاندا بەهەڵە مەشق و ڕاهێنان دەگوترێتەوە

هەر لەبارەی ڕاپۆرتەکەماندا بۆ وەرگرتنی زانیاری تر لەمبارەیەوە ئەمجارەیان لەنێو هۆڵە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی دڕێژەمان بەگفتوگۆیەکدا و سەرەتا لەلای خاتوو کالی ڕەوف دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان دەستمان پێکرد و ناوبراو بەمشێوەیە هاتەئاخافتن: نکۆڵی لەوە ناکرێ بەهەزوو ئارەزووی خۆم بواری راهێنەرایەتیم هەڵبژارد، ئەگەر چی کاری مامۆستایی دەکەم ، بەڵام ئەوەندەی ئارەزووم لەمەشق وڕاهێنان هەیە ئەوەندە ئارەزووم لەکاری مامۆستایەتی نییە ، بۆیە لەم کاتەدا بەپێی تەجروبە و ئەزموونی وەرزشییم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری ڕاهێنەرایەتی لەنێو هۆڵی لەشجوانی (FITNSS) سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەم ، ڕۆژانەیش چەندین کەس لەهەمو تەمەنەکان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش و ڕێکخستنی لەش وجەستەکانیان لەقەلەوی و جۆرەها نەخۆشی کەمرۆڤ بەهۆی وەرزش نەکردن تووشی دەبێت.

هەر لەبارەی بڕوانامەی مەشق وڕاهێنانی نێو هۆڵە وەرزشییەکان خاتوو کالی لەمبارەیەوە گوتی: بڕوانامە لەکوردستان زۆر بەزەحمەت بەدەستت دەکەوێت، چونکە لەماوەی ساڵێکدا تەنها یەک خول ئەنجام دەدرێت، کاتی ئەنجامدانی خولەکەیش بێگومان بەماوەی دوو ڕۆژ کەسێک کەسەردانمان دەکات بێگومان ئەوکات بەگوێرەی ویست و داوای خۆی لەگەڵیدا بەرنامە و پلانی مەشقکردنی بۆ دائەنێین، ئەگەرچی ئەوانەی سەردانمان دەکەن بۆ لەش رێکی و تەندروست بوونی جەستەکانیان دێنە لامان.

خاتوو ماجیدە ئیکرم وەک بەشداربووەکی نێو هۆڵەکە ئەمەیش لەبارەی هاتنی بۆ نێو هۆڵی وەرزشی دانا جومعە قسەی خۆی هەبوو ناوبراو ڕاو بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەکە دەربڕی : هاتنم بۆ نێو هۆڵەکە تەنها و تەنها بۆ تەندروست کردنی جەستەو دوور کەوتنەوەیە لەسەرجەم نەخۆشییەکان، بێگومان هەر کەسێک لەوەرزش کردن بەدوور بێت ئەوا کەسێکی نائاسایی و هەمیشە سست ولاواز و بێ تاقەت دەردەکەوێت، بۆیە داواکارم هەموو ئەو ئافرەتانەی کەلەماڵەوە دانیشتوون و وەرزش ناکەن ، تەنها بیر لەچێشت لێنان دانیشتن دەکەنەوە،یا کەمێک بۆ بەرژەوەندی تەندروست کردنی جەستەکانیان بیر لەئەنجامدانی وەرزش بکەنەوە تابینە خاوەن لەشێکی ساغ و سەلامەت.

هەر لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەماندا بۆ وەرگرتنی زانیاری تر لەمبارەیەوە ئەمجارەیان لەنێو هۆڵە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی دڕێژەمان بەگفتوگۆیەکدا و سەرەتا لەلای خاتوو کالی ڕەوف دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان دەستمان پێکرد و ناوبراو بەمشێوەیە هاتەئاخافتن: نکۆڵی لەوە ناکرێ بەهەزوو ئارەزووی خۆم بواری راهێنەرایەتیم هەڵبژارد، ئەگەر چی کاری مامۆستایی دەکەم ، بەڵام ئەوەندەی ئارەزووم لەمەشق وڕاهێنان هەیە ئەوەندە ئارەزووم لەکاری مامۆستایەتی نییە ، بۆیە لەم کاتەدا بەپێی تەجروبە و ئەزموونی وەرزشییم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری ڕاهێنەرایەتی لەنێو هۆڵی لەشجوانی (FITNSS) سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەم ، ڕۆژانەیش چەندین کەس لەهەمو تەمەنەکان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش و ڕێکخستنی لەش وجەستەکانیان لەقەلەوی و جۆرەها نەخۆشی کەمرۆڤ بەهۆی وەرزش نەکردن تووشی دەبێت.

بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بێگومان هەر هۆڵێکی وەرزشی جۆرە مامەڵەیەک و وجۆرە شێوازێکی تایبەت بەخۆیان لەبارەی مەشق وڕاهێنانداە هەیە ، سەبارەت بەهۆڵەکەی ئێمە بەسوود وەرگرتن لەراهێنەر و پاڵەوانی عێراق بەرێز دانا جومعە توانیمان سەرجەم بوارەکانی مەشق وڕاهێنان بەسەرکەوتوویی و بەزانستی فێر بین ، هەر بۆ ڕاپۆرتەکەمان بۆ وەرگرتنی زانیاری تر لەمبارەیەوە ئەمجارەیان لەنێو هۆڵە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی دڕێژەمان بەگفتوگۆیەکدا و سەرەتا لەلای خاتوو کالی ڕەوف دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان دەستمان پێکرد و ناوبراو بەمشێوەیە هاتەئاخافتن:** نکۆڵی لەوە ناکرێ بەهەزوو ئارەزووی خۆم بواری راهێنەرایەتیم هەڵبژارد، ئەگەر چی کاری مامۆستایی دەکەم ، بەڵام ئەوەندەی ئارەزووم لەمەشق وڕاهێنان هەیە ئەوەندە ئارەزووم لەکاری مامۆستایەتی نییە ، بۆیە لەم کاتەدا بەپێی تەجروبە و ئەزموونی وەرزشییم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری ڕاهێنەرایەتی لەنێو هۆڵی لەشجوانی (FITNSS) سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەم ، ڕۆژانەیش چەندین کەس لەهەمو تەمەنەکان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش و ڕێکخستنی لەش وجەستەکانیان لەقەلەوی و جۆرەها نەخۆشی کەمرۆڤ بەهۆی وەرزش نەکردن تووشی دەبێت.



هەر لەبارەی بڕوانامەی مەشق وڕاهێنانی نێو هۆڵە وەرزشییەکان خاتوو کالی: بڕوانامە لەکوردستان زۆر بەزەحمەت بەدەستت دەکەوێت، چونکە لەماوەی ساڵێکدا تەنها یەک خول ئەنجام دەدرێت، کاتی ئەنجامدانی خولەکەیش بێگومان بەماوەی دوو ڕۆژ کەسێک کەسەردانمان دەکات بێگومان ئەوکات بەگوێرەی ویست و داوای خۆی لەگەڵیدا بەرنامە و پلانی مەشقکردنی بۆ دائەنێین، ئەگەرچی ئەوانەی سەردانمان دەکەن بۆ لەش رێکی و تەندروست بوونی جەستەکانیان دێنە لامان.

خاتوو ماجیدە ئیکرم وەک بەشداربووەکی نێو هۆڵەکە ئەمەیش لەبارەی هاتنی بۆ نێو هۆڵی وەرزشی دانا جومعە قسەی خۆی هەبوو ناوبراو ڕاو بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەکە دەربڕی : هاتنم بۆ نێو هۆڵەکە تەنها و تەنها بۆ تەندروست کردنی جەستەو دوور کەوتنەوەیە لەسەرجەم نەخۆشییەکان، بێگومان هەر کەسێک لەوەرزش کردن بەدوور بێت ئەوا کەسێکی نائاسایی و هەمیشە سست ولاواز و بێ تاقەت دەردەکەوێت، بۆیە داواکارم هەموو ئەو ئافرەتانەی کەلەماڵەوە دانیشتوون و وەرزش ناکەن ، تەنها بیر لەچێشت لێنان دانیشتن دەکەنەوە،یا کەمێک بۆ بەرژەوەندی تەندروست کردنی جەستەکانیان بیر لەئەنجامدانی وەرزش بکەنەوە تابینە خاوەن لەشێکی ساغ و سەلامەت.

هەر لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەماندا بۆ وەرگرتنی زانیاری تر لەمبارەیەوە ئەمجارەیان لەنێو هۆڵە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی دڕێژەمان بەگفتوگۆیەکدا و سەرەتا لەلای خاتوو کالی ڕەوف دەرچووی کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی و ڕاهێنەری لەش رێکی ئافرەتان دەستمان پێکرد و ناوبراو بەمشێوەیە هاتەئاخافتن: نکۆڵی لەوە ناکرێ بەهەزوو ئارەزووی خۆم بواری راهێنەرایەتیم هەڵبژارد، ئەگەر چی کاری مامۆستایی دەکەم ، بەڵام ئەوەندەی ئارەزووم لەمەشق وڕاهێنان هەیە ئەوەندە ئارەزووم لەکاری مامۆستایەتی نییە ، بۆیە لەم کاتەدا بەپێی تەجروبە و ئەزموونی وەرزشییم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو کاری ڕاهێنەرایەتی لەنێو هۆڵی لەشجوانی (FITNSS) سەرکەوتووانە ئەنجام دەدەم ، ڕۆژانەیش چەندین کەس لەهەمو تەمەنەکان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش و ڕێکخستنی لەش وجەستەکانیان لەقەلەوی و جۆرەها نەخۆشی کەمرۆڤ بەهۆی وەرزش نەکردن تووشی دەبێت.

هەر لەشاری سلێمانی و لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەماندا خاتوو تریسکە قادر ڕەشید ڕاهێنەری لەشجوانی نێوهۆڵەکانی سلێمانی ئەو گوتی: خۆشبەختانە لەساڵی 2014دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی مەشق وڕاهێنان ئەوکات زۆر ئارەزووی مەشقدانەوەم هەبوو، بۆیە ماوەیە کاری ڕاهێنەرایەتی لەهۆڵەوەرزشییەکانی دەکەم و ڕۆژانەیش لەسەر هەموو تەمەنەکان ئافرەتان ڕوومان تێدەدن بۆ ئەنجامدانی وەرزش و وەرزشی لەش رێکی.

ئەو کچە ڕاهێنەرە هێمای بۆ تەوەرێکی گرینگ کرد لەبارەی ئەو کەسانەی کەبەنێ ڕاهێنەر مەشق وڕاهێنان دەکەن ئەو زیاتر بۆ ئەم مەبەستە گوتی: بێگومان ئەوانەی کەسەردانمان دەکەن پێشوەختە هەموو پرسیارێکی زانستی و تەندروستی ئاراستە دەکەین بەمەبەستی دڵنیابوون لەتەندروستی کەسی بەشداربوو، بەڵام زۆر لەئافرەتان هەن بەبێ پرس وبەبێ ئاگاداری بەتەنیا وەرزش دەکەن و ئەو کاتیش بەهۆی کەم ئەزموونیان تووشی چەندین گرفتی جۆراو جۆر دەبن لەڕووی تەندروستیەوە وکە ئازار بەجەستەکانیان دەدات، ئەو کاتە زۆر ئاسوودە دەبم بەشداربووانی نێو هۆڵەکە کاتێک هەست بەخۆشی وئارامی دەکات و تاموچێژ لەوەرزش کردنەکە وەردەگرن، بۆیە داواکارم لەهەموو ئافرەتان بەبێ پرس مەشق وڕاهینان لەسەر ئامێرەکان ئەنجام نەدەن تا لەرێگەی ڕاهێنەرانی نێو هۆڵەکان بەباشی و زانستی رێنموویی دەکرێن.

بەر لەیاریەکەی ئەمشەو ئامارێکی نەرێنی بەرگریکاری چێڵسی نیگەران دەکات

ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی ئامارێکی تازەی بڵاوکردەوە، کە بەرگریکاری یانەی چێڵسی دافید لویزی بەرازیلی دەخاتە هەڵوێستێکی خراپەوە، لەگەڵ زیادبوونی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن بەهۆی دابەزینی ئاستی لەم چەند یارییەی دواییدا. ئەم ئامارە دەڵێت: بەرگریکرای تەمەن 31ساڵ بەرپرسیارێتی 64%ئەو گۆڵانە لەئەستۆ دەگرێت کە لەم وەرزەی پریمەرلیگ لەیانەی چێڵسی تۆمارکراون. هاندەرانی چێڵسی هێرشێکی تۆندیان کردە سەر لویز دوای ئەوەی بووە هۆی تۆمارکردنی دووگۆڵ لە تیپەکەیان لەدوایین یاریان بەرامبەر تۆتنهام، لە شەممەی ڕابردوو، بەرگریکاری بەرازیلی لەسەر لاپەڕەی خۆی لە مالپەڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەڵێت: ئەی چی سەبارەت بە کۆکردنەوەی ئەو 28خاڵە کە لەسەرکەوتنەکانی ڕابردوو بەدەستمان هێناون، سەرکردەکان بەردەوام بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن، ئەمە کێشە نییە؟ ڕۆژنامەکە دەڵێت لویز هەڵەی لەمەزندەکەی کرد لەو تۆپەی کە گۆڵی نیوکاسڵ یونایتدی لێ تۆمارکرا، کە تیایدا چێڵسی بە 2-1گۆڵ سەرکەوتنی تۆمارکردن هەروەها لە تۆمارکردنی گۆڵی یانەی یانەی کاردیف سیتی لەلایەن سۆل پامپا لەشوێنێکی هەڵە وەستابوو. هەروەها دەڵێت: بەرپرسیارێتی ئەو دوو گۆڵەش کە لەلایەن مان یونایتد لەیانەی چێڵسی تۆمارکران، کە تیایدا بە 2گۆڵ یەکسان بوون، بەر لەوەی یانەی کریستاڵ پالاس و ئەندرۆس تاونسیند تۆڕی چێڵسی بهەژێنن. لەگەڵ دوو گۆڵەکەی تۆتنهام، بەمەش ڕێژەی ئەو گۆڵانەی لویز لێیان بەرپرسیارە 7گۆڵە.

یویفا چارەنووسی یاری ئارسناڵ و قۆرسکلاپۆڵتاقای یەکلایی کردەوە



یەکێتی تۆپی ئەوروپا (یویفا) چارەنووسی یاری ئارسنالی بەرامبەر یانەی میواندار قۆرسکلاپۆلتاقای لەمیانی گەڕی پێنجەمی قۆناغی گرووپەکانی خولی یۆرۆ لیگی یەکلا کردەوە، بەهۆی بار گرژی ڕەوشی نێوان ڕووسیاو ئۆکرایناو ڕاگەیاندنی باری نائاسیی لە ئۆکرانیا. ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی بڵاویکردەوە کە یەکێتی ئەوروپا دووپاتیکردەوە یاریەکەی ئەمشەو لەکات و وادەی خۆی بەڕێوەدەچێت، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو یانەو نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەڕەوە. یویفا لە بڵاوکراوەکەی دا دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو یاریە لەکاتی دیاریکراو بەڕێوە دەچێت، هەروەکو هەموو یاریەکانی دیکەی یویفا، هەموو پێداویستییە گرنگەکانی ئاسایش ئامادە دەکرێن، ڕووداوەکان لە ئۆکرانیا لەگۆڕاندن و چاودێری دوایین پێشهات و ئامۆژگارییەکان دەکەن کە پەیوەندیان بەگەشتی ئەو وڵاتەوە هەیە، پێویستە ڕەوشە سیاسییەکان لەبەرچاو بگیرێن و خۆ لە وروژاندنی هاندەرانی ڕکابەر بەدوور بگرن، هەروەها ئەو یاریە گرفتی دیکەشی هەیە، ئەویش باری کەش وهەوای ساردە، کە چاوەڕێ دەکرێت پلەی گەرما بۆ 12لەژێر سفر دابەزێت، جێگای وەبیرهێنانەوەیە نزیکەی 500هاندەر لەگەڵ یانەی ئارسنال گەشت بۆ ئۆکرانیا دەکەن بۆ هاندانی تیپەکەیان، ئارسنال گەیشتنی خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو بەکۆکردنەوەی 10خاڵ مسۆگەرکردووە، بەجیاوازی 3خاڵ لەگەڵ یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی خاوەن پلەی دووەم.

نەهز ڕوستایی

www.xebat.net
پێنج شەممە 2018/11/29 ژمارە (5643) خەبات



بۆشار

تواناکانی خۆی لەتۆپی پێ دەردەخات

کچە یاریزانی تێنسی سەرزەوی ئۆگین بۆشاری کەنەدی توانی بەشداری پالەوانێتی تۆپی پێی دەریای بکات، کە لەلایەن رۆژنامەی (سپۆرت ئۆستارتێد) ئەمریکی رێکخرابوو، لەسەر لێوارەکانی دەریای میامی لە هەرێمی فلۆریدا. تیپەکەی بۆشاری تەمەن 24سال توانیان پلەی دووەمی ئەم خولە بەدەست بێنن، کە تیایدا چەندین ناوداری جیهانی بەشداریان کردبوو، هەروەها خەلاتێکی بەنرخی ئەم خولەی پێدرا کە بەناوی ((MVP)بوو.

هەڵوێستی وێڵبەک لەدوای دوو نەشتەرگەری



هێرشبەری ئینگلیزی دانی وێڵبەک یاریزانی یانەی ئارسنال سوپاسی هاندەرانی تیپەکەی کرد لەو پشتگیرییەی دوای شکانی گۆزنگی لێبیان کرد، لەمیانی یاری رابردوویان بەرامبەر یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی، کە لەسەر یاریگای ئیمارات لەمیانی قۆناغی گرووپەکان بەرێوەچوو، وێڵبەک لەسەر لاپەڕەی خۆی لە (ئینستگرام) گوتی: گەڕانەوە بۆمآل، سوپاس و خۆشەویستم بۆ ئەو پاڵپشتییەی لێتان کردم، وەکو جاران و بەڵکو بەهێزترێش دەگەڕێمەوە، ئامادەکاری لەم ساتەوە دەست پێدەکات، پێکانەکەی وێڵبەک پێویستی بەدوو نەشتەرگەری هەبوو، لەمبارەیەوە یانەی ئارسنال بڵاوکراوەیەکی راگەیاند و دەڵێت: هەردوو نەشتەرگەری بەسەرکەوتوویی ئەنجامدران، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەو گرفتێکی بێتە پێش، دانی ئێستا لەقۆناغی چاکبوونەوە دایە، بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەست پێکردووە، بەڵام هێشتا زووە ماوەی دووركەوتنەوەی لەیاریگا رابگەیەندرێت. وێڵبەک لەم وەرزە لەماوەی 14یاریدا 5گۆڵی تۆمارکردووە، بەر لەچەند رۆژێکیش بۆ لیستی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بۆ هەردوو یاری داهاتوویی بەرامبەر ئەمریکاو کرواتیا بانگهێشت کرابوو.

ناوبژیوانی یاری دێربی باکووری لەندەن لەهەفتەی داهاتوو ئاشکرا کرا



یەکگرتووی تۆپی پێی ئینگلیزی رایگەیاند کە ناوبژیوان مایک دین بەفەرمی بۆ یاری لوتکەی گەڕی 14ی خولی پریمەرلیگ و دێربی باکووری لەندەن لەنێوان یانەی تۆتنهام و ئارسنآل دیاریکراوە، کەلەمیانی خولی ئینگلیزی بەڕێوەدەچێت. هەردوو یانە لەگەڕەکانی رابردوو ئاستێکی بەرزیان نیشانداوە، کە تیادیا پیاوانی راهێنەری ئەرژەنتینی ماریسیۆ بۆچیتینیۆ توانیان لەیانەی چێلسی ببەنەوە، هەروەها تۆپچییەکان سەرکەوتنێکی تازەیان بەرابەرایەتی ئۆنای ئیمری تۆمارکرد و توانیان ململانێکانی شەش پێگەی پێشەوەی ریزبەندی خولی ئینگلیزی گەرمتر بکەن، لەهەمان کاتدا یانەی ئارسنآل دەیەوێت ئەمشەو لەخولی یۆرۆ لیگ ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست بێنێت بەر لەوەی لە یەک شەممەی داهاتوو رووبەڕووی یانەی تۆتنهام بێتەوە.

ئامارێکی نایاب بۆ گاتۆزۆ لەگەڵ میلان لەماوەی یەک ساڵدا



گاتۆزۆ بەڕێوەبەری هونەری یانەی میلان سالێکی لەسەرووی دەستەی هونەری رۆسۆنێری تەواو کرد، دوای ئەوەی سالێک لەمەوبەر لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا ئەرکی مەشقی یانەی میلانی وەرگرت. تۆری (ئۆپتا)ی ئامار بڵاویکردەوە کە گاتۆزۆ لەماوەی ئەرکیدا لەگەڵ یانەی ئیتالی 66خالی لەخولی ئیتالیا کۆکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا یانەی یۆڤنتۆس 98خاڵ و ناپۆلیش 82خاڵ، کە تەنها ئەم دوو یانەیە لەپێش یانەی میلان بوونە لەماوەی ئەرکی گاتۆزۆدا، کە بەمشێوەیە لەپلەی سێیەمی خولی کالیچیۆ دێت لەسەر ئاستی کۆکردنەوەی خاڵ. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئێستا میلان لە پلەی پێنجەمی ریزبەندی خولی ئیتالیا دایە، بەکۆکردنەوەی 22خاڵ و بەجیاوازی یەک خاڵ لەچوارگۆشەی زێرین.


کۆستا ئەتلەتیکۆ دەخاتە کێشەوە

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لەدوای تەواوکردنی ئامادەکارییان بۆ یاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر مۆناکۆی فەرەنسی لەقۆناغی گرووپەکان. هەریەک لە دییگۆ گۆدین و خۆسێ خیمینێز و خوانفرن لەگەڵ دییگۆ کۆستا بەشداریان نەکرد، لەمبارەیوە رۆژنامەی مارکا دەڵێت: یانەی مەدریدی لەماوەی داهاتوو لەخزمەتەکانی یاریزانی نێودەوڵەتی ئیسپانی بێبەش دەبێت، بەهۆی ئەوەی پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئازاری پەنجەی پێی. رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکرد کە کۆستای تەمەن 30ساڵ بەم هۆیەوە تا کۆتایی ساڵ دادەبڕێت، ئەگەر بێت و نەشتەرگەری بۆ بکرێت، کۆستا توانی تاکە گۆڵی تیپەکەی بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لەلوتکەی گەڕی 13ی خولی ئیسپانیا تۆمار بکات، کە بەگۆڵێک بۆ هەردوولا کۆتایی هات.



ئۆزیل لەرکابەرییەکانی خولی یۆرۆ لیگ دادەبڕێت

راپۆرتە هەواڵەکانی جیهانی ئاشکرایان کرد کە بەڕێوەبەری هونەری یانەی ئارسنالی ئینگلیزی راهێنەری ئیسپانی ئۆنای ئیمری بڕیاری پشوودانی بە مەسعود ئۆزیل داوە لەخولی یۆرۆ لیگ، دوای ئەوەی ئاستی لەم چەند یارییە رابردوودا روو لەدابەزین بوو. لەمبارەیەوە رۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی دەڵێت: بەڕێوەبەری هونەری ئیسپانی ناوبراو نەخشەی ئەوەی کێشاوە مەسعود ئۆزیل بەدانیشتنی لەسەر کورسی یەدەگ دارکاری بکات، لەچەند یاری داهاتوویاندا، چونکە ئەو مەزندەی ئەوە دەکات ئۆزیل پێویستی زیاتری بە مەشق و توانای جەستەیی و خۆماندووکردنی زیاتر هەیە، ئیمری زۆر نیگەرن بوو لە ئاستی ناوبراو دوای یەکسانبوونیان لەگەڵ یانەی کریستال پالاس، ئێستاش بەجدی بیر لە یارییەکانی خولی یۆرۆ لیگ دەکاتەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 29. Nov. 2018 No: (5643)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هەولێر باڵندەکانی گیرفانی تاقگە لەئامێز دەگرێت

خەبات: حەمە ئەحمەدجاف

لە چوار چێوەی کار و چالاکیە ئەدەبی و ڕۆشنبیریە بەردەوامەکانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد ، کاتژمێر(٤) ی سەرلە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمە بەرواری 2018/11/29 لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لە هەولێری پایتەخت، (خاتوو ناهید حوسەینی) شاعیر، لە ئێوارە کۆڕێکدا بە ناونیشانی (باڵندەکانی گیرفانی تاقگە) باس لە ئەزموونی شیعریی خۆی دەکات کە تیایدا، جوانی ئیستاتیکای شیعریی لە (ئەزموونی شیعرەکانیدا) شرۆڤە دەکا و هونەری جوانی فریشتەی شیعر لە (باڵندەکانی گیرفانی تاقگە) دا بە هەوادارانی شیعر ئاشنا دەکا و باڵندە شیعرییەکانی خۆی لەباخی گوڵزاری شیعری کوردیدا ئازاد دەکات.

کرمانج مستەفا مامۆ بێدەنگەکەی دەگوازێتەوە بۆ سەقز



خەبات- سەید فەخرەدین

وا بڕیارە پانزدەمین فستیڤاڵی شانۆی کوردی لە 28ی تشرینی دووەم بە بەشداری شانۆکارانی باشوور لە سەقز ساز بکرێت و ماوەی ٤ ڕۆژیش بەردەوام بێت. شانۆگەریی (مالێک لە بێدەنگی)، کە لە نواندن و دەرهێنانی (کرمانج مستەفا ڕەئوف) و (لەیلا مەجیدی)یە، بەشداربێت لەو فستیڤاڵە هونەرییەدا.شانۆگەریی (مالێک لە بێدەنگی) باس لە چیرۆکی فۆتۆگرافەرێک دەکات، کە بەهۆی ڕوومالێ و بە دیکۆمێنت کردنی گرتەکانی بەرەکانی جەنگ، ماوەیەکی دوور و درێژ لە خێزانەکەی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ تووڕەکردنی هاوژینەکەی، کە بەبێدەنگی لە سووچێکدا بە تەنیایی ژیان بەڕێدەکات و تەنیایش تەنگی پێهەڵدەچنێ، تەنانەت دەگات بەو ئاستەی کە وەک کەڕ و لاڵێک لە نێو چوار دیواری ماڵەکەی دا مان بگرێت.(کرمانج مستەفا)ی دەرهێنەر لەو بارەیەوە دەڵێت: جەنگ بەها کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوسەرگیریی هەڵدەوەشێنێتەوە، تاکی نێو ئەو کۆمەڵگەیەش لە ژیان بێ هیوا دەکات، بۆیە دەکرێت ئەگەر لە نێو جەرگەی شەڕیشدا بین، هەستە مرۆییەکان لەدەست نەدەین، چونکە ناکرێت بە پاساوی شەڕ، ئێمە خۆشەویستی لە دەست بدەین.

گەرمیان چۆن لەبەرخودان بوێربوون لە هونەریش داهێنەرن

دیداری هونەریی گەرمیان بەڕێوەچوو



ئا- دکتۆر کەیفی ئەحمەد

لە درێژەی هەوڵ خەبات و داهێنانەکانیان لەرووی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریەوە سازدانی فستیڤاڵ و کۆنفرانس و دیدارە ئەدەبیی و هونەریی و زانستییەکانیانە، سازدانی (دیداری هونەریی گەرمیان)ە ، کە لە 24/11/2018 -22 ئەنجامدرا. ئەو دیدارە وەکو هەنگاوێکی تازە بۆ کۆکردنەوەی تواناکان و تێکەڵکردنی کلتوور و ڕاوبۆچوونە جیاجیاکان لەمەڕ مەسەلە ئەدەبی هونەرییەکان ئامادەکراوە. بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەت بە هونەرەکانی شانۆ و سینەما لە وڵات و دەڤارەکە بکەن، دیدارەکە بە چاوەڕێری ئیدارەی گەرمیان و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان سازدرابوو . دوای ئەوەی لەلایەن چەندین هونەرمەند و کەسایەتیی نێوچەکە ئامادەکاری بۆ ئەو دیدارە دەکرێت، پاشان لێژنەییکی هونەریی تایبەت بۆ سەرپەرشتی دیدارەکە پێکدێنن، دوای ئامادەکارییەکان چالاکییەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا بەمشێوەیە بەڕێوە چوون.

ڕۆژی یەکەم 22/11/2018: سەعات (2)ی پاشنیوەڕۆ کردنەوەو دەسپێکردنی دیدارەکە بەچەندین وتاری وەزارەت و دام و دەزگا ئیداریی و هونەریی کوردستان و نێوچەکە، پاشان ڕێزلێنان لە خانەوادەی هونەرمەندی ناوداری کۆچکردووی گەرمیان (سەلاح داودە)، هەروەها لەلایەن کۆڕی کۆچکرد چەند بەرهەمێکی باوکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا، پاشان لەلایەن تیپی شانۆی (مرۆڤە ئالتونییەکانی ژێر لم- کەلار) شانۆیی (مرۆڤە ئالتونییەکان) پێشکەش کرا، نواندنی (پشکۆ محەمەد و ڕۆشنا احمد). دوای ئەوە تیپی میوزیکی ئایین، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەشکرد. بڕگەیەکی دیکە بریتیبوو لە نمایشکردنی دوو کورتە فیلم، فیلمی (داده سەڵتەنە)، دەرهێنانی (هادی احمدی) بەرهەمی ئێران. فیلمی (کۆشکی مێروولەکان)، دەرهێنانی (تۆفیق ئامانی) بەرهەمی گەرمیان. هەر لە هەمان ڕۆژدا لە کاتژمێر (8) شەو، بەشی دیبەیت بابەتەکانی خۆی پێشکەشکردن، کە پێکهاتبوون لە (دەرهێنان و نواندنی سینۆگرافی) لەلایەن (د.هەیسەم عەبدلرەزاق)، (سینەما و جینۆساید) لەلایەن (د.دلشاد مستەفا) (درامای عێراقی) لەلایەن (د.سوهاسالم) پێشکەشکران.

ڕۆژی دووەم 23/11/2018: لە کاتژمێر (9)ی بەیانی چالاکییەکانی بەشی سینەما خرانەروو، کە بریتیبوون لە: فیلمی(مایکرۆفۆن) دەرهێنانی (کەریمۆک)- سلێمانی. فیلمی(هەنگاوە نادیارەکان) دەرهێنانی (حەمە تاریق)- سلێمانی. فیلمی(باشترین خەڵات) دەرهێنانی (واحیدی کفری) -گەرمیان. فیلمی(من سامیم) دەرهێنانی (کەی بەهار)- بەریتانیا. فیلمی(هاوژین) دەرهێنانی (سۆران سۆرانی) - سوید. فیلمی(بازنەی ڕەش و سپی) دەرهێنانی (فەرزین کەریم) -هەولێر. فیلمی(پەلک) دەرهێنانی (هند جەواد)- بغداد. فیلمی(پەرتبوون) دەرهێنانی (هەڵگورد سالح) - سلێمانی. فیلمی(دێرە نەخوێندراوەکان) دەرهێنانی (سروشت عەبەڕەش)- سلێمانی.

کاتژمێر ((2ی پاشنیوەڕۆ: چالاکییەکانی شانۆی شەقام بەو شێوەیە پێشکەشکران: کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کەلار، شانۆیی (پلنگێکی کارتۆنی) پێشکەشکرد، نووسینی (زەکەریا پامر)، دەرهێنانی (محەمەد حەسەن)، نواندنی (محەمەد حەسەن، عەبدوسەلام فەیسەڵ، بەختیار کاکە). گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام- کۆیە، شانۆیی (ڕۆژنامەنووس)ی لە بیرۆکە و دەرهێنانی (هونەر تاهیر)، نواندنی (فەرەیدون حەمەدەمین، د.کەیفی ئەحمەد) پێشکەشکرد. تیپی شانۆ چەمچەماڵ، شانۆیی (تۆڕدانی چرا تاریکەکان) لە نووسینی (لەتیف فاتح فەرەج) دەرهێنانی (هەڵۆیست نەریمان)، نواندنی (فاخر عیزەدین، ئاوات جەلال، سیامەند حەسەن)، دیکۆر (مەریوان تاهیر، بابان محەمەد). پاشان پەیامنگای هونەرەجوانەکانی کفری شانۆیی (کچە ئازاکە)یان پێشکەشکرد، نووسین و دەرهێنانی (محەمەد تەنیا)، نواندنی (مژدە جەوهەر، سەرکەوت ئەکرەم). تیپی شانۆی دەربەندیخان ، شانۆیی (قاژێ کتێب)ی پێشکەشکرد، دەرهێنانی(شەماڵ سەید ئەحمەد)، نواندنی (سالح ژاڵەناوی، عومەر حەسەن، فەرەیدون عەلی، شەماڵ ئەحمەد)، یاریدەدەری دەرهێنەر (ئارام سالح). لە درێژەی چالاکییەکانی ڕۆژی دووەمدا، کاتژمێر (8) شەو ، لەهۆڵی وەرزش و لاوانی کەلار گفتوگۆی کراوە لەسەر بابەتی شانۆیی و سینەما بەڕێوەچوو، (نواندن و کلینیکی شانۆیی) لەلایەن (د.جەبار خەمات) و (فیلمی کوردیی دەسپێکێک بەرەو کوێ) لەلایەن (ناسر حەسەن) و (نواندن لە شانۆی شەقام) لەلایەن (حەمەسوار عزیز) پێشکەشکرا. ڕۆژی سێیەم 24/11/2018: کاتژمێر (9)ی بەیانی، لەهۆڵی هونەر گفتوگۆی کراوە سازدرا، کە ئەم بابەتانە خرانە ڕوو. (وزەی هزری بۆ جەستەی ئەکتەر لە نمایشەکانی شانۆی شەقامدا) لەلایەن (د.سافرە ناجی) و (هونەری درامای تێرامانێک لە درامای کوردی) لەلایەن (یاسین قادر بەرزنجی) پێشکەشکرا. هەروەها لە کاتژمێر (11)ی بەیانی نمایشی فیلم بەڕێوەچوو، کە ئەم فیلمانە نمایشکران. فیلمی (شارت) دەرهێنانی (فەرزاد حەسەن) بەرهەمی ئێران، فیلمی (هاوینی قوڵینگان) دەرهێنانی (مریەم سەمەدی) بەرهەمی ئێران. فیلمی (جێژوان) دەرهێنانی (حەیدەر ئەحمەد) بەرهەمی کەرکوک. فیلمی (قەدەر. تاوان. درۆ) دەرهێنانی (بەڵێن زەنگەنە) بەرهەمی کەرکوک. فیلمی (بۆینباخە خەتخەتەکە) دەرهێنانی (ئالیا گەینۆ) بەرهەمی ڕوسیا.

چالاکییەکانی دوای نیوەڕۆ گوازرانەوە بۆ شاری کفری، هەر لەمیانەی چالاکییەکانی دیداری هونەریی گەرمیان هەندێ نمایشی شانۆیی لە شاری کفری پێشکەشکران، کە بریتیبوون لە: گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام ژ کۆیە، شانۆیی (عەریزەنووس) بەرۆکە و دەرهێنانی (هونەر تاهیر) نواندنی (فەرەیدون حەمەدەمین، د.کەیفی ئەحمەد). هەروەها شانۆیی (تۆڕدانی چرا تاریکەکان) بەرهەمی شاری چەمچەماڵ لە نووسینی (لەتیف فاتح فەرج) دەرهێنانی (هەڵۆیست نەریمان) نواندنی (فاخر عیزەدین، ئاوات جەلال، سیامەند حەسەن) لە نێو بازار و گۆڕەپان سەرای کفری پێشکەشکران. هەروەها لە کاتژمێر (7)ی شەو ڕێورەسمی کۆتایی دیدارە هونەرییەکە بەڕێوەچوو، کە سەرەتا وتاری لێژنەی ئامادەکار و پاشان ئاهەنگی موزیک و گۆرانی پێشکەشکرا، دوای ئەوە خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر گشت تیپ و کەسە بەشدارەکان و چەند کەسایەتییەک دابەشکرا و کۆتاییی بە دیداری یەکەمی هونەریی گەرمیان هات. هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ئەم دیدارە و گشت هونەرمەندانی گەرمیان دەخوازین و دەستخۆشی و پیرۆزبایی خۆمانیان بەبۆنەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی دیدارە هونەرییەکەیان لێ دەکەین.

ساتی سەختی شوانەکان لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا



ئاژەڵداران لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری کوردستان کە لە وەرزی هاویندا ڕوو لە کوێستانەکان دەکەن، بە هۆی ساردبوونی کەشوهەوای ناوچەکە و بارینی بەفر کوێستانەکان بەرەو گوندەکانیان جێدەهێڵن. شوانەکان کە لە وەرزی بەهاردا و لەگەڵ گەرمبوونی کەشوهەوا و سەوزبوونی گیا مەڕومااڵتەکانیان بەرەو کوێستانەکان بردووە، لەئێستادا لەگەڵ ساردبوونی کەشوهەوا لە کوێستانەکان هاتنەخوارەوە و لەگەڵ مەڕومااڵتەکانیاندا ڕێگەی گوندەکانیان گرتووەتەبەر. بێ گوێدانە ساردی کەشوهەوای وەرزی پاییز کە ناوبەناو پلەکانی گەرما زۆر دادەبەزێت، شوانەکان چەندین ڕۆژ بەپێ ڕێدەکەن و هەوڵی گەیشتن بە گوندەکانیان دەدەن و دێهنی ئەو ڕێکردن لەگەڵ مەڕومااڵتەکانیاندا دێمەنێکی جوانی دروستکردووە.

بەم ئەپڵیکەیشنەدا هۆکاری گریانی منداڵەکەت بزانە



ئەپڵیکەیشنێکی نوێ گرفتەکانی دایکان و باوکانی تۆشبوو بەگرفتی بیستنی ناهێڵێت کاتێ نازانن منداڵەکەیان بۆچی دەگری، ئەمەش بە Chatter Baby ناسراوە و بەخۆڕایی بەردەستە بۆ مۆبایلەکانی ئەندرۆید و iOS و تایبەتە بەدایکان تا بزانن لەچینی دەنگی گریانی منداڵەکەوە بزانن بۆچی دەگری. ئەمەش تیمێکی پەیمانگەی UCLA Semel Institutepەڕەی پێداوە و ماوەی ٥ ساڵ بەردەوام کاری لەسەر کراوە و داتابەیسێکی هەیە دەنگی گریانی دووهەزار منداڵی لەخۆگرتووە، ٩٠٪ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.